PDF4Kurd

لێکۆڵینەوە

# چەمك و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا

## سەباح ئیسماعیل

کەرکووک ٢٠٠٥



ناوی کتێب: چەمك و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا
بابەت: لێکۆڵینەوە
دانانی: سەباح ئیسماعیل
لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد ( )
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: ئەنجام بابان
پیت لێدان: زەینەب جوبرائیل — ئەنجام
سەرپەرشتی چاپ: حەمە سەعید زەنگنە
چاپخانە: ئەرابخا - کەرکووك
چاپی یەکەم: کەرکووك - ٢٠٠٥

**پێشکەشە بە:**

- رۆحی من "زانا".





PDF4Kurd

PDF4Kurd

# لەبری پێشەکی:

پێویسترین دەقێك تینوێتی ئەدەبەکەمان بشکێنێ و رۆحی بەبەردا بکات و گوڕوتینی بە بەردا بخات، رەخنەو لێکۆڵینەوەیە. لە غیابی رەخنەو لێکۆڵینەوە بۆشایی و کەلێنی گەورە بە جەستەی ئەدەبی کوردییەوە دیارە. مخابن پسپۆڕانی رەخنەو لێکۆڵینەوە نووس، لای خۆمان، لە پەنجەکانی دەستێك تێناپەڕن. کە ئەوانیش هەندێ جار مەیدانەکە بەجێ دێڵن و روو لە بابەتی دی دەکەن. هەر لەبەر بزری رەخنەو لێکۆڵینەوەشە، مەیدانەکە سستی پێوە دیارە و چەندین چیرۆك و شیعرو شانۆنامەو رۆمانی نایاب و دەقی زیندوو دەنووسرێن، ئنجاش بێ دەنگی و لەسەر نەنووسین زیندە بەچاڵیان دەکاو لەبیر دەکرێن. بێگومان هۆی سەرەکیی کەمی پسپۆڕ لەم بوارەدا، دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی گرنگ، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو بوارانە پێویست بەژێرخانێکی بەرینی مەعریفی دەکەن،ئەمەش هێند بە ئاسانی نایەتە دەست، چونکە رەخنەنووس یا لێکۆڵیار بێ ژێرخانی مەعریفی، غەدرێکی گەورە لەخۆی دەکاو، دەقەکەش بەلاڕێدا دەبات.

من لەم کتێبەدا، کە (کۆمەڵێ نووسینی پرش و بڵاون، لەملاو لەولا بڵاوم کردوونەتەوە)، هەوڵم داوە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ چەند دەقێك بکەم، کە کاریان لێ کردووم و جوانکاریم تێیاندا بینیوەتەوە، جگە لەوەی تا ئێستا لەسەریان نەنووسراون. ئەمەش بەپشت بەستن بە چەمك و زاراوەگەلی نوێی رەخنەیی. دەکرێ دەقەکانی ئەم کتێبە پۆلێن بکرێن بەدوو بەشەوە:

یەکەم: لێکۆڵینەوەی تیۆری.

دووەم: لێکۆڵینەوەی تەتبیقی.



ئەمیش لە لێکۆڵینەوە لەسەر چیرۆکەکانی (جەلیل کاکەوەیس و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و سەلاح عومەر و محەمەد سەعید زەنگنەو شیرین.ك)دا پیادەکراوە. لەگەڵ بابەتێك لەسەر قەیرە کچیی لە چیرۆکی کوردیدا و خوێندنەوەیەك بۆ هۆنراوەی (تەبایی و ململانێی نێوان هاووڵاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت).

بێگومان هیچ خوێندنەوەیەك دوا خوێندنەوە نییەو هەموو دەقێك هەڵدەگرێ چەندین خوێندنەوەی بۆ بکرێت...

**سەباح ئیسماعیل — کەرکوك**

**٢٠٠٥/١٠/١٥**

# چەمکی شوێن و جوانکارییەکانی لای
## یاسین النصیر

کاتێك کتێبی (جوانکارییەکانی شوێن)ی گاستۆن باشلار وەرگێڕرایە سەر زمانی عەرەبی، ئیدی ئەم کتێبە بەپێزە کلیلێك بوو و دەروازەی داخراوی ئەو بابەتەی خستە سەر گازی پشت و کیشوەری بابەتی شوێنی دۆزییەوە و (هەڵسەنگێنرا بەوەی کە شۆڕشێکی کۆپەرنیکی لە بواری ستاتیکادا هەڵگیرساندووە)[1].

تا ئەوکاتە تەنیا شوێنی تاك ڕەهەند ئامادەیی هەبوو و لە شوێنی جوگرافی خاڵی کرا و لە مانا فەلسەفییەکەی تێپەڕی نەکردبوو و هەمیشە چەمکی سیاسی شوێن زاڵ بوو بەسەر چەمکی شیعریی شوێندا، کە دەکاتە زاڵبوونی جوگرافیای سیاسی شوێن بەسەر جوگرافیای شیعریی شوێندا. مەبەست لە باس کردنی شوێن مامەڵەکردنێکی فەلسەفییانە و ئیستاتیکییانەیە لەگەڵ شوێندا، ئەو شوێنەی، کە چەمکی نەبینراو و دیوی دووەمی هەیە، وەکو ئەوەی کاتێ (کە دەرگایەك دەخەینە سەر پشت یا سەر لە پەنجەرەیەکەوە دەردێنین، ئەوا ولاتێك دەبینین، یا پەڵە زەوییەك کە ململانێکانی لەخۆ گرتووە، یاخود گوندێك شینایی لێ دەڕوێ و پیت و فەڕی دەبێت)[2].

یەکێ لەو نووسەرە پڕ بەرهەمە عەرەبانەی، کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێن تەرخان کرد و بۆچوونێکی زانستی و دیالێکتیکی دا بەشوێن، (یاسین النصیر)[*]ی گەورە ڕەخنەگری عیراقییە، کە تا ئێستا ئەم کتێبانەی لەسەر شوێن نووسیون:



١- الرواية والمكان، ج١، سلسلة الموسوعة الصغيرة (٥٧)، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٦.

٢- دلالة المكان في قصص الأطفال، دار ثقافة الأطفال، بغداد ١٩٨٥.[**]

٣- الرواية والمكان، ج٢، سلسلة الموسوعة الصغيرة (١٩٥)، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٦.

٤- أشكالية المكان في النص الأدبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٦.

٥- جماليات المكان في شعر السياب – دار المدى – دمشق ١٩٩٥.

شوێن لای (یاسین النصیر)ی پسپۆر لە بواری ڕۆڵ و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا، دەکرێت بەسێ بەشەوە:

١- شوێنی گریمانکراو (المكان المفترض).

ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

أ- شوێنی یۆتۆپیی گریمانکراو.

ب- شوێنی کۆمەڵایەتیی گریمانکراو.

شوێنی گریمانکراو ڕۆڵەی خەیاڵی ڕووتە، دەکرێ هەندێك لە تایبەتمەندییەکان لە واقیعەوە وەرگرێت، بەڵام بەدیاریکراوی نا. بۆیە گەر بکرێت پاش سەد ساڵی دی ئەو چیرۆکە یا ڕۆمانەی زەمینەیان لەسەر ئەم جۆرە شوێنە بنیات نراوە، بخوێنیتەوە، ناتوانیت بیناسیتەوە و بزانیت سەر بەکام ڕۆژگارە. واتە مێژووی گشتیی ونەو کاتیش بزر، جگە لەوەی شوێنی ناسراویش تێیدا بزرە. چونکە باس لە شوێنی گشتی دەکات، ئەمەش نەك بۆ مەبەستێکی فکری، بەڵکو لەبەر ناتەواوی لە بینا هونەرییەکەی. نووسەران لە ڕێگای گریمان

کردنەوە کاتێك دەیانەوێ جیهان بگۆڕن، ئەوەیان لەبیر دەچێت، کە شوێنێك بۆ ئەم خەباتە ڕەمەکییەیان دەستنیشان بکەن، یا بەشداربن لە گۆڕینی واقعی خۆیان. یاخود کاتێك کە بیانەوێ پاڵەوانەکەیان لە ئاسمانی خەیاڵ و سیحردا بفڕێنن، ئەوە لەبیر دەکەن، کە ڕۆڵەی زەوی و سەدەی نوێن و، دەبێ لەسەر زەوی واقع بنیشنەوە.

بۆیە شوێنی گریمانە بە بەردەوامی تووشی فڕین و یۆتۆپیا و خۆش باوەڕیت دەکات. لە ئەدەبی جیهانیشدا هەر لە زووەوە پەنا بۆ ئەم شوێنە گریمانکراوە براوە، وەکو: کۆمارەکەی ئەفلاتۆن و (سیاسەت)ی ئەرستۆ و (یۆتۆپیا)[***]ی تۆماس مۆر (١٤٧٧-١٥٣٥) و (شاری خودا)ی ئۆگستینۆس و (المدینة الفاضلة)ی فارابی (٨٧٠-٩٥٠ز) و ڕۆمانی (لیس ثمة أمل لکلکامش)ی محمد عبدالمجید و ڕۆمانی (المخلوقات)ی فاضل العزاوي.

٢- شوێنی بابەتی (المکان الموضوعي):

تایبەتمەندی ئەم جۆرەیان لەوەدا خۆ دەبینێتەوە، کە پێکهێنەرەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەهێنجێنێت. بارودۆخە گشتییەکە دەیسەپێنێ بەسەریا تا شوێنێکی داخراو بێت. وەکو: بەندیخانە، دوورخراوگە، ئاسایشگە، شێتخانە، بەرەکانی جەنگ.

لەگەڵ ئەوەی، کە شوێنێکی داخراوە، بەڵام کراوەیە و بۆ هزر و ڕامان لەسەر پشتە، ئەگەرچی لای نووسەری بێ دیدگا و بیرتەسەك تەنگتر دەبێتەوە. شوێنی بابەتیی بە شوێنێکی کاتی دادەنرێت، چونکە بەتێپەڕبوونی کات و فراوانبوونی هزر و گۆڕانی بارودۆخەکە، دەکرێ لێی ڕزگار بیت و سەربەخۆ بیت.



لە هونەردا جیاوازی لە نێوان شوێنی کراوە و شوێنی داخراودا بەرچاو ناکەوێ. بەڵام لای هونەرمەند ڕەنگە شوێنی داخراو بەهای هونەری و ستاتیکی زیاتر بێت، هەرچەندە ڕووبەرێکی دیاری کراویشی هەبێت. نووسەران لەم ڕێگایەوە دەیانەوێ شتە تایبەتییەکان تێکەڵ بەشتە گشتییەکان بکەن، ژیانی پاڵەوان لە ژوورە تەنگ و تاریکەکان لەلایەکەوە، لەلایەکی دیشەوە چۆنێتی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی لە قۆناغێکی مێژوویدا. هەروەها تێکەڵ باری دەروونی تاك لەگەڵ باری دەروونی کۆمەڵانی خەڵك بەگشتی. ئەم دوو تێکەڵییە جووڵەی کردار لە چیرۆك و ڕۆماندا دەردەخەن. زۆربەی ئەو نووسەرانەی کێڵگەی ئەم شوێنە دەکێڵن، بابەتەکانیان زیاتر بەلای لایەنە ڕامیارییەکەدا لار دەبنەوە. دەرگا دەلاقەیەکی گەورەیە بەڕووی جیهاندا، بەڵام دەلاقەیەکە بوونی قورسە، سڵی لێ دەکرێتەوە، جیرەی ترس دەخاتە دڵەوە، کردنەوە و داخستنی حسێبی خولەکی بۆ دەکرێت، وەکو ئەوەی دەروازەیەك بێت بۆچوونە ناو جیهانی دەرەوە، نەك بۆ جیهانی ناوەوە، کەسانی وەستاو لەبەر دەرگاکە وەکو ئەوەی بیانەوێ بەرەو نادیارێك بچنە ژوور، بەرەو تاریکی، کەم قسەکردن، هاوار و ناڵە ناڵ، دۆزەخی تەنیایی، مردن...

لە هەندێك لە چیرۆك و ڕۆمانەکاندا شوێن ون دەبێ و تێکەڵ بە هزر دەبێت، نموونەی بەکارهێنراو و بەرجەستەکراوی ئەم جۆرە شوێنە:

(دایك)ی گۆرکی و (رجل الأسوار)ی عبدالاله عبدالرزاق و (القلعة الخامسة)ی فاضل العزاوي و (المسافة)ی یوسف الصائغ و (المستنقعات الضوئیة)ی اسماعیل فهد اسماعیل و (العین ذات الجفن المعدنیة)ی شریف حتاتة ( و (شرق المتوسط)ی عبدالرحمن منیف.



PDF4Kurd

٣- شوێنی تاك ڕەهەند (المكان ذو البعد الواحد):

شوێنێکی گشتییە، لە کاری هونەریدا ناسنامەی تایبەت بەخۆی، ناسنامەی چینایەتی یا کۆمەڵایەتی بەدەست نەهێناوە. واتا ڕەهەندێکی پلاستیکی دیاری کراوە.

ماڵ گشتییە، شەقام گشتییە، نووسەر بەو مەبەستە ئاوڕی لیّ ناداتەوە، کە بەشێکە لە بینای کارە هونەرییەکەی، بەڵکو هزر و کەسەکانی تیّ دەئاخنیّ، بیّ ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت. واتە شوێنێکە دوو ڕەهەند لەخۆ ناگرێت، ئیدی لەسەر زەمین بێت یا لە خەیاڵدا. ئەو شوێنەیە، کە چیرۆکنووس بایەخی تەواوی پیّ نەداوە و وەکو ڕووپۆشی دەرەوەی ڕووداوەکان بەکاری هێناوە و تەنیا یەك بەهاش بەدەستەوە دەدات، ئیدی ئەو بەهایە هەرچەندێك بێت!.

شوێنی تاك ڕەهەند بەدژی شوێنی گریمانە دادەنرێت و دەکرێت بڵێین بەرەو پێشچوونێکی سەرەتایی هۆشە بۆ شوێن.

بەلامانەوە زەحمەتە، کە شوێن دیاری بکەین، ئەگەر وەکو مادەیەکی تاك ڕەهەند لەسەری دواین، چونکە ئەوی ناسراوە شوێن سیّ ڕەهەندی (دووری) لەخۆگرتووە، (درێژی، پانی، بەرزی)، پاشان بیردۆزی نسبی ڕەهەندی چوارەمی بۆ دانا، کە ئەویش ڕەهەندی (کات)ە. بەڵام کاتێك، کە ئەدەب بەپێوەری نسبی دەپێوریّ، پێویستە، شوێن، یا کەسێتی، یا ڕووداو، یەك ڕەهەند بێت، یا دووان، یا چەند ڕەهەندێك.

لە ڕۆماندا شوێنێکی ئاسایی جگە لەوەی کە، ماڵێکە، یا شەقامێکە، یا چایخانەیەکە، ئەم جۆرە شوێنە بە تاك ڕەهەند ناودەبرێت. ئەو شوێنەیە، کە لەژێر سایەیدا ڕووداوەکانی ڕوودەدەن و کردار ناچێتە ناو وردەکارییەکانەوە، تا



دووری و ئاستەکانی دەوڵەمەند بکات.

دەشیّ لە ڕۆمانێکی دیدا زۆر بەجوانی و وردەکاری وەسف کرابێت. بەڵام تایبەت بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە نییە. زۆرێك لە چیرۆك و ڕۆمانە کوردییەکان شوێنی تاك ڕەهەند لەخۆ دەگرن. نموونەی بەکارهێنراوی شوێنی تاك ڕەهەند لە ڕۆمانی عەرەبیدا: (الكرنك) و (حب تحت المطر)ی نجيب محفوظ و (الأنهار)ی عبدالرحمن الربيعي و (الضفاف الأخرى)ی اسماعيل فهد اسماعيل و (الأغتيال والغضب)ی موفق خضر و(السابقون واللاحقون)ی سميرة المانع.

٢٠٠٣ - عظيم

**پەراوێزەکان:**

(١) غالب هلسا، مقدمة كتاب (جماليات المكان) لجاستون باشلار، كتاب الأقـلام، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص٦.

(٢) ياسـين النـصير، الروايـة والمكـان، ج١، الموسـوعة الـصغيرة، دار الحريـة للطباعـة، بغداد ١٩٨٠، ص٩.

(*) ياسين النصير، له ساڵی ١٩٤١ له (قورنه) هاتۆته دنیاوه، هـەر لـەوێ خوێنـدنی ناوەنـدی و پاشـان خانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی لـە ١٩٥٨دا لـە بەسـرە، تـەواو کردووە. جگە لەو کتێبانەی تایبەت بەشوێنن، ئەم کتێبانەشی بەچاپ گەیاندوون:

١- قصص عراقية معاصرة، بە هاوکاری فاضل ثامر، ١٩٧١.

٢- القاص والواقع (دراسات نقدية في القصة والرواية)، ١٩٧٥.

٣- وجهاً لوجه (مقالات في المسرح العراقي)، ١٩٧٦.

٤- بقعة ضوء.. بقعة ظل (دراسات في المسرح)، ١٩٩٣.

٥- الأستهلال (فن البدايات في النص الأدبي ١٩٩٣).

٦- التجربـة والـوعي (دراسـة في القـصة الأردنيـة المعاصـرة) دار الكرمـل — عمـان ١٩٩٣.

٧- شارع الرشيد (عين المدينة وناظم النص) دار المدى — دمشق ٢٠٠٣.

(**) جارێکی دی ئەم لێکۆڵینەوەیە لـە گۆڤـاری (المـدی) بڵاوکرایـەوە، نووسـەر لـە پەراوێزدا دەڵێت: هـەر پـاش دەرچـوونی ئـەم کتێبـە ڕێگـای بڵاوکردنـەوەی لـێ گیرا. ئەمەش لە سۆنگەی چیرۆکنووسی سوری (شـریف الـراس)ەوە بـوو، هـەر لەبـەر ئـەوەی نـاوی لـە کتێبەکـەدا نـەهاتووە، زمـانی لـێ دام، بـە بەهانـەی ئـەوەی، کـە ئـەم لێکۆڵینەوەیەی لەسەر منداڵان کراوە، کۆمۆنیستەکانی عێراق نووسیویانە. بۆیـە هـەر زوو سانسۆر کتێبەکـەی لـە بـازاڕدا کێشایەوە و لێپرسـراوانی دەزگاکەشـی دووچـاری



لێپرسینەوە کرد. بەم هۆیەوە ژمارەیەکی دیاریکراو لـە کتێبەکـە دابـەش کـرا. بڕوانـە ياسين النصير، المكان والطفل (دراسة)، المدى، العدد ٣٠/ دمشق، ٢٠٠٠، ص٦.

(***) یۆتۆپیا: دوو وشەی لاتینییە، بە واتا: ئەو شوێنەی کە نییە.



PDF4Kurd

# چەمك و ستاتیكای شوێن له ئەدەبدا

بەرایی:

لـه ئـەدەبی كوردیـدا گـەلێ لێكۆڵینـەوه و توێژینـەوه لەسـەر مێـژووی هونەری ڕۆمان و چیرۆك و چۆنیەتی بابەتی نووسینیان كراون، بەڵام كـەمیان یـا ڕاستتر بـه دەگمـەن بـەلای هەنـدێ ڕەگـەزی گرنگـی ئـەو هونەرانـەدا چـوونه و هەمیشه بەر شەپۆلی پشت گـوێ خستن و تێیـدا قـووڵ نەبوونـەوەی نووسـەران بوونـه.وەكـو فانتازیـاو ڕەمـز و گێڕانـەوه و وەسـف و شـوێنكات و مۆنتـاژ و مەنەلۆگ و"... هتد.

زۆركـات لێكۆڵینـەوەكان بـەدەوری دەرەوەی دەق و لایـەنی زمانـەوانی و هەڵـەی زمـان و بـەراوردكردنی ڕووداو لەگـەڵ واقعـدا و بـەراوردێكی سـەقەتی چینایەتی و هەندێ مەسەلەی لابەلای دیدا خوولاونەتەوه، كه ئەمـەش وەنـەبێ لـه بـێ ئاگاییـەوه ئـەنجام درابێـت، بـەڵكو بـه ئاگاییـەكی تـەواوەوە، وەلـێ لەدیدێكی ناهۆشیارەوە، كەبەهـەمان پلـه لـه سـەر نووسـەر ڕەنـگ دەداتـەوە، ئەمیش بەهەمان ڕێژه و بەهـەمان بـڕ دەیتكێنێتـه گـەرووی بەرهەمەكەیـەوەو دەرخواردی بیری وەرگری (المتلقي) دەدات.

گرنگی نەدان و بەهەند وەرنەگرتنی ڕەگەزی شوێن و بزری و كەم ئامادەیی لەلایەن ڕۆماننووس و چیرۆكنووس و شاعیرانەوه دەگەڕێتەوه بۆ ئەگـەری بایـەخ نەدانی ڕەخنەی كوردی بەم لایەنە.

خۆ ئەگـەر گرنگییەكیـشی پـێ دابێـت، ئـەوا شـوێنی تـاك ڕەهەنـد هەمیـشه ئامادەیی هەبووه و لەشوێنی جوگرافی ڕووت تێپەڕی نەكردووه، ئـەنجاش خـاڵی



كراوه لەمانا فەلسەفییەكەی، یاچەمكی سیاسی شوێن هەمیشه و بەردەوام زاڵ بووه بەسەر چەمكی شیعریی شوێندا، كەدەكاته زاڵبوونی جوگرافیـای سیاسـی شوێن بەسەر جوگرافیای شیعریی شوێندا.

لەئەدەبی عەرەبیدا گەلێ توێژینەوه و لێكۆڵینەوه لەسەر شـوێن كـراون و نرخ و بەهای خۆی دراوەتێ، ئەم بایەخ پێدانەش ئەوكات دەستی پێكرد و ئاوڕی لێ درایەوه، كه (غـالب هلـسا)ی نووسـەر كتـێبی (جوانكارییـەكانی شـوێن - جماليات المكان)[1]ی (گاستۆن باشلار)ی وەرگێڕایه سەر زمانی عەرەبی.

ئەم كتێبه بـەپێزه كلیلێـك بـوو دەروازەی داخـراوی ئـەو بابەتـەی خـسته سەرگازی پشت و كیشوەری بابەتی شوێنی دۆزییەوه و (هەڵسەنگێنرا بەوەی كه شۆڕشێكی كۆپەرنیكی له بواری ستاتیكادا هەڵگیرساندووه)[2]، كاریگەری و پڕ بایەخی ئەم كتێبه هێند مەزن و لەبەرچاو بوو، بـووه هانـدەری شـەش نووسـەر (هەر ئەوەندەی من ئاگاداربم) تا نامەی دكتۆراكەیان تەرخان بێت به شوێنەوه:

١ـ سیزا احمد قاسم - بناء الرواية (دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ) جامعـة القاهرة ١٩٨٤.

٢ـ شجاع مسلم العاني - البناء الفني في الرواية العربية في العـراق - جامعـة بغداد ١٩٨٨.

٣ـ علي ابراهيم - الزمان والمكـان في روايـات غـائـب طعمـة فرمـان - جامعـة صوفيا ١٩٩٦.

٤- طالب عبدالحسين فرحان الشمري — معمارية المكان في مسرحيات شكـسبير وتحويلاتها في عروض المسرح العراقي ٢٠٠٠.

٥ـ ابراهيم جنداري - الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا - جامعـة بغـداد



PDF4Kurd

.٢٠٠١

٦ـ يوسف سليمان الطمان، المكان في القرآن الكريم - جامعة الموصل، ٢٠٠٢.

ئەمەش هیچ نەگەیەنێت ڕادەی گرنگی و بایەخ پێدان و پێ زانینی نووسەران بەڕۆڵی گرنگی شوێن لە ئەدەبدا دەگەیەنێت.

هەر لە زووەوە شاعیران لە شیعرەکانیاندا دریغییان لە بەشوێن هەڵدان و کاریگەری بێ شوێنی و دوورکەوتنەوە لە شوێن نەکردووە.

جەلالەددینی ڕۆمی (١٢٠٧ ز - ١٢٧٣ز) لە (سروودی نەی)یە کەیدا (کە بەزمانی نەی (قامیش ـ شمشاڵ"ەوە وتراوە، باس لە سەرەتای لە قامیشەڵان برینەوەی وکرانی بەشمشاڵ دەکات و ئەو خەمەیان بەرەو ڕوو دەکات، کە لە ئەنجامی ئەم دوورکەوتنەوەیەی لە قامیشەڵانەوە تووشی بووە و هەستی پێی کردووە)[3].

ئەوەتا دەڵێت:

**بژنەفە ل شمشاڵ کە باست بۆ دەکا**
**داد لەدەس دووری دەکات و گۆ دەکا**
**لەودەمەی ڕا، من لەنایستان برام**
**مێرد و ژن هەروا دەگرییێنێ هەرام[4]**

پووشکینی باوکی ئەدەبی ڕووسی (١٧٩٩ - ١٨٣٧) لە چامەی "گوند"دا ئاوا وەسفی ئەو زێدەی، کە مۆمی تەمەنی منداڵی تێدا کوژاندۆتەوە دەکات:

**ڕۆژباش! ئەی مەڵبەندە لاپەڕەکە،**
**ئەی کونجی ئارامی و کار و ئیلهام،**



**ئەی ئەو شوێنەی لە کۆشیدا**
**بەختەوەری و فەرامۆشی و**
**چەمی پەنهانی ڕۆژانی ژینم تێ ئەپەڕێ[5]**

(ئەندرێ لاڤۆن) بەحەسرەتی ئەو ماڵە ساکارەی، کە خۆی دەیەوێت و هەمیشە خەونی پێوە دەبینێت، دەڵێت:

**"خەون بەماڵێکەوە دەبینم، ماڵێکی نزم، پەنجەرەکانی بەرز بێت و سێ پێپیلکەی ڕووشاوی لووسی سەوزی هەبێت ماڵێکی شاراوەی هەژار، وەك چۆن لەوێنە فۆتۆگرافییە کۆنەکاندا، کە لەناخدا دەژین وبەس، کەوا جار جار دەگەڕێمەوە بۆی، تادانیشم و ڕۆژگاری باو باران لە بیر بەرمەوە"[6].**

(بدر شاکر سیاب ١٩٢٦ - ١٩٦٤) یش گوندی جەیکوری زێدی لەدایکبوونی دەکاتە جیهانێکی هێند مەزن وگەورە، دلۆپە مێژووی ئەم گوندە بچووکە، دەریای مێژووی جیهان لەخۆدا نقوم دەکات و چەتری سێبەری جەیکور جێی گۆی زەوی لەژێردا دەبێتەوە. لە هۆنراوەی (سێبەرەکانی جەیکور - افیاء جیکور)دا دەڵێت:

**فووارەیەکە لەسێبەر، لە گوڵاڵە و لە چۆلەکە**
**جەیکور، جەیکور ئەی کێڵگەی ڕۆشنایی**
**ئەی جۆگەلەی ئەو پەپوولانەی**
**لەشەوان و لەجیهانی خەونەکان و مانگدا ڕاومان دەنان**
**باڵەکانیان لەسەرەتای هاویندا باڵانی**
**شەونمتر لەبارانی پەخش دەکرد**
**ئەی دەرگای ئەفسانەکان**



PDF4Kurd

**ئەی دەرگای لەدایکبوونمان، کە بەدەم مناڵدانەوە دراوە**
**سێبەرەکانی جەیکور کانیاوێك بوو لەیادمەوە هەڵقوڵی...[٧]**

(قوبادی جەلی زادە)ی شاعیریش شوێن دەکات بە ڕەمزی بوون و فەلسەفەی ئایدیۆلۆژی خۆی لە سێ بەردا دەبینێتەوە:

**ئەمن سێ بەرد ڕادەمووسم**
**بەردە ڕەش و**
**قارەمان... و**
**بەردی (کۆڵێ)ی[٨] دڵ بەکەسەر**
**بۆ سێ مرۆڤ کڕنووش دەبەم**
**پەیامبەر... و**
**تێکۆشەر... و**
**هەستیارێکی دەربەدەر!![٩]**

نیکۆس کازانتزاکی ڕۆماننووسیش لەڕۆمانی (براکوژی)دا باس لە ماڵوێرانیی جیابوونەوە و ئاوارەیی دەکات و دەڵێت:

(ئای چەند ناخۆشە، چەند لەسەر دڵ گرانە کاتێك لەو خاکەی هۆگری بووی و خووت پێوە گرتووە، دوور دەکەویتەوە!)[١٠].

(عبدالرحمن منیف)یش لە ڕۆمانی (الأشجار وأغتيال (مرزوق)دا ئاوا باس لە کاریگەری شوێن دەکات:

(ئەگەر شوێنی مرۆڤ گۆڕا، ئەوا سروشت و باری دەروونیشی دەگۆڕێت).

(عبداللە سەڕاج)، چیرۆکنووسی عەوداڵی دوای جوانکارییەکان، دەربارەی ڕۆڵ وکاریگەری شوێن و گوتاری فەلسەفی شوێن، دەنووسێت:



(دەمێکە دڵنیام لەوەی کە "شوێن" تەنیا ئەوە نییە لە خولگەماندا و بەس، بەڵکو لە ژوورەوەشماندا "جێ" هەیە، هەروەها لەتەك گشت سەرگوزەشتە و گرفت و ئاستەنگەکاندا، هەروەها "کات"ی زیندووش هەیە، کە ئەوە نییە بەکاتژمێر و سووڕانەوەی گۆی زەوی تۆماری دەکەین، بگرە کاتە تێکەڵ و... کرژ و ... خاوو پاش و پێشەکی ناخی مرۆڤە)[١١].

ئەم گرنگی و چڕکردنەوەو دڵ پێوەبوونە بۆ شوێن لە ڕادەیەکدایە گەلێ ڕۆمان و چیرۆك و شانۆگەری هەر بەناوی شوێنەوە ناونراون و شوێن بووەتە دەفرو ڕووداوەکانی لەخۆ گرتووە، وەکو ئەوەی شوێن پاڵەوانی سەرەکیی ئەو دەقە بێت، لەوانە:

ڕۆمانی (مەیخانە)ی ئەمیل زۆلا و ڕۆمانەکانی (ئەمریکا) و (مۆڵگەی سزا) و (قەڵا)ی کافکاو (دبلنییەکان)ی جۆیس و نۆڤلێتی (گەورە ماڵ)ی ئەلڤارۆ سیدا سامۆدیۆ و (داغستانی من)ی هەمزەتۆڤ و (زەوی ئاسن و ئاسمان مس) و (کاریتە یا ئەو دیوی چیا)ی یەشار کەمال و سێیینەی (بين القصرين وقصر الشوق والسكرية) و (زقاق المدق) و (خان الخليلي) و (میرامار)ی نجيب محفوظ و (ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست)ی عبدالرحمن منیف و (شار)ی حسێن عارف و (کۆردەرە)ی خوسرەو جاف و (کاولاش)ی عبداللە سەڕاج و گەلێکی دی.

ئەمە وای کردووە، کە پانتایی بەرهەمی هەندێ لە نووسەران زیاتر تایبەت و تەرخان بێت بە ڕووداوو کێشەی شارێکەوە، بۆ نموونە:

(بلزاك) زۆر باس لە سۆمۆر دەکات، (چارلز دیکنز)و (گەلزۆردی) لەندەن، (فلۆبێر) ئەپۆن ڤێل، (فۆکنەر) یوکنا پاتاوافا، (تۆماس هاردی) ویسکیس،



PDF4Kurd

(جۆیس) دبلن و (کازانتزاکی)کریت، (خوان ڕۆلفۆ) خالیسکۆ، (مارکیز) ماکۆندۆ، (یەشار کەمال) چوقورئاوا، (نجیب محفوظ) قاهیرە، (الطاهر وطار) جەزائیری پایتەخت و تونس، (غسان کنفاني) حەیفا، (غائب طعمة فرمان) بەغدا، (بدر شاکر سیاب) گوندی جەیکور، (حسێن عارف)سلێمانی، (شێرزاد حەسەن) هەولێر و (عبدالله سەڕاج) و (جلیل کاکەوەیس)یش کەرکووك.

ئەم پێداگرتنەشیان لەسەر باسکردنی خاك و زمان و دابونەریتی ئەم شوێنە کراوو فراوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە منداڵی و بەشی زۆری ژیانیان لەو شارەدا بەسەر بردووە و پێوەند بوونە پێوەی، پێوەند بوونیش بە شوێنێکەوە (پێوەند بوونە بەکێشەی ئەو شوێنەوە، نەك پێوەندییەکی سۆز ئامێز و جوگرافی رووت)[١٢].

ئیدی شوێن لای نووسەری کارامە و هونەرمەند پانتاییەکی فراوانتر لە بوونە جوگرافییەکەی وەردەگرێت و هەندێك جار مانایەکی فەلسەفی گەورەتری بە بالادا دەبڕێت و شوێن دەکاتە ڕەگەزێکی بەنرخ بۆ پتەوکردنی بینای چیرۆك و ڕۆمانەکەی.

## ڕەگەزی شوێن لە هونەری وەسف کردندا

(ڕەگەزی کات لەمیانەی گێڕانەوە دەست پێ دەکات، لەکاتێدا ڕەگەزی شوێن لەمیانەی وەسف کردنەوە دەست پێ دەکات)[١٣]، چونکە وەسف کردنی شوێن و پێکهاتەکانی بەدرێژەی وەسفی کەسەکان دادەنرێت. لە کۆندا لە ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی میللەتانی دیدا وەسف خۆی لەخۆیدا ئامانجێك بوو، ئەویش بە جوانکردنی بە وشەی لەبارو سەنگین و بە زمانی پاراو، کەئەمە وەسفی دەرەوە بوو بەدوور لە دەلالەتی قووڵ و بەهێز، کە پێوەند بێت بە ڕووداوەکەوە،



بەلام (وەسفی نوێ بەشێکی دانەبڕاوە لە بینای ڕۆمان و لە خزمەتی ڕووداوەکەدایە، ئەرکی تەفسیری و ڕەمزیی دەبینێت، لەلایەکی دیشەوە تایبەتمەندی خاوکردنەوەی گێڕانەوە دەپارێزێت، چونکە کاتی گێڕانەوە دەوەستێت، یا لە چاوەڕوانیدا دەبێت تاوەسفی کۆتایی دێت، ئنجا درێژە بە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەدات بەگێڕانەوەی زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە)[١٤].

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا هونەری وەسف بەرەوی پێدراو لە پاشکۆیی ڕەگەزی "گێڕانەوە" دەرباز بوو و کەوتە پێشییەوە، تەنانەت گێڕانەوەی دایە دواوەو کردی بە پاشکۆی خۆی.

ئەم برەو پێدانەش لەسەرەتادا لەسەر دەستی بلزاك (١٧٩٩ - ١٨٥٠)ی گەورە نووسەری فەرەنسی هاتەکایەوە و ئەرك و فەرمانی جیا لە ڕازاندنەوەی (زخرفة) پێ بەخشی. ئەو ڕێگا کلاسیکییەی لە وەسف کردندا گرتەبەر، کە وەسف لە دوای ماناوە دێ و تەنیا بۆ ڕوون کردنەوەی مانا بووە، لەپێشدا مەبەستەکەی داوە بەدەستەوە، پاشان وەسفبارانی کردووە، تابیێتە پاڵپشت و جەخت بکاتە سەر چەسپاندنی مانا، کە لەم کاتەدا وەسف دەچێتە قاڵبی ئاخنینەوە (حشو) و دەبێتە شتێکی زیاد، تەنانەت نەبوونیشی کارێکی وای لە ڕۆمانەکە نەدەکرد.

هەر لەپاش ئەم هەنگاوانەی وەسف لەخۆ دەرخستن و پێشکەوتندا زاراوەیەکی نوێ لە بواری ئەدەبدا بەپاڵ زاراوەکانی گێڕەرەوە (السارد) و حیکایەتخوان (الراوي)، زاراوەی وەسفکەر (الوصاف) سەری هەڵدا.

لەپاش بلزاك، نووسەری ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)، گۆستاڤ فلۆبێر (١٨٢١ - ١٨٨٠) ئەو نووسەرەی، کە دەڵێت (بڕوام وایە ئەگەر بەبەردەوامی لە ئاسمان بڕوانین، ئەوا لە کۆتاییدا جووتێ باڵمان لێ دەڕوێت)[١٥]، ئالای لەدەست



PDF4Kurd

وەرگرت و گوڕوتینێکی تازەی دا بەهونەری وەسف، فلۆبێر لەپێشدا (وەسفی شوێن و دیمەنەکانی دەکرد، ئینجا تراژیدیای ئینسانی تێ دەئاخنی)[١٦].

لەپاش فلۆبێر نووسەرانی ناچورالیزم (سروشتخواز)ی وەك (مۆپاسان و ئەمیل زۆلاو دودێ)، کە دەکرێ بە نووسەرانی واقعیش ناویان ببەین، بەردەوامییان بە هونەری وەسف دا.

لەپاش ئەمانیش ڕۆمانی شەپۆلی هۆش هاتەکایەوە، بە ڕابەری (دۆرۆسێ و ریچاردسۆن و جیمس جۆیس و ڤێرجینیا وولف و ولیەم فۆکنەر)، کەڕادەی گرنگی دان و بایەخیان بەوەسف ڕووەو کزی ڕۆیشتووە.

نووسەرانی سەر بە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش (مەودای نێوان ئەم دوو جۆرەیان کورت کردەوە، واتە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی گێڕانەوە و وەسفدا زۆر جار ئەم دوو ڕەگەزە لە ڕۆماندا جووت دەبوون، بەشێوەیەك کە بڕگەی وەسفی جیا لەگێڕانەوەمان نەدەبینییەوە، هەر وەکو لە ڕۆمانە واقعی و سروشتییەکاندا بەدی دەکران)[١٧].

باشترین نموونەش ئەوەتا کە (ناتوانین لە ڕۆمانی "خاتوو دالّەوەی"دا وەسفی لەندەن یا تەنانەت چەند دێڕێك، کە وەسفی خانووبەرەو دوکانەکان، شێوەیان، ڕەنگیان، جێگایان بکات، دەستنیشان بکەین)[١٨] ڤێرجینیا وولف بۆ زیاتر جەخت کردنی ڕێبازەکەی لەسەر وەسف نەکردنی شوێن، دەڵێت:

(ئیدی ئەم شێوازە وزەی تێدا نەماوە و بۆ گوزارشت کردن لە شتە نوێکان دەبێ شێوازی نوێ دابهێنرێت)[١٩].

قوتابخانەی ڕۆمانی نوێی فەرەنسی، یاڕۆمانی نا ڕۆمان، کە سەرە هەرەمەکەی (ئالان ڕۆپ گرێ و میشێل بۆتۆر و ناتالی ساروت و کلۆد سیمۆن و



مارگرێت دۆرا)ن، ئاهێکی گەرمیان بە بەر هونەری ساردەوە بووی وەسف کردندا هێنا و هەمان ڕێگەی (فلۆبێر و کافکایان گرتەبەر، کەیەکەمیان بە وردبینی و دیکۆمێنتاری "وثائقي" بەناوبانگەو ئەوەی دیشیان بەدووبارە کردنەوەی وەسفی شتەکان و بەڕوانینی هەمە لایەنە ناسراوە، ئەگەرچی خاوەنانی ئەم قوتابخانەیە بەوە تاوانبارکران، کە ئەدەبەکەیان ئەدەبی بەشت کردنە "التشيؤ"، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو ڕێبازەوەی، کە ئەمان وەسفی شتەکانی پێ دەکەن، کە ڕێگەیەکە هەر بەشدارییەکی مرۆیی لە نێوان مرۆڤ و شتەکان و سەرتاپای ڕێبازی ئینسانیی باو دەخاتە لاوە)[٢٠].

پشت گرتنی نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە لە وەسف( سووربوون و جەخت کردنە لەسەر ئەو بۆچوونەی فلۆبێر، کە دەڵێت وەسف بێ هۆ نایەتە گۆڕێ، بەڵکو هەر بڕگەیەك لەبڕگەکان لە خزمەتی بینای کەسێتی دایەو شوێن دەستی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی لەبەرەو پێشچوونی ڕووداودا دیارە، تا هەموو ئەو ڕەگەزانەی دەقی ڕۆمان پێك دەهێنن یەك بگرن و یەکێتییەکی ئەندامی "عضوي" دروست بکەن)[٢١].

کەواتە (گرنگی وەسفی شوێن وکەس و شتەکان کەمتر نییە لە گێڕانەوەی ڕووداو و کردارەکان)[٢٢].

لە هونەرکاری وەسفی شوێندا، یەشار کەمالی هونەرمەند، وەسفی خاوەن ماڵ لە وەسفی ماڵەکەیدا دەبینێتەوە، جارێك وەکو یادکردنەوە و خۆشەویستیی، ماڵەکە ناودەبات، جارێکی دیش وەکو ڕق لێ بوونەوە و تۆڵە سەندنەوە. ئەوەتا دەڵێ:

(... تەماشای ماڵی خەجیجێی نەدەکرد، توانای دیتنی ماڵەکەی وان و دارە

بەرزەکەی بەر دەرگایانی نەبوو، بەڵام سەرەنجام خۆی پێ ڕانەگیرا، دارەکە هات و ڕاست لەبەر چاوی شین بوو، وەك شەوێکی بێ برانەوە بەرامبەری ڕاوەستا: "دڵی تازە لاوێك بەتوندی لێی دەدا، دەنگی دڵی وەك دەنگی قومری وابوو، لاوەکە لەنێو تۆفانی شێتانەی چاوەڕوانی دا لەبن دارەکە وێستابوو، کیژۆڵەکە هات، ناسك و گەرم و بەدڵێکی پڕ لە ئەوینەوە..." شتێك بەری گەرووی حەمەدی گرت و دوو دڵۆپ فرمێسك لە چاوەکانی هەڵوەرین، حەمەد بۆ هاتنە دەر لەم حاڵە چاوی لە خانووی عەبدی خانەوە بڕی)[٢٣].

شتەکان رابردوو و مێژوویەکی پێوەندداریان بە کەسێتییەوە هەیە (هەر وەك چۆن ماڵ و خاوەن ماڵ زۆر لەیەك دەچن و هەر یەکیشیان درێژەدانی ئەوی تریانە)[٢٤].

ڕەنگە باشترین نموونە ئەم وەسفەی (جۆرج سپیراداکی) بێت، کە خودی خۆی لە ماڵەکەیدا دەبینێتەوە و ماڵەکەیشی لە خۆیدا، دەڵێت:
(ماڵەکەم دیودەرە "شفاف" بەڵام لە شووشە دروست نەکراوە، سروشتی لە هەڵمەوە نزیکترە، دیوارەکانی بەپێی ویست و خواستم گرژ دەبنەوە و دەکشێن، جاربەجار بەرەولای خۆم کێشیان دەکەم، تا وەك قەڵغانێکی پارێزەریان لێ دێت... هەندێ جاریش دیوارەکانی ماڵەکەم وەها لێ دەکەم، وەك گوڵ بکرێنەوە و خولگەی خۆیان لە شوێندا بگرنە بەر ئەم مەودا بەرینە هەتا هەتاییە)[٢٥].

## بایەخ و گرنگیی شوێن

(هەرگیز مادە ناتوانێت لەدەرەوەی شوێن بوونی هەبێت، ئەمە پێناسەی شوێنە، کەشێوەی بوونی مادەیە، هەرچی شتێك لەجیهاندا ڕوودەدات لە چوارچێوەی (کات)دایە، کەواتە کاتیش شێوەیەکە لە بوونی مادە)[٢٦].



بەم پێناسە زانستییە دەگەینە ئەوەی، کە (شوێن و کات پێوەندییەکی لەپسان نەهاتوویان پێکەوە هەیە، محاڵە لێك جیابکرێنەوە، شوێن بێ کات بوونی نییە، لەهەمان کاتدا کاتیش بێ شوێن نەبووە)[٢٧].

هەر لەم پێناسە زانستییەوە ئەو پێوەندییە دیالەکتیکییەی نێوان دوالیزمی کات و شوێنمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین، شوێن لە ڕۆمان و چیرۆکدا بێ ڕووداو بوونی نییە، هەروەك چۆن شوێن بێ کەسایەتیش هەر بوونی نییە، کەسایەتیش بێ شوێن بوونی نییە و (هەرگیز ناکرێ ڕۆمانێکی بێ شوێن بهێنرێتە بەرچاو، بەڵام دەکرێ کات نەگرێتە خۆ، یا کات بمەێندرێ. هەندێك جار کات دەسەڵات لەدەست دەداو هیچ گۆڕانکارییەك بەدەست ناهێنێت، ئەوەتا لە ڕۆمانەکانی "أولاد حارتنا" و "الشرق المتوسط و "القربان"دا، لە بازنەیەکدا دەخولێینەوە، جگە لە دەسەڵاتی شوێنی ڕۆمان هیچ دەسەڵاتێکی تر بەدی ناکرێت. شوێن تێیاندا بە قووڵی و توندی جێ پێی خۆی کردۆتەوە)[٢٨].

گەورە نووسەری ڕووسی دەستەیڤسکی (١٨٢١-١٨٨١) بایەخ و گرنگییەکی زۆری بەشوێن داوە و هێند بە جوانی و هونەرمەندانە بەکاری دەبا، مانایەکی گەلێ گەورەتری لەمانا ڕووتە جوگرافییەکەی پێ دەبەخشێت و هونەرکاریی پێ دەکات، شوێن لەبری کات بەکار دەهێنێ، یا وردتر بڵێین، شوێن دەکات بە ئەڵتەرناتیڤ و پێوەرێك بۆ کات، لە ڕۆمانی (گەمژە - الأبلە)دا، میر (میشیکین) دەربارەی ئەو حوکم دراوە دەدوێت، کاتێ کە لە کاتژمێر پێنجی سەر لەبەیانی هەڵی دەستێنن و ئاگاداری دەکەنەوە، بڕیار لەسەر ئەوە دراوە کاتی لە سێدارەدانی(١٠)ی سەرلەبەیانی بێت، لە کاتێکدا

ئەو وای دانابوو پاش هەفتەیەکی دی ئەمە ئەنجام دەدرێت. بۆ گەیاندنی بۆلای قەنارە، وا پێویست دەکات بەناو شاردا ڕەتی بکەن. گێڕەرەوە بۆ هەست کردنی بەندییەکە بەکاریگەریی (کات) لەسەری و بەکارهێنانی شوێن بۆ پێوانەی کات، دەڵێت:

"وابزانم دەبێ ئەویش هەستی بەوە کردبێت، کە تەمەنێکی تەواو لە بەردەمییەتی، تا دەگاتە لای قەنارەکە، ڕەنگیشە لە ڕێگادا لە دڵی خۆیدا وتبێتی: ئۆخەیش، هێشتا کاتێکی زۆر زۆرم ماوە، تائێستا سێ شەقام لە ژیانمدا ماون، ئەگەر ئەم شەقامەیان ببڕم ئەوا شەقامی دووەم دەمێنێتەوە، ئنجا شەقامەکەی دی، ئەو شەقامەی، کە بەلای ڕاستدا نانەواخانەکەی تێدایە، کەی دەیگەینێ؟، تەمەنێکی گەلێ درێژە.

دەستەیڤسکی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە دەڵێت، کات دۆخێکە لە دۆخەکانی شتەکان و شوێن بەکار دەبەین بۆ پێوانی کات، باشترین بەڵگەش سوورانەوەی زەوییە بە دەوری خۆیدا لەلایەك و سوورانەوەشی بەدەوری خۆردا لەلایەکی دییەوە، کەشەو و ڕۆژ و وەرزەکان و ساڵەکانی لێ دێنە بەرهەم، ئەمەو جگە لەوەی دەستەیڤسکی مەبەستی ڕێژەیی کاتە لە شارەزایی مرۆییدا)[29].

ئەمە وەکو بەکارهێنانی شوێن لە بری کات، هەندێ جاریش لەبری شوێن کات بەکار دەبرێ و دەکرێ بە پێوەر و ئەڵتەرناتیڤی شوێن، سەرنج بدەنە ئەم کۆپلە شیعرە:

**ماڵتان لەنزیك باغچە هەڵواسراوەکانی کاتەوە بوو**

**یان لەنزیك چرکە بێدەنگەکانی خۆ کوشتنی گوڵ؟**



**ماڵتان لەسەر سووچی هەناسەی مێخەکدا بوو**

**یا لە کۆڵانی بنبەستی تێڕامانی نێرگز؟**

چەمکی شوێن هەند فراوان و کراوەو بەربڵاوە، ئێستا ئەوی باسی لێ نەکرێ شوێنی جوگرافی ناولێنراوە، وەکو شەقام و دوکان و چاخانە و گەلێ شوێنی دی. کە باسکردنیان تەنیا بەمانا ڕووتە بێ خوێن و گیان و بێ ئاواز و هونەرەکەی، هیچ مانایەك ناگەیەنن. مەبەست مامەڵەکردنێکی فەلسەفییانە و ئیستاتیکییانەیە لەگەڵ شوێندا، ئەو شوێنەی، کەچەمکی نەبینراو و دیوی دووەمی هەیە، وەکو ئەوەی کاتێ (کەدەرگایەك دەخەینە سەر پشت یا سەر لە پەنجەرەیەکەوە دەردێنین، ئەوا وڵاتێك دەبینین یا پەڵە زەوییەك، کە ململانێکانی لە خۆگرتووە، یاخود گوندێك شینایی لێ دەڕوێ و پیت و فەڕی دەبێت)[30].

واتە شوێن (خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت و دەسەڵات و سیستم و کەش و ڕەهەند و سروشتی خۆیەتی، بۆ نموونە: ئەو سیستم و دەسەڵاتەی، شوێنێکی وەك بازاڕ لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت، جیاوازە لەو دەسەڵاتەی، کە شوینێکی وەك گۆڕستان لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە. بەکورتی فەزاو دەسەڵاتگیری مەلەوانگەیەك جیاوازە لە فەزاو دەسەڵاتگیری قەسابخانەیەك، چونکە هەر شوێنەو دەسەڵاتگیری خۆی هەیە و خاوەنی ڕەهەند و ڕووبەری تایبەتی خۆیەتی بۆ ڕێگەدان بە جوولەکردن و کردار و گفتوگۆ کردن. هەروەها هەر شوێنێك ئیقاعێکی تایبەت بەخۆی هەیە. شوێن هەڵگری فرە دەلالەتە)[31].

بێگومان سەرکەوتنیش لە بەکارهێنانی ڕەگەزی شوێن و چەمکی شوێن پابەندە بە بیرفراوانی و هۆشیاری ئەو نووسەرەو چاوکراوەیی بەرابەر بە جوولەی



PDF4Kurd

شوێن. گەلێ جار شوێن بە قۆچی قوربانی ئایدیۆلۆژیا کراوە، کە تا ڕادەیەك ئەم دیاردەیەش بەسەرچووە و خۆری ئاوا بووە. چونکە وا دیارە لە کاتێکدا نووسراون (ڕۆژگار ململانێی ئایدیۆلۆژی باڵی بەسەردا کێشاوە و وەکو پێشبڕکێیەك بوو بۆ بەدیارخستنی ڕاست و دروستیی یا چەوتیی ئەم ئایدیۆلۆژیایانە)[٣٢].

شایانی باسە ئەم دیاردەی بەقۆچی قوربانی کردنی تەکنیکە بۆ ئایدیۆلۆژیا، زیاتر لە ئەدەبی ریالیزمی سۆشیالیستیدا ڕەنگی دایەوە و پیادە کرا، (بۆیە لەم کاتەدا نووسەر چاوی بەرابەر بە جووڵەی شوێن و جووڵەی کات دادەخات، چاوی تیژی دەبڕێتە سەر بەرەوپێشچوونی بیری خۆی).[٣٣]

(ئی، ئێم، فۆرستەر) جوانی بۆ چووە، کە مەزنی و گەورەیی ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی)ی لیڤ تۆڵستۆی (١٨٢٨ - ١٩١٠)دەگێڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی و جوانی لەبەکارهێنانی شوێندا (بەپێچەوانەی ڕای باوەوە، دەگوترێت، مەزنی ئەم ڕۆمانە لە بابەتەکانییەوە هەڵدەقوڵێت، کە ئەوە کاتەکەیە و کاریگەرییەتی لەسەر مرۆڤ. فۆرستەر لەسەر ئەو ڕایەیە، کە ئەم مەزنییە لە درێژەدانی شوێنەوە هەڵدەقوڵێت، نەك کات، هەر لەبەر ئەمەیە بەڕای ڕەخنەگر، ڕۆمانەکە ڕۆحی نائومێدی لە جەستەماندا ناچێنێت، ئەگەر چی جەخت دەکاتە سەر کارلێکردنی کات و لە ناوچوونی نەوەکان، خەڵکەکە وا نیشان دەدات، کە پیر دەبن و بەرەبەرە دەپووکێنەوە. لەم بارەیەوە فۆرستەر دەڵێت... کاتێ خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێ و دەچێتە پێشەوە، ژێیەکان نەغمەیەکی مۆسیقی دەردەبڕن، بێ ئەوەی بزانین چی بەر ژێیەکان کەوتووە، ئەم نەغمانە لە چیرۆکەکەوە دەرنەهاتوون، تەنانەت زادەی ڕووداوە یەك لەدوای یەکەکانیش نین،



هەروەها کەسەکانیش، بەڵکو لەسەرجەم ئەو پردو ڕووبارە بەشەختە بەستیوانە و دارستانەکان و ڕێگەو باخچە و کێڵگەکانن، کە سەرجەم مەزنی و دەنگیان کۆدەکەنەوە، پاش ئەوەی پێیاندا تێدەپەڕین. پاشان دەڵێت: هەست کردن بەشوێن لای زۆرێك لە ڕۆماننووسەکان هەیە، بەڵام کەمیان هەستی درێژەدانیان دەبێت، ئەو هەستەی، کە لە هونەری تۆڵستۆیی لە ئاسمانەوە هاتوودا دەگاتە لوتکە. سەروەری هەڵوێستیش لە ڕۆمانەکەدا درێژەدانە، نەك کات)[٣٤].

پشتکردن لە شوێن و باس نەکردنی، نرخ و بەها سەندنەوەیە لەشتەکان، بەپێچەوانەشەوە ڕووتێکردن لەشوێن و بایەخ پێدانی، نرخ و بەهایەك بەشتەکان دەبەخشێت، بۆ نموونە: لەوڵاتێکی وشکانی و بێ بارانی وەکو ئەفریقا، زاراوەیەك نییە بەرابەر بە (باران)، بۆیە جێی سەرسوڕمان نابێت گەر لە وڵاتێکی بێ ڕووباردا بەلەم هیچ نرخێکی نەبێت و دراوێکی قەڵبیش نەکات، یا لە وڵاتێکی شاخاویدا هێسترێك لە ئۆتۆمبیلێك پێویستترو چاکتر بێت، یا لە بیاباندا پیرە حوشترێك نەگۆڕنەوە بەگەورەترین کەشتی دەریایی... کەواتە بەگۆڕانی شوێن، زمان و جلوبەرگ و خۆراك و ڕەنگ و ئاکارو دابونەریت و نرخ و بەهاو ڕادەی پێویستیی شتەکان و گەلێ شتی دی دەگۆڕێت. بەهەمان شێوەش بەپێی شوێنی چینایەتی و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەگەز، ماناو بەهای شوێن و چەمکی شوێن دەگۆڕێت.

ئەندرێ مالرۆ (١٠٩١-١٩٧٦) لەمەڕ گۆڕانی بەهای شتەکان لە ئەنجامی گۆڕانی شوێن، دەڵێت:(مۆزەخانە بەناچاری و زۆرە ملێ خاچ دەکات بە کۆتەڵ)[٣٥]، یاخود کە جوتیارێك لە گوندەوە باردەکات یا دەگوازێتەوە بۆ شار، ڕووبەڕووی جیاوازییەکی گەورە دەبێتەوە لە نێوان جیهانی گوندو جیهانی



PDF4Kurd

شاردا، بەوەی کە جیهانی شار (ڕووبەری فراوانتر و کۆبوونەوە و چڕی و قەرەباڵغی دانیشتوانی گەورەتر و بوارەکانی کاری زۆرتر و دژایەتییەکانی هەمە ڕەنگترن)[٣٦]، لەهەمان کاتدا (شار، بەتایبەتمەندییەکانی و ئەرکە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ژیارییەکانییەوە لەگوند پێشکەوتووترە)[٣٧].

ئیدی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم شوێنە تازەیەی شاری لێ دەبێتە دژەشوێن و زۆر جار لەگەڵیدا ئاشنا و هۆگر نابێ، پێی دەستەمۆ ناکرێت و تا کۆتایی ژیانی بەنارەزایی و نابەدڵی تێیدا گوزەر دەکا و ڕۆژبەڕۆژ لە هاتنەدی خەونەکانی دوورتر دەکەوێتەوە و هەست دەکات وەکو سەرچاوەی قازانج و زێدەبایی هەڵدەسەنگێنرێت و هەمیشە نەك هەر خۆی بەنامۆ و ونبوو دەبینێ، بەڵکو بە لەدەستدانی یا دوورکەوتنەوەی لە شوێنی هۆگر و دەستەمۆکراوی، ئەوا مەرگی دەبینێت، یا هەندێك جار وای لێ دەکات بەرگەی ئەو دژایەتییە و دژایەتییەکانی ناو ئەو دژایەتییە نەگرێ و بەرەو زێدی لە مێژینەی خۆی بگەڕێتەوە. واتە لە شارەوە بەرەو لادێ، وەکو پاڵەوانی چیرۆکی (بارام ناوێك هەبوو)ی عبداللە سەراج و (خالێك لەپاش ژمارەوە)ی رەووف بێگەرد و (قولابی چاوەکان)ی محمد فریق حسن.

وەنەبێ ئەم جیاوازییانەش بەتەنیا لە نێوان شارو لادێدا زەق بووبنەوە، بەڵکو لە نێوان وڵاتێك و وڵاتێکدا و شارێك و شارێکیشدا ڕەنگ دەدەنەوە، وەکو چۆن لە کۆندا (بەرابەر ئەسپارتە، کە شاری هێز بوو، ئەسینای پایتەخت شاری هۆشیاری بوو)[٣٨].

(شاریش هەیە شاری بازرگانییە، یا شاری ئایینییە، یاشاری پیشەسازییە، یا شاری مێژووییە. هەندێ شاریش هەن گرنگی خۆیان لەوەوە بەدەست دێنن،



کە سەرچاوەی بڕیارو هەڵبژاردنی ڕامیارین)[٣٩].

ئەم تایبەتمەندیی شارانەش دەبێتە هۆی دروست بوونی قەڵشتی جیاوازی لە ئاستی ڕۆشنبیریدا لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی، (یەکێ لە پسپۆڕەکان وای بۆ دەچێت، کە هەر شارێك دێتەکایەوە ڕۆشنبیرییەکی تایبەت بەخۆی پیادە دەکات و شتەکان و بوونەوەرەکانی دەوروبەری لەسەر بناغەی شێوەژیانێك جیا لە شارەکانی دی لەگەڵ خۆیدا دەگونجێنێت)[٤٠].

بە درك نەکردنی هۆیەکانی ئەم جیاوازییانە، شاعیرانی ڕۆمانسی، ئەو شاعیرانەی کە شیعریان بەسرووش "الهام"دادەنا، نەك بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لەترسی دەسەڵاتی زەبەلاح و لووشکەری شاردا، دووچاری نامۆیی و هەڵاتن بوون...

## جۆرەکانی شوێن

لەبەر ئەوەی تا ئێستا نووسەران و توێژەران لەسەر جۆرەکانی شوێن لە ڕۆماندا تەبانین و هەریەکەو گۆشەی ڕوانین و دیدگاو فەلسەفەو هەست و هۆشیاریی جیاجیای بۆ چەمکی شوێن وجۆرەکانی شوێن و ناولێنانی ئەم جۆرانە هەیە، وا لێرەدا جۆرەکانی شوێن لە دیدگای هەندێ لە پسپۆڕانەوە راڤە دەکەین.

### أ- جۆرەکانی شوێن لە ڕوانگەی نووسەرە بیانییەکانەوە:

ئەگەر بگەڕێینە دواوە، بۆ سەرەتاکانی گرنگی دان بەشوێن و چەمکی شوێن دەگەینە ئەو ڕایەی، کە هەر (لەدێر زەمانەوە، مرۆڤ درکی بە ڕۆڵی جیاکاری(متمیز) شوێن و پێوەندی بەبوونییەوە، کردووە، چونکە چالاکییەکان

واتایـان وەدەسـت نـاهێنن، مەگـەر لـەڕێی پێوەندییەکانیانـەوە بەشـوێنی دیـاریکراوەوە نـەبێت. لێکۆڵێنـەوەکان دەربـارەی بـوون و نـەبوون هـزری مرۆڤایەتییان سەرقاڵ کردووە. ئەوەبوو گریکەکان پانتاییان[٤١] کرد بەبابـەتێك بۆ رامان، ئەگەرچی لەسەلماندنی بوونە بابەتییەکەیدا، ڕای جیـاواز لەنێوانیانـدا هەبوو.

یارەتکردنەوەی ئەوبوونە، بەپێی بۆچوونە ئایدیالییەکان یـا ماتریالییـەکان. جـا دەبینین تێڕوانینی شوێن لای (هیراقلیتس)تێکەڵ بەتێڕوانینی ماددەو، چـۆنێتی گۆڕانی بـوو. فیـساگۆرسییەکانیش شـوێنیان بەشـێوەیەکی ماتماتیکی، لـەڕێی درێژبوونەوەی ئەندازەیی تەنەکانەوە(أجسام) لێکدایەوە.

(بارمینیدیس)یش وای بۆ دەچـوو، کـە نـەبوون (العـدم) بـەخۆی، شـوێنی پەتییە. "ئەمیش بوونی محاڵـە، مادامێـك بـوون گـشت لایەنـەکانی شـوێن پـڕ دەکاتەوە" قوتابخانەی (گەردیلە - ذرة)یش کەوا(لیۆفیۆس)و (دیموقرەتیس)دایان مەزراند، پەرەی بە چەمکی نەبوون دا، کە بـەخۆی نـەمانێکی ڕەهایـە، بـەرەو چەمکی بۆشایی و دانی بەبوونیدا نا، بەڵام بەڕادەیەك، کە لە بوونی بوون خۆی کەمتر نییە. هەرچی(ئەفلاتوون)یش بوو، ئەوا بونیـادی جیهـانی گەڕانـدەوە بـۆ سێ توخم، کە ئەمانەن:

(مادده، یا درێژ بوونەوەی شتەکان دەگرێتە خۆی و ، بەهاو، دروستکەر. چـەند ناوێکیـشی لـەماددە، یـا مایـەکی(مـادی) نـا، هـەروەها چـەند نـاوو لێکچواندنێکیشی بۆ ماددە، یامایەکی دانا، وەکو:

جێ، شـوێن، دایـەن، ئـەوی شـتەکان تیایـدا دەردەکـەون، جەسـتە، منداڵـدان، ئاینده، هیۆلا (المادة الأولية))[٤٢].



کەواتە ئەفلاتوون (٤٢٧-٣٤٧پ.ز)یەکەمین کەسە، بە ڕاشـکاوی باسـی لەزاراوەی شـوێن کـردووە، ئیـدی لـەپاش ئـەم ئیـشارەت پێدانـەی ئـەفلاتوون، چەمکی شوێن لەلایـەن فەیلەسـووفانەوە بـرەوی پـێ دراو شـوێنی تایبـەتی لـە لاپەڕەی توێژینەوەکانیان داگیر کرد.

بـەڵام ئەرسـتۆتالیس(٣٨٤پ.ز-٣٢٢پ.ز)هـەر بەمەنـدە نەوەسـتا، بەڵکو(شوێنی کرد بەدوو بەشەوە "شوێنی گشتی و شوێنی تایبـەت"، شـوێنی گشتی ئەو شوێنەیە، کە گشت تەنەکانی گرتۆتەخۆ، شوێنی تایبەتیش یەکەمین شت، کە تیایدا بوونی هەبێت، شتەکە خۆیەتی. ئەویش بەخۆی ئەوەیە، کە تـۆ بەتەنیا دەگرێتە خۆی. ئیتر لەوە زیاتر نییە. شوێنی گشتی سـەرجەمی شـوێنە تایبەتییەکان پێك دەهێنێت، وەلێ شوێنی تایبەت لەیەك تـەن و تـەنیا کاتێـك زیاتر ناگرێتە خۆی)[٤٣].

لە سەدەی بیستەمدا (گاسـتۆن باشـلار)[٤٤] بەپێـشەنگی بایەخـدەران بـە ڕەگـەزی شـوێن دادەنرێـت، لەکتێبـە دانـسقەو بەپێزەکەیـدا (جوانکارییـەکانی شوێن)، تەنیا باسی لەهۆگرە شوێن کردووە، بەڵام بەدیدێکی فەلسەفییەوە. بـۆ گوزارشـت لەکاریگـەری شـوێنی هـۆگر دەڵێـت(هـەموو شـوێنێکی سـاتەکانی گۆشەگیری رابردوومان و ئەو شوێنانەی کـەوا تـەنیاییمان تیایانـدا کێـشاو ئـەو شوێنانەی تیایاندا چێژی رابواردنمان چەشت و ئارەزوویانمان کردو تیایاندا لەگـەڵ تەنیاییدا هۆگربووین.. هەموو ئەمانـە لەناخمانـدا بەچەسـپاوی و سـەقامگیری دەمێننەوە، چونکە ئێمە بەخۆمان ئارەزووی مانـەوەیان بـەم شـێوەیە دەکـەین، مـرۆڤ هـەر بەسـەلیقە دەزانێـت ئـەو شـوێنەی بەتەنیاییەکەیـەوە پێوەنـددارە، شوێنێکی خوڵقێنەرە. ئەمەیش تەنانەت کاتێکیش ئەو شوێنانە لەحاڵی حازردا

ون دەبن، هەروەها كاتێكیش، دەزانین ئایندە بۆمان ناگەڕێنێتەوەو ئەو كاتەیش، كـە دەزانـین نـە سـەربانێك و نـەژوورێكی سـەربان لەگۆڕێدا نییـە. جـا لێـرەدا راستییەك دەمێنێ، ئەویش ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان جارێك لـەژووری سـەرەوەی خانووەكەدا ژیاین و بۆ جارێك ئەو سـەربانەمان خۆشویـست، ئێمـە بـۆ ئەمانـە دەگەڕێینەوە خەونەكانی شەوانمان، ئەم شوێنانە بەهای قۆزاخەیان هەیە)[٤٥].

هەرچی (پۆڵ)و (رۆمێر)ن شوێنیان بۆ چوار جۆر دابەش كردووە، ئەمـەش بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ئەم شوێنانە دەكەونە ژێر بارییەوە:

١- شوێنی من:

ئەو شوێنەیە، كە دەسەڵاتی خودی تێدا بەگەڕ دەخات، هـۆگرەو لـەژێر ركێفـی تاكدایە.

٢- شوێنی ئەوانی دی:

لەگەڵێ شتدا لەجۆری یەكەم دەكـات، بـەڵام لـەوەدا جودایـە، كـە مـن تیایـدا ملكەچە بۆ ئەوانی دی و دەبێ دان بەو دەسەڵاتەدا بنێ.

٣- شوێنی گشتی:

ئەم شوێنە ملكی كـەس نییـە، بـەڵكو ملكـی دەوڵەتـە، پـۆلیس و ئاسـایش و دەسەڵاتداران هێزی خۆیانی تێدا دەخەنە گەڕ.

٤- شوێنی بێ كۆتایی(المكان اللامتناهي):

ئەم شوێنە خاڵییە لەخەڵك، ئەو زەوییەیە، كـە لـەژێر دەسـەڵاتی كەسـدا نییە، تەنانەت دەسەڵاتی دەوڵەتیش!

زۆرجاریش ئەم شوێنانە بـێ رێگـاو خـاڵین لـەژیار ودەزگاكـانی دەوڵـەت، بۆیـە هەمیشە ئەم جۆرە شوێنە دوورە لەشـوێنی نیـشتەجێی خەڵكـەوە، هـەر لەبـەر



ئەمەیە دەلالەتی تایبەتی وەردەگرێت، وەكو:

بیابان و چیا سەركەشەكان و ئەشكەوت و جەنگەڵـە دوورەدەسـتەكان. دەتـوانین بڵێین ئەم جۆرە شـوێنە خەریكـە قـڕی تـێ دەكـەوێ و بـەهۆی بەرەوپێشـچوونی تەكنەلۆژیاوە ئەمڕۆ دەوڵەت دەستی بەدوورترین خاڵی سنوورەكان دەگات.

(شۆلز)پێنج واتا بۆ پانتایی جیا دەكاتەوە:

١- پانتایی پراگماتی:

مرۆڤ لەژینگە سروشتییە ئۆرگانییەكەی یەك دەخات.

٢- پانتایی درك پێكراو:

ئەمیش بۆ ناسنامە كەسایەتییەكەی پێویستە.

٣- پانتایی وجودی:

وای لێ دەكات، كە بگەڕێتەوە بۆ گشتی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی.

٤- پانتایی ئەپستیمی(معرفي):

ئەمیش واتای ئەوە دەدات بەدەستەوە، كە لەتوانایدایە بیر لەپانتایی بكاتەوە.

٥- پانتایی لۆژیكی((المنطقي):

ئەمیش وەك ئامرازێك بۆ وەسفی پانتاییەكانی دی دەخاتە بەردەست [٤٦].

تویژەری فۆرمالیستی ناوداری روسی(میخائیـل بـاختین)هـەموجۆرەكانی شوێن لە چوار بەشدا كۆدەكاتەوە:

١- شوێنی ناوەوە.

٢-شوێنی دەرەوە.

٣- شوێنی دژ.

٤- شوێنی ئاستانە.



PDF4Kurd

دواییینیان بەو شوێنە دەگوترێت، کە ڕاڕەوو دەرگاو پەنجەرەو شەقام و ئۆتۆمبیل و فڕۆکەو شەمەندەفەر و پاپۆڕو... گرتۆتە خۆ. (بروپ)یش لەمیانەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی، کە لەسەر کۆمەڵێ چیرۆکی میللی ئەنجامی دا، شوێنی دابەش کردووە بەسێ بەشەوە:

١- شوێنی ڕەسەن:

شوێنی لەدایك بوون و جێگای ژیانی خێزانە، گریماس پێی دەڵێت(شوێنی پەتیی مرۆڤ).

٢- شوێنی پاڵاوتەی پەتیی(المكان الترشيحي الحاف).

٣- شوێنی ناشوێن.

هەرچی ڕەخنەگران(بۆرنۆڤ) و (ئۆنێلێ)ن، شوێن تەنیا بۆ شوێنی واقعی و شوێنی خەیاڵی دابەش دەکەن.

## ب- جۆرەکانی شوێن لە ڕوانگەی نووسەرە عەرەبەکانەوە:

هەر لەزووەوە هەندێ لەفەیلەسووفە عەرەبەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ڕاکانی ئەرستۆتالیسەوە و پەیڕەوی هەڵوێستی ئەویان لەبواری شوێندا کرد، وەکو (کندي (٨٠٠-٨٧٩ز) و فارابي(٨٧٠-٩٥٠ز)و أخوان الصفاو هەندێ فەیلەسووفی تری وەکو سجستاني و أبي حيان التوحيدي و أبن مسكوية. ئەمە لەکاتێکدا کە أبوبكر الرازي و الحسن أبن الهيثم(٣٥٤-٤٣٠ك) ڕای جیایان هەبوو[٤٧].

ئیدی هەر لەوکاتەوە تا نهۆ ڕای جیاجیا لەسەر چەمکی شوێن وجۆرەکانی لە ئارادابووەو تەبابییەك لەسەر پۆلێن کردن وجۆرەکانی شوێن و ناونانی نەهاتۆتەدی. بۆیە جێی سەرسووڕمان نییە لەکاتی پۆلێن کردندا، خۆمان



لەبەرابەر ناوی جیاجیاو هەمەڕەنگی شوێندا ببینینەوە، وەکو(پانتایی جادوویی یا ئەفسانەیی، پانتایی عاجباتی و، واقعی و سروشتی ودەستکرد)[٤٨].

تەنانەت لەزاراوەشدا ماناو ئەرکی جیاجیای دەدرێتێ وجارێك بە "شوێن" و جارێکیش بە "پانتایی" ناودەبرێت (هەموو ئەم جیاوازییانەش بەپێتیی ئەم گوتەزایەمان(مقولة) بۆ دەردەخەن)[٤٩].

لەم سەردەمەدا (غالب هلسا)* ی مۆدێرن خواز، گرنگییەکی زۆری بە ڕۆڵی شوێن لە ئەدەبدا داوە، پێداگرتنی لەسەر بایەخ دان بەشوێن لە ڕادەیەکدایە، وای دەبینێت، کە (کاری ئەدەبی بەفەرامۆشکردنی شوێن، تایبەتمەندی و ڕەسەنی خۆی لەدەست دەدات)[٥٠].

شوێن لای ئەم دەکرێت بەسێ بەشەوە، بەو بڕوایەی کە ئەم سێ شوێنە دەتوانن شوێن لەزۆربەی ڕۆمانە عەرەبییەکاندا بگرنە خۆ:

### ١- شوێنی خوازەیی(المكان المجازي):

ئەو جۆرە شوێنەیە، کە لە ڕۆمانە پڕ لە ڕووداوە یەك بەدوای یەکەکان و تاسەسازیدا بەرچاو دەکەوێت، نووسەر بۆیە ئەم شوێنە بەخوازەیی ناو دەبات، چونکە بوونی سەد لە سەد نییە، بەڵکو لە گریمانەوە (أفتراض) نزیکە. لێرەدا شوێن جگە لە مەیدانی ڕووداوەکان، دەلالەت لە کەسانی ڕۆمانەکە دەکات، لەو لایەنەی، کە پێوەندیی بەشوێنی چینایەتی، یا شێوەی ژیانیەوە هەیە. هەروەها تەواوکەری ڕووداوەکانیشە، بەمە بە ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی کاری هونەری دانانرێت،بەڵکو تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەیەو بەس. بۆیە بەشوێنێکی نەگەتیڤ دادەنرێت، چونکە سەربەخۆ نییە.

## ٢- شوێنی ئەندازەیی(المكان الهندسي):

بەو شوێنە دەگوترێت کە رۆمان دەیخاتەڕوو، لەمیانەی وەسفی دوورییەکانی و دەرەوەیەوە، واتە کاتێك ئەو شوێنە هەڵدەوەشێنێتەوە، دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێك رەنگ و ڕوو و شتی دی، کە بەجیا بەرچاو دەکەون.

## ٣- شوێنی تاقی کراوە(المكان المعاش):

بەو شوێنە دەگوترێت، کە نووسەر تێیدا ژیاوە، دوای ئەوەی لێی دوورکەوتۆتەوە. لەنووسیندا بەخەیاڵ تێیدا دەژێت، وەکو چیرۆکی(سەفەرێکی ئەفسووناوی)ی حسێن عارف. گاستۆن باشلار بەم شوێنە هۆگرە دەڵێت(ماڵی منداڵیی)، کە لە رێگەی یادەوەرییەوە دروست بووە[٥١].

یەکێ لەو نووسەرە پڕ بەرهەم و بەرهەم بەپیتانەی، کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی بۆ لێکۆڵینەوە لەشوێن تەرخان کردو بۆچوونێکی زانستی و دیالێکتیکی دا بەشوێن، بەڕادەیەك نەخشەی لێکۆڵینەوەی لەسەر جوگرافیای شوێن لە ئەدەبدا هێند فراوان و بەرینە، گەر بکەویتە ناو پانتایی نەخشەکەیەوە، ئیدی وا دەزانیت بەکیشوەرێکی بێ کۆتایی و بێ سنووری شوێن ئابڵوقە دراویت، ئەویش (یاسین النصیر)ی رەخنەگری لە تاراوگە ژیاوی عێراقییە، کە تا نهۆ ئەم کتێبە بەپێزانەی کە تەرخان بەشوێنن، نووسیوە:

١- الرواية و المكان.ج١، سلسلة الموسوعة الصغيرة (٥٧)، دارالحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠.

٢- دلالة المكان في قصص الأطفال. دار ثقافة الأطفال، بغداد ١٩٨٥.

٣- الرواية و المكان، ج٢، سلسلة الموسوعة الصغيرة (١٩٥)، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٦.



٤- أشكالية المكان في النص الأدبي. دارالشؤون الثقافية العامة. بغداد ١٩٨٦.

٥- جماليات المكان في شعر السياب، دار المدى للثقافة و النشر. دمشق ١٩٩٥.

شوێن لای (یاسین النصیر)ی پسپۆڕ لەبواری رۆڵ وچەمکی شوێن لە ئەدەبدا، دەکرێت بەسێ بەشەوە:

## ١- شوێنی گریمانکراو (المكان المفترض):

ئەمیش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ- شوێنی یۆتۆپی گریمانکراو.

ب- شوێنی کۆمەڵایەتی گریمانکراو.

شوێنی گریمانکراو زادەی خەیاڵی رووتە، دەکرێ هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی لە واقیعەوە وەرگرێت، بەڵام بە دیاری کراوی نا، مێژووی گشتی ونەوکاتیش تێیدا بزرە. جگە لەوەی شوێنی ناسراویش هەر بزرە، چونکە باسی شوێنی گشتی دەکات.

## ٢- شوێنی بابەتی (المكان الموضوعي):

تایبەتمەندی شوێنی بابەتی لەوەدایە، کە پێکهێنەرەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەهێنجێنێت، بارودۆخەکە دەیسەپێنێ بەسەریا تا شوێنێکی داخراوبێت. وەکو: بەندیخانە، دوورخراوگە، ئاسایشگا، شێتخانە، بەرەکانی جەنگ.

لەگەڵ ئەوەی، کە شوێنێکی داخراوە، بەڵام کراوەیە، لەسەر پشتە بۆ هزرو رامان. ئەگەرچی لای نووسەری بێ دیدگاو بیر تەسك تەنگتر دەبێتەوە.



PDF4Kurd

بە شوێنێکی کاتی دادەنرێت، چونکە بە تێپەڕبوونی کات و فراوان بوونی هـزرو گۆڕانی بارودۆخەکە، دەکرێ لێی رزگاربیت و سەربەخۆ بیت.

**٣- شوێنی تاك رەهەند (المكان ذو البعد الواحد):**

شـوێنێکی گـشتییە، لـە کـاری هونەریـدا ناسـنامەی تایبـەت بـەخۆی، ناسـنامەی چـینایەتی یـا کۆمەڵایـەتی بەدەسـت نـەهێناوە. واتـە رەهەنـدێکی پلاستیکی دیاری کراوە. ئەو شـوێنەیە، کـە چیرۆکنووس گرنگـی تـەواوی پـێ نەداوەو وەکو رووپۆشی دەرەوەی رووداوەکان بەکاری هێناوە، تەنیا یەك بەهاش بەدەستەوە دەدات[٥٢].

دکتـۆر (حميـد لحمـداني)یـش لـەلای خۆیـەوەو بـە پـشت بەسـتن بـە رای نووسەرانی وەك (هەنری میتران و جۆرج پۆلێ و فیلیپ هامۆن)، شوێن بۆ چوار ئاست دابەش دەکات:

**١- پانتایی جوگرافی:**

ئەو شوێنەیە، کە پاڵەوانەکان تێیـدا دەجـوولێن و رووداوەکـانی تێدا روو دەدەن، ئەم شوێنە دانەبڕاوە لە دەلالەتی شارستانی و کۆمـەڵایەتی، واتە تـەنیا شوێنێکی رووتکراوە نییەو زیندەگی لە میانەی جووڵەی کەسەکان و پێوەندی بە کاتی دیاری کراوەوە دەردەکەوێت.

**٢- پانتایی دەق:**

شێوازی نووسین و جۆری پیت و رووبەری لاپەڕەو بـەرگ و نەخـشەسازی و جوانکاری لە بەرهەمەکەدا دەگرێتەوە، نەك کاکڵەی بەرهەمەکە. شایانی باسـە



ئەم جۆرە شوێنە کاریگەریی لەسەر سروشتی رووداوەکانی رۆمان نییە بە قەدەر ئەوەی، کە شێوەی گێڕانەوەو رەگەزەکانی دی گێڕانـەوە کاردەکـەن. ئـەم جـۆرە پانتاییە کاریگەریی لەسەر میزاجی وەرگر بەجێ دەهێڵێت.

**٣- پانتایی گەیاندنی ماناو واتا:**

هەنـدێك جـار وشـەیەك دوو مانـاو دوو واتـا دەگەیـەنێت، رەوانبێـژان بەمانایەکی دەڵێن حەقیقی و بەوی دیشیان دەڵێن مەجازی.

**٤- پانتایی لە گێڕانەوەدا:**

ئەمەش گۆشەنیگای رۆماننووس یا چیرۆکنووس دەگرێتەوە، لەبارەی جۆرو چۆنێتی خستنەڕووی بەرهەمەکەیەوە. ئایا خۆی دەبێتە پاڵەوانی بەرهەمەکە یا کەسانی دی، یـاخود بـە زاری یەکێکـەوە ڕووداوەکـان دەگێڕێتـەوە. (عبـدالملك مرتاض)یش لە روانگەی خۆیەوە شوێن بەم شێوەیە دابەش دەکات:

**١- شوێنی جوگرافی**

**٢- شوێنی نیمچە جوگرافی**

بۆ نموونە: کە باس لەخەونێك دەکرێت، خەونیش جوگرافیای هەیەو نییـە، واتـە نیمچە جوگرافییە.

**٣- شوێنی ئاوی:**

ئەو شوێنەیە، کە ڕووداوەکانی زیاتر لەرووبەرێکی ئاویدا ڕوو دەدەن، وەکو:

رۆمانی(پیرەمێردو زەریا)ی هەمەنگوای و رۆمانی(مۆبی دیـك)ی هێرمـان ملڤێل و نۆڤلێتی(سەگی بەڵەك)ی جەنگیز ئێتمـاتۆڤ و رۆمـانی (زریـان)ی جوزێف کۆنڕادو(سەرهاتی نوقوم بوویـەك)ی مـارکیز. یـاخود وەکـو(ئۆدیسە)و

(هەزار و یەك شەو)، كە پاڵەوانەكانیان سواری پشت دەریا دەكەن.

**٤- شوێنی بزێو(المكان المتحرك):**

لەمیاندا زوو زوو هەست بەگۆڕانكاری شوێن دەكەین و سیفەتی بێ ئۆقرەیی لەخۆ دەگرێت، وەكو: ڕۆمانەكانی(شەوی لەشبونە)ی ریمارك و (نینا)ی سابت رەحمان و(دووره وڵات)ی ع. قاسمۆڤ و (حەمەدۆك)ی یەشار كەمال و(راز)ی خوسرەو جاف و (دواهەمین هەناری دنیا)ی بەختیار عەلی.

**٥- شوێنی بێ سەروشوێن:**

ئەم جۆرەیان هەمیشەیی نییەو بەپێی كات و شوێن دەگۆڕێت، وەكو: ناو سەهۆڵبەندان وبەستەڵەك و بەرهەتاوو جەرگەی شەڕو شوێنی شایی.

**٦- شوێنی بەندو باوكاری:**

ئەمیان زیاتر لەچیرۆكە ئەفسانەییەكاندا هەیە، وەكو لەسەر بەڕە فڕین و سواری پشت گسك بوون وئاسمان تەی كردن وكڵاوی سخری جن لەسەركردن. ئەمجۆرە شوێنە زیاتر لای بۆرخێس و ماركیزو نووسەرانی دیی ئەمریكای لاتین بەكار دەبرێت.

**٧- شوێنی سەیرو سەمەرە:**

بەو شوێنە دەگوترێت، كە عادەتیی نییەو ناوهێنان و بەكاربردنی زۆرجار دەچێتە قاڵبی ئەدەبی فانتازیاوە.. وەك ناوگەرووی نەهەنگ و سەر ئەستێرەو مانگ و حەوت تەبەقەی ئاسمان، كە لە ئەفسانەی كوردی و میللەتانی دیدا گەلێك بەكار براوە[٥٣].

توێژەری بەناوبانگی مەغربی(سعید یقطین)بینای پانتایی لەچیرۆكی میللیدا دەكات بەدوو بەشی سەرەكییەوە:



**١- بینای پانتایی تایبەتی**

**٢- بینای پانتایی گشتی**

بینای پانتایی گشتی دەكرێت بەسێ بەشەوە:

**١- پانتاییە مەرجەعییەكان(الفضاءات المرجعية):**

بەو پانتاییە دەگوترێت، كە دەتوانین لەواقعدا بیدۆزینەوە، لەدابەشكردنە جوگرافییەكان، یا لەمێژووی كۆندا.

**٢- پانتاییەكانی خەیاڵ كردنەوە(الفضاءات التخييلية):**

زۆر لەشوێنی یەكەم دەكات، بەڵام دروستكەری ئەمیان خەیاڵی فراوانی گێڕەرەوەیە، ئەمیش دابەش دەبێت بۆ:

**أ- پانتایی گوڵی(الفضاء الوردي):**

پانتاییەكی جوان و بەپیتە، پڕە لەو وێنە جوانە سروشتییانەی لە یادەوەریدان، هەروەكو ئەو وێنە پۆستكاردانەی، پڕن لەدیمەنی سروشتی، كە جوانییەكەی لەبەهەشتەوە وەرگرتووە. چونكە پڕە لەكێڵگەو باخ، بۆیە هەمیشە ڕەنگەكانی سروشت لەخۆ دەگرێت، زۆرجار لەپاش گەڕان و ململانێ و كێشمەكێشی زۆر پاڵەوان دەگاتە ئامانجی خۆی و بەم شوێنە هۆگرو هێمنە بەهرەمەند دەبێت.

**ب- پانتایی چۆڵەوانی (الفضاء القفري):**

ئەگەر پانتایی گوڵی خۆشیی بخاتە دەروونی كەسەكانەوە یا وەرگر، ئەوا ئەمیان سەرسوورمان و ترس و تۆقاندن و غەم و پەژارە و دڵەڕاوكێ دەچێنێت و هەمیشە ڕەنگی ڕەش و زەرد لەخۆ دەگرێت.

**ج- پانتایی جەنگ(فضاء المعارك):**



PDF4Kurd

پانتایی دەق لای گێڕەرەوە مەیدانی جەنگە بەهەموو ماڵوێرانییەکییەوە، لێرەدا زمان و وەسف لەفراوانکردنی پانتایی جەنگ ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. ئەم پانتاییە هەمیشە ڕەنگی سوور لەخۆ دەگرێت.

**د- پانتایی بەئەندێشە (الفضاء المتخیل):**

هەموو پانتاییەکانی پێشوو جێگەیەکی دیاریکراویان هەیە، بەڵام ئەمیان جیایە،چونکە سەر بەجیهانێکی دییە. ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

**١- پانتایی ئەو دنیا(فضاء العالم الاخر):**

پانتایی پاش مردنە، پانتایی بەهەشت و دۆزەخ. ئەم پانتاییە لەزۆر لەچیرۆکە میللییەکاندا ئامادەیی هەیەو هەمیشە ئەو دنیا بەبناغەی ئەم دنیا دادەنێت، ئەگەرچی پانتایی گوڵی لەسەرزەوی دەدۆزرێتەوە، بەڵام بەرز ڕاگرتنی پانتایی ئەو دنیایە. دووری نێوان پانتایی سەرزەوی وپانتایی ئەو دنیا، دووری نێوان ژیان و مردنە.

**٢- پانتایی خەون(فضاء الحلم):**

چ لەڕووی سروشت وچ لەڕووی دوورییەوە، جیاوازییەك نییە لە نێوان پانتایی خەون وپانتایی ئەو دنیادا. لێرەدا لەبری بمرێت، دەنوێت و خەون دەبینێت(لەهەیوانەکەدا لەسەر جێیەکەم خۆم بینییەوە... سینییەکی زێر، قاپێکی بلووری تێدابوو، خرایە بەردەمم. قاپەکە قازێکی قەڵەوی سوورەوە کراوی تێدابوو.

لەپڕ سەگێکی زەبەلاحی پێ کوڵی سەر زل، لەقازەکە نزیك بۆوەو پڕی دایێ، ویستی تێقوچێنێ، هەر لەوکاتەدا نەڕەشێرێکم بینی بەژوورکەوت و هەرکە گەیشتە سەگەکە، شاڵاوی بۆ بردو کوشتی. قازەکەی لەدەم سەگەکە



دەرکردو بێ ئەوەی گلاوی کردبێت بۆی هێنام)[٥٤].

**٣- پانتایی عاجباتییەکان(الفضاءات العجائبیة):**

ئەو شوێنەی لێرەدا بەکاردەبرێ، جێی سەرسووڕمان و عاجباتییە، بەهەمان رادەش دەچێتە خانەی ترس ئامێزەوە، ئەمە جگە لەوەی لە زۆر کاتدا وەکو ڕەمز بەکاردەهێنرێت.

وەکو: ئەژدیهاو دێوو درنج.

دێو، کە دەم دەکاتەوەو قاقا پێدەکەنێت، ئەوا دەمی بەئەندازەی دەروازەی شارێك دەکرێتەوە، ددانەکانی لەسەکۆی دوکانەکان دەکەن، مەلاشووشی کوتومت دەڵێی گەورە بازاڕێکە بۆ خۆی. ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

**أ- پانتایی بەرچاو(الفضاء الظاهري).**

**ب- پانتایی ناوەوە (الفضاء الباطني).**[٥٥].

(عواد علی)بەپێی تیۆرەکەی(ئۆپرسفێڵد)شوێن لەشانۆدا بەم شێوەیە پۆلێن دەکات:

**١- جێگەی شانۆیی و شار:**

(جێگەی شانۆیی بە پەیوەندییە مادی و بیناسازییەکانی بەشارەوە دیاری دەکرێت) دواتر(ئەو جێگەیەی لەناو شاردایە).

**٢- جێگەی سەکۆیی(المکان المنص):**

شوێنی هونەرمەندە ئەزموونکارەکانە، هەموو ئەو پێویستییانەی دەبنە هۆی چالاکی و جووڵەی ئەکتەرەکان و کۆڕە تایبەتییەکان و بوونی دیکۆر یا نەبوونی.

**٣- فەزای سەکۆیی(الفضاء المنص):**



PDF4Kurd

بەلایەنی کەمەوە دەسەپێنرێتە سەر سەرجەمی ڕووداوەکان، کە دەچنە سەر سەکۆ.

**٤- فەزای درامی:**

ئەمەش لەدوو چەمکەوە گەشە دەکات:

**أ- فەزای سەکۆیی:**

دەتوانێت فەزایەکی مادی بۆ دەقە شانۆییەکە دیاری بکات.

**ب- فەزای وەهمی:**

لەدەقەوە وەرگیراوەو لەویشەوە سروش وەردەگرێت[٥٦].

دکتۆر(شجاع مسلم العاني)یش لەنامەی دکتۆراکەیدا شوێن بۆ چوار بەش پۆلێن دەکات، ئەمەش بەپێی پێوەندی کەسەکە بەشوێنەوە:

**١- شوێنی شانۆیی(المكان المسرحي):**

هەندێك جار چیرۆك یا ڕۆمان قالبی شانۆنامە لەخۆ دەگرێت، بەوەی شێوەی گفتوگۆی کەسەکان و جوولەیان ناچار بە پابەندبوون بە بنەماکانی شانۆ دەکرێن، بۆیە بەم جۆرە شوێنە دەگوترێت شوێنی شانۆیی، یا شوێنی درامی، بە چیرۆکەکە دەگوترێت چیرۆکی درامی، ڕۆمانەکەش بە ڕۆمانی درامی ناو دەبرێت، بۆیە ڕۆڵی شوێن لەم جۆرە چیرۆکە یا ڕۆمانانەدا زۆر کزو لاواز خۆ دەنوێنێ وبەشوێنێکی نەگەتیڤ دادەنرێت، چونکە ملکەچی ڕووداوو کەسەکانە و پاشکۆشیانە.

لەشوێنی شانۆییدا هەروەکو باختین دەڵێت، تایبەتمەندی پێکەوە ژیان و ململانێشی هەیە. هەندێك جار نەك هەر شوێنەکە شانۆییە، بەڵکو وەسفەکەش شێوەی وەسفی شانۆیی لەخۆ دەگرێت(خانوویەکی هاکەزایی بە قایە



دروست کراو، دەرگایەکی ساجی گۆپکەداری ئاسن، لە دەرگاکە دەچییە ژوورەوە)[٥٧].

شوێنی شانۆیی تایبەتمەندی خۆی نییەو تایبەت نابێت بەیەك شوێنەوە، بۆ نموونە زۆرجار، کە وەسفی شارێك دەکرێت هێند گشتی دەبێت جیا ناکرێتەوە لەشارێکی دی، هەندێك جار چاخانەیەك یا ژوورێك یا بەندیخانەیەك یا کەشتییەك دەکرێت بەمەیدانی ڕووداوەکان لەشوێنی شانۆییداو هەموو چین و توێژەکان یا چەند نەتەوەیەك یا چەند ئایدیۆلۆژیاو مەزهەبێك کۆ دەکاتەوە، ئیدی ئەو شوێنە لەلایەك دەبێتە مەیدانی پێکەوە ژیان و لەلایەکی دیشەوە دژایەتی و ململانێکانی تێدا توندتر دەکرێنەوە. (هۆڤمان) ڕۆمانی تایبەت بەم جۆرە شوێنە بە(ڕۆمانی هزر) ناو دەبات.

(پێویستی بنیاتی ئەم جۆرە ڕۆمانە ڕەنگە ئاسانتربێت لەوەی، کە لەیەکەم جاردا دێتە بەرچاو. یەکێك لەو پێداویستییانە کۆکردنەوەی خەڵکانێکی زۆرە لە تەنیا شوێنێکدا، کە بارودۆخ لەباربێت بۆ گوزارشت کردنی هەمەڕەنگ لەهەمە ڕۆشنبیریی هزری. ژووری میوان وئاهەنگ و کاتی شێوان، ئەمانە مەڵبەندی خوازراوی بنیاتگەری ئەم جۆرە ڕۆمانەن)[٥٨].

دەبێ ئەوەش لەیاد نەکرێ، کە شوێنی شانۆیی هەندێك جار دەگۆڕێت بۆ دژە شوێن و جارجاریش بۆ هۆگرە شوێن، نموونەی شوێنی شانۆیی لەرۆماندا: نۆڤلێتی(لانە)ی کافکاو نۆڤلێتی (باخچە)ی مارگرێت دۆراو ڕۆمانی(کوێری)ی ساراماگۆو(دەیەمین پیاو)ی گراهام گرین و(ئەوان ئەسپەکان دەکوژن)ی هۆراس ماکۆی و (بێدەنگیی دەریا)ی ڤێرکور و(السفينة)ی جبرا ابراهيم جبرا و(بەنداو-السد)ی مسعدی و نۆڤلێتی(زەردەمار)ی حەمە سەعید زەنگنە.

**٢- شوێنی مێژوویی (المكان التأريخي):**

هەندێ لەنووسەران بەشوێنكات(الزمكان)یشی ناودەبەن.

(شوێنی مێژوویی ئەو شوێنەیە، كە هەرگیز لە كات دانابڕێت،ئەمە رەنگە وا بگەیەنێت، كە ئێمە بڕوامان وایە شوێن هەیە بەكاتەوە پەیوەستە، شوێنیش هەیە دابڕاوە لێی. لە راستیدا كارەكە پێچەوانەی ئەمەیە، بە ڕای ئێمە ناشێت هیچ شوێنێك بە هەر شێوەیەك لەشێوەكان لەكات جیابێتەوە، چۆن ناتوانێت لەجوولەش جیابێتەوە، هەروەك "هیگڵ" وای دەبینێ، كە كۆی یەكگرتنی كات و شوێنە)[٥٩].

شوێنی مێژوویی لەو ڕۆمان وچیرۆكانەدا ڕەنگ دەداتەوە، كە مێژووی قۆناغێك لە قۆناغەكانی مێژووی كۆمەڵ دەگێڕنەوە، وەكو ڕۆمانەكانی بلزاك، كە باسی داتەپین و هەڵوەشانەوەو لەدەستدانی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ دەكەن، بەگۆڕانی قۆناغی فیودالی بۆ قۆناغی سەرمایەداری.

یاخود شانۆگەرییەكانی شەكسپیرو ڕۆمانەكانی چارلز دیكنز و س. ئێس. فۆرستەر.

ئەو نووسەرانەی، كە زیاتر شوێنی مێژوویی بەكاردەبەن، هێند بەرجەستەی دەكەنەوە، تەنانەت زۆرجار ناوی شارە مێژووییەكە، یا شوێنە مێژووییەكە وەكو خۆی بەناوە ئەسڵییەكەیەوە ناودەبەن، بێ ئەوەی هێمای بۆ بەكاربێنن. بەگشتی مەیدانی شوێنی مێژوویی، مێژوویەكی لەسەر دەگێڕرێتەوە و بۆنی سەدەكانی رابردوو، یاخود نەوەكانی پێشووی لێ دێت.

نموونەی هەندێك لەو ڕۆمانانەی، كە شوێنی مێژووییان تێدا بەرجەستەكراوە:

(تۆپەكە)ی فۆرستەرو (النخلة والجيران) و (المخاض) و (القربان)ی غائب طعمة فرمان و (صيادون في شارع ضيق)و (البحث عن وليد مسعود)ی جبرا ابراهيم جبرا و (ئاسۆس)ی محی الدين زەنگنە و (داستانی دمدم)ی عەرەبی شامیلۆڤ و (شار)ی حسین عارف و (هەڵكشان بەرەو لوتكە)و (كۆچڕەو..كۆچڕەو)ی عبدالله سەراج.

**٣- هۆگرە شوێن(المكان الأليف):**

(مەبەست لەشوێنی هۆگر هەموو ئەو شوێنانەیە، كە تێیدا ژیاوین و هەستمان بەپاراستن وگەرمی كردووە، بەشێوەیەك، كە ئەم شوێنە بووەتە مادەی یادەوەرییەكانمان. ماڵ، نەخوازەڵا ماڵی منداڵیی بەتینترین شوێنی هۆگرە)[٦٠]. چونكە خۆشترین و بێ چەوسانەوەترین كاتی ژیان وهەست بەلێپرسینەوە نەكردن و باوەشی پڕ لە سۆزو گەرمی دایك و باب و یاری كوڵان و پێوەندی برادەری و گەلێ شتی دی تێدا تۆماركراوە، بەدەگمەن دووبارە دەبنەوە. جا مەرج نییە ئەو شوێنە ماڵ بێت، دەشێ ژوورێك یا گەڕەكێك یا شەقامێك یا باغچەیەك یا شارێك بێت. لە ڕۆمانی(پشت كووڕەكەی نۆتردام)ی ڤیكتۆر هۆگۆدا، كڵێسا كە ماڵی منداڵیی(كوازیمۆرۆ)ی پشت كۆمە، كە گەورەش بووە، هەر ژیانی تێدا بەسەردەبا، هێند هۆگرو دەستەمۆی بووە، لای ئەو بووەتە (هێلكەو هێلانەو ماڵ و نیشتمان وجیهان)[٦١].

مرۆڤ هێند هۆگری هەندێ شوێنی رەسەن دەبێت، ئامادەیە لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەو شوێنە، یا لەدەست نەدانی، گیان و سەرو ماڵی لەدەست بدات، ئیدی ئەو شوێنە پانتایی ئایدیۆلۆژیا داگیر دەكاو بە لەدەستدانی تووشی نامۆیی دەبێت(نامۆییەك نە شارستانی و نە ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و رامیارییە، بەڵكو بەپلەی یەكەم نامۆیی شوێنە)[٦٢]. هۆگرە شوێن(بەتوندی كار

لــەدەروون و هەڵــسوكەوتی مــرۆڤ و كاردانــەوەو چــالاكییە ســایكۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و تەنانەت بایۆلۆجی و فیزیۆلۆجی و بیروبۆچوون و ژیانی رۆحـی و هەڵوێستی رۆژانەو خەون و خەیاڵیشی دەكات)[٦٣].

غفور صالح عبداللەی چیرۆكنووس لە رۆمانی(توانەوە)دا خۆشەویـستی و هۆگریی خۆی بۆ شوێنی پێشووی پێ ناشارێتەوە، لەزاری پاڵەوانەكەوە دەڵێت: (ئەو رۆژەی فەرمانی گواستنەوەت، لەشارە گەرداوییـە پـڕ ئاپۆراكـەوە بـۆ ئـەم شارە دەرچوو، زۆر دڵتەنگ بووی، تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەربـەدەریی تێـك ترنجاون و چەن ساڵێكە لەگەڵی راهاتووی. لەوێڕا دەیان بیرەوەری تـاڵ و تفـت و سوێرو شیرینت پاشەكەوت كردووە، وەكو سامانێكی لەدڵ شـیرین دڵـت نایـەت بەجێیان بێڵی)[٦٤].

نووسەرێكی دی، خۆشەویستی و هۆگری و پەرۆشی خۆی بـۆ شـوێن ئـاوا دەردەبڕێت:

(گەر ئێستا پێشبڕكێی ماراسۆن دەست پێ بكەن، دەبمە دوامینتان، خۆ ئەگـەر پێشبڕكێكەش بەڕۆیشتن بە پێ بوو،رەنگە خاڵی سەرەتا هەر بەجێ نەهێڵم، ئێوە دەتوانن رابكەن و بگەنە سەر مانگ، بەڵام من لێرە دەمێنمەوە، چونكە هێشتا لەزەوی تێر نەبوومە!)[٦٥].

ماجد لە رۆمانی (ظلال علی النافذة)ی غائب طعمة فرمان دا كاتێك لـە هەندەران دەگەڕێتەوە، دەبینێ خێزانەكەی لەشـوێنی منـداڵیی باریـان كـردووەو گواستوویانەتەوە بۆ گەڕەكێكی دی، گەڕەكێك بێبەش لە بـچووكترین دیمـەنێك، كە بۆ خۆی رابكێشێ و هۆگرو دەستەمۆی بكـات، چـونكە ئـەو دیمەنـە نوێیـە بێبەشە لەكزترین پێوەندی بە رابردوو یا بە یادگارییەكانییەوە(گەڕامەوە، بینیم



هەمـوو شتێكم بۆ سازو ئامادە كراوە، بەشدارنەبووم لەهیچ یەكێك لەو شتانەی بۆ حەواندنـەوەم ئامـادەكرابوون، ماڵەكـە بـە هـەر پێـنج ژوورەكانییـەوە بـۆنی رابـردووی لـێ نایـەت، یادگارییـەكانمی لـەخۆ نـەگرتووە، وا هەسـت دەكـەم بەشێوەیەكی كاتی تێیدا دەژیم، تا ئەو دەمەی ژیانی تایبەتی خۆم لەگۆشەیەك، كە نازانم لەكوێیە، دەست پێ دەكەم)[٦٦].

هەندێك نووسەری دی باس لە (سەربان)ی مـاڵ دەكـەن. چـونكە سـەربان لەخانووی كۆنی رۆژهەڵاتیدا شوێنی گۆشـەگیری وبیركردنـەوەو چـێژ وەرگـرتن و چاوبڕكێ و دەست لەملانێ و نووستنی ناو كوللەیە، كە ئەمڕۆ لە چیرۆكەكاندا بەكارهێنان یا ناوبردنی سەربان خەریكە كەمتر دەبێتەوە یا نامێنێت، ئەمـەش لەسۆنگەی شێوەی بیناسازی مۆدێرن، یا پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاوە گەلێ جـار پێوەنـدی پاڵـەوان بەشـوێنەوە نـەك هـەر لەوەسـفی شـوێن دەرناچـێت، بـەڵكو وردتردەبێتەوە تا وەسفی شـتە وردەكـانی نـاو مـاڵیش دەكـات، وەكـو وەسـفی شوقەلەت[٦٧] و سندوقی ماڵ و وێنەی بۆراقی سەری وجاجخانەو ڕەف و ئاوێنـەو باوڵی جل و جاجم و بەڕە، ئەوانەی باشلار ناویان دەنێت(ماڵی شتەكان - بیوت الأشیاء).

(چونكە لەو سـندوقە دارینەیـە مانایـەكی دی هەڵـدەقوڵێ، تـەنیا مـاڵی شتەكان نییە، بـەڵكو ماڵێـك دەرژێنێتـە رابـردوو و یادگارییـە بەنـدكراوەكانی ناوی)[٦٨].

واتە رەنگە بەكردنەوەی كۆنە سـندووقێك شـەپۆلی دەریایـەك لـەیادگاری لەهەناوماندا بكەوێتە هاژە هاژ، بۆنا، خۆ هەر تەنیا چـەند پارچـە تەختەیـەك لێك بدرێن وبكرێن بە دەرگا، ئەوا دەبێتـە هێڵـی جیاكـەرەوەی نێـوان جیهـانی



PDF4Kurd

ناوەوەو جیهانی دەرەوە.

هەر بۆ برینی تخووبی ئەم هێڵەی نێوان دەرەوەو ناوەوەو ئاودیوبوون (پێویست بەتەمەنێك لەپێوەندی كۆمەڵایەتی و برێك لەرەوشت و زەمەنێك لەئاشنایی و برادەری دەكات)[٦٩].

هۆگرە شوێن، كە زیاتر شوێنی داخراو دەگرێتەوە، نەك شوێنی كراوەو فراوان، هەر كاتێك شوێنی هۆگر زیاتر داخرا، تەنگ بۆوەو بوو بە لەمپەرێك لەبەرابەر جوولانەوەو بەدیهێنانی ئارەزووەكانی، یا بگۆڕێ بۆ شوێنێكی شەرم هێن، ئەوا ئاوەژوو دەبێتەوەو دەگۆڕێ بۆ دژە شوێن، سەییابی شاعیر لەشاری لەندەنی تەماویدا كاتێك هەست بەگرانی و قورسی نەخۆشییەكەی دەكات، لەندەنی رازاوەی لێ دەبێتە دۆزەخ و عێراقی لا دەبێتە بەهەشتی سەرزەمین:

**شەوی لەندەن مردنێكە گیانەڵاكەی شەوخونی و**

**سەرماو بێزاری و نامۆیی و**

**غەریبییەكی رەشە لەبۆشایی دڵدا**

**خوایە كەی بگەڕێمەوە بۆ نیشتمانەكەم**

**تا ئاسمانی نیشتمان بەخۆر ماچم بكا![٧٠]**

**٤- دژە شوێن (المكان المعادي):**

(هەندێ شوێن هەن مرۆڤ لە بەرابەریاندا هەست بە هیچ هۆگرییەك ناكات، بەڵكو بەپێچەوانەوە هەست بەدوژمنداری دەكات، ئەم جۆرە شوێنانەش یا مرۆڤ بەناچاری تێیاندا دەژی، وەكو: بەندیخانەو گرتووخانەو دوورخراوگەكان، یا مەترسی مردنیان تێدا دەبینێتەوە، وەكو بیابان)[٧١].

مرۆڤ هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووە، جێی خۆی خۆش بكاو لەگەڵیدا



بگونجێ و دەستەمۆو هۆگری بكات. دوور نییە هەر ئەو شوێنەی پێی هۆگرە، بگۆڕێ بەدژە شوێن، بۆ نموونە: ئەگەر لەو ژوورەی هۆگری بووە، ماوەیەك دیل بكرێت، ئەوا لێی دەبێ بەدژە شوێن، یا شوێنی كارەكەی ببێتە جێی چەوسانەوەو نارەحەتی و نا ئارامی، ئەوا لێی دەبێت بە دژە شوێن، بەندیخانە یەكێ لەو شوێنانەیە، كە مرۆڤ هەرگیز هۆگری نابێ، بۆ نموونە هەر ناوهێنانی شوێنگەلی مێژوویی وەكو(نوگرە سەلمان) یا (عەرعەر) یاخود (ئەمنەسوورەكە)، تەنیا ناوهێنان و بیرخستنەوەیان قێز لێبوونەوەو خۆ پاراستن و دووركەوتنەوە، لەو دژە شوێنانە دروست دەكات، یاخود گۆڕستان و نەخۆشخانەو بەرەكانی جەنگ و ئاسایشگا وبارەگاكانی حزبی دكتاتۆرو شێتخانە، دەبنە شوێنگەلێك، نزیك كەوتنەوە لێیان ترس و سامێكی خەست دەخەنە دڵەوە. نموونەی ئەم جۆرە شوێنە، چیرۆكی(ژووری ژمارە ٦)ی چیخۆف و رۆمانەكانی (كوێری)ی ساراماگۆو (القلعة الخامسة)ی فاضل العزاوي و (شرق المتوسط)ی عبدالرحمن منیف و (العین ذات الجفن المعدنیة)ی شریف حتاته و (الجسور الزجاجیة)ی برهان الخطیب و (المبعدون)ی هشام الركابي و (ژانی گەل)ی بلەو (بەهاری رەش)ی أحمد محمد اسماعیل-ن.

ریمارك لەرۆمانی(شەوی لەشبۆنە)دا زێدو مەڵبەندی ژیانی خۆی، كە ئەڵمانیای بەدۆزەخ كراوی ژێر دەسەڵاتی نازی وسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییە، لێی دەبێتە دژە شوێن و ئەو شوێنەی، كە لێی گیرساوەتەوە (پورتوگال)، لای دەبێتە هۆگرە شوێن(لەو كەشتییەی لەسەر دەروازەی بەندەرەكە، هەندێك دوور لەشۆستەكە لەنگەری گرتبوو، روانیم، رووناكییەكی تیژ رۆشنی دەكردەوە، هەرچەندە وا هەفتەیەك بەسەر مانەوەم لەم شارەدا



PDF4Kurd

تێپەڕیوە، وەلێ من هۆگری ڕووناکییە بێ خەمەکەی نەبوومە، لەدوای خۆم شارگەلێکم جێهێشت، کە لەباوەشی شەوێکی ئەنگوستەچاودا خۆیان مەلاس داون، هەر دەلێی کانە خەلوزن، شارگەلێك تیشکی چرا تیایاندا ترسناکترە لەدەردە کۆلێرای سەدەکانی ناوەڕاست. بەلێ من لە ئەوروپای سەدەی بیستەوە هاتووم(٧٢).

دکتۆر(ابراهیم جنداري) یش شوێن بەپێی ڕۆمانەکانی(جبرا ابراهیم جبرا) ئاوا سنووربەند دەکات:

**١- شوێنی گشتیی کراوە:**

لەبەردەم کەسەکاندا کراوەیە، دەتوانن بەئارەزووی خۆیان تێیدا بێن و بچن، وەکو: شەقام و کۆلان و شوێنە لاچەپ و بازاڕو نەخۆشخانەو چاخانەو سووڕخانەو گەرماوو مەیخانەکان.

٢- شوێنی تایبەتیی داخراو:

لەبەردەم کەسەکاندا داخراوە، سنوورو ڕووبەرێکی جوگرافی دیاری کراوی هەیە، هەموو کەس ناتوانێت بەسەربەستی تێیدا هەلسووکەوت بکات، تەنیا کەسێك یا چەند کەسێك نەبێت. وەکو: مال و ژوور و ئۆفیس و ڕەشمال(٧٣).

شایانی باسە گاستۆن باشلار مرۆڤ بەهەبوویەکی نیوەکراوە دادەنێت. چونکە نیوەی مرۆڤ کراوەو لەبەرچاوە، چ بەجەستەو چ بەو هزرەی قسەو ڕەفتاری پێ دەکات، نیوەکەی دیش داخراوە، هەر لەجەستەوە تا رازو نیاز و ئارەزووە کپکراوەکانی، کەرادەی زیادو کەمی بەشی داخراو دەگەڕێتەوە بۆ رادەی پابەندبوون و ملکەچی بۆ دابونەریتی کۆمەل و یاسا وئایین و دەسەلات.

هەرچی دکتۆر(یوسف سلیمان الطمان)ە، لای ئەو شوێن دەچێتە قالبێکی



دییەوە، لەنامەی دکتۆراکەیدا(شوێن لەقورئانی پیرۆزدا) شوێن لەقورئاندا دەکات بەپێنج بەشەوە:

**یەکەم: شوێنی هەستی (المكان الحسي)**، دەکرێت بەدووبەشەوە:

١- شوێنی ئاسمانی: وەکو(ئاسمان، ڕۆژ، مانگ، ئەستێرە، هەور).

٢- شوێنی زەمینی: دەکرێت بەدوو بەشەوە:

أ- شوێنی دەریایی: وەکو(دەریا، کەشتی، بەرزەخ، کانی، بیر).

ب- شوێنی وشکانی: دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١- شوێنی سروشتی: وەکو(بەرزایی، دەشت، دۆل).

٢- شوێنی دەستکرد: وەکو(مال، خانوو، دەرگا، بازاڕ، کۆشك، گوند، بەنداو، بەندیخانە، گۆڕ).

**دووەم: شوێنی مەعنەوی: وەکو(ڕێگە، ڕوناکی و تاریکی، بەزەیی، پەناگە).**

**سێیەم: شوێنی جیاجیا(أماكن متفرقة): دەکرێت بەسێ بەشەوە:**

١- شوێنی ئایینی: وەکو(مزگەوت، کەعبە، سەفاومەروا، مەککە).

٢- شوێنی جەستەیی: وەکو(دەم و چاو، سەرومل، سینگ، پشت).

٣- شوێنی لایەن و مەوداکان(الجهات و المسافات): وەکو(ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا،باکوورو باشوور، ڕاست وچەپ، قیبلە، دووری و نزیکی، تەنگی و فراوانی).

**چوارەم: شوێنی بەهەشت و دۆزەخ:**

بەپێی وەسفی توێژەر لەم دوو شوێنەدا مرۆڤ و شتەکان، لەمانای ئاسایی خۆیان دەردەچن و هەر شوێنەو تایبەتمەندی خۆی پێیان دەبەخشێت.

**پێنجەم: شوێنی غەیبی تر:** وەکو(عەرش، بەرزەخ).

تویـژەر دەڵێـت: ژمـارەی ئایەتـەکانی قورئـان (٦٢٣٧) ئایـەتن، کـە(٢٥٤١) ئایـەتیان بـاس لـە شـوێن دەکـەن، واتـە بەرێـژەی ٤١٪، ئەمـەو جگـە لـەوەی کە(١٤) سوورەت بەناوی شوێنەوە ناونراون، کە ئەمانەن:
(الاعراف، الحجر، الکهف، الأحقاف، الحجرات، الطور، النجم، القمـر، الـبروج، الطارق، الأعلي، البلد، الشمس، الکوثر).

لەئەنجامدا توێژەر ئـەوە ڕەت دەکاتـەوە، شـوێنی ناڕاسـت و نـاواقعی یـا خەیاڵی لەقورئاندا بوونی هەبێت. جەختیش دەخاتە سـەر ئـەوەی، کـە هـەموو شوێنەکان بوونیان هەیەو دوورن لەیۆتۆپیاو خەیاڵەوە.
ئیدی ئەگەر ئەو شوێنە ئاسمانی بێت یازەمینی، سروشـتی بێـت یـا دەسـتکرد، غەیبی بێت یا مەعنەوی[٧٤].

لێرەدا نووسـەر بەدیـدێکی مەزهـەبیی رووتـەوە دەڕوانێتـە شـوێن و ئـەم شوێنانە نەك هەر بەپیرۆز و نەمر دادەنێت، بەڵکو دەبنە چەقی دنیـاو بەشـێك لەپرۆسەی خوڵقاندنێکی گەردونییانەی گەورە (زۆر شارستانییەت پێمان دەڵێن، هەندێ چیا، هەندێ شوێن دەکەونـە ناوەڕاسـتی گەردوونـەوەو سـەراپای جیهـان لەوێوە دەست بەدروستبوون دەکات. بەلای هیندییەکانەوە چیای مـەیرۆ چـەقی جیهانە. بیری کۆنی ئێرانیش چیای (البرز) یان (هەرە بەرزایـەتی)و لـە ئـاییـنی زەردەشتیـشدا ولاتـی ئێـران بەگـشتی دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی گەردوونـەوە)**
چونکە(لەدیدی ئینسانی ئاینیدا هەموو دنیاو گەردوون و شـتەکانی دیکـە لـەو شوێنە پیرۆزەوە خوڵقاون، ئەو شوێنە دڵی وجودەو ژیان و بوون لەوێوە دەسـتیان پێکردووە)[٧٥].
بۆ نموونە(ثعلبي)چیرۆکی خوڵقاندنی ئادەم بەپێی ئینتیماو ئەو نێوەنـدەی تێیـدا



دەژی و بەپیرۆزی دەزانێت، وێنادەکات:
(خودا سەری ئادەم و تەوێڵی لەگڵی کەعبە خوڵقاندو، سینگ و پشتیشی لەبیت المقدس و ڕانی لەزەوی یەمەن و لاقـەکانی لـەزەوی میـسرو پێیـەکانی لـەزەوی حیجـازو دەسـتی راسـتی لـەزەوی رۆژهـەڵات و دەسـتی چەپیـشی لـەزەوی رۆژئاوا)[٧٦].

## شوێنێکی گرنگی پشتگوێ خراو

### ئەندامە شوێن(شوێنی جەستەیی):

جۆرێك لەو شوێنانەی جگە لە توێژەر(یوسف سلیمان الطمان)،ئیدی هـیچ یـەکێك لـەو نووسـەرانەی دی بـەلایا نەچـوونەو ناویـان نـەهێناوە، (ئەندامـە شوێن)ە.

مەبەست لەئەندامە شوێن، ئەو شوێنەی جەستەیە، کە دەبێتـە مەیـدانی سـەرەکی دەقەکـە، یاجێگەیـەکی فـراوان لـەپانتایی دەقەکـەدا داگیر دەکـات. وەکو(دەم، لووت، لێو، چاو، سینە، ڕان، قژ).

هەندێك جار مرۆڤی خاوەن ئەم هەموو ئەندامـە شـوێنانە، خـۆی دەبێتـە شوێنی سەرەکی بۆ شتێك(شتەکە دەبێتە شوێنی مرۆڤ یا مرۆڤەکە خۆی دەبێتە شوێنی شتێك، یا ئاژەڵێك یامێروویەك یامرۆڤێکی تر)[٧٧].

بەبۆنەی ئەو تابۆیەی لەسەر هەندێ شوێنی جەستە دانراوە، سنووربڕین و باسکردنی، نووسەری لەسەر ئێشەو بەخراپ باسـکردن نزیـك کردۆتـەوە، دیـارە هـەر لەبـەر ئەمەشـە پـشتگوێ خـراوە. لەکاتێکـدا ئـەمرۆ ئەندامـە شـوێنی



PDF4Kurd

وەکو(دەست،چاو، سەر)رۆڵی زمان دەگێڕن و مرۆڤی بێ زمان دەتوانێت بەجووڵاندنیان ئەوی دەیەوێ دەری ببڕێت.

فۆلکلۆری کوردی، گرنگییەکی زۆری بەئەندامە شوێن داوە، بەجورئەتەوە باسی کردووەو گەلێ هۆنراوەی بەسەردا هەڵداوە، ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێ، دەتوانین بڵێین فۆلکلۆری کوردی لەفۆلکلۆری زۆربەی زۆری میللەتانی دی زیاتر، پانتایی شوێنی جەستەیی داگیر کردووەو بە ئەندامە شوێندا هەڵی داوەو بەرجەستەی کردووە. ئەوەتا دەڵێت:

**گۆزەی سووری سەرشانی**

**یارهاتەوە لەکانی**

**بەچارۆکە داپیۆشی**

**لەرە لەری مەمکانی**

یا دەڵێت:

**مانگەشەو خۆشە بدا لەسەربان**

**لێو لەبانی لێو، ڕان لەبانی ڕان**

لە قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردیدا، قژی ئافرەت زۆرترین خەڵاتی شیعر پێداگوتنی بەرکەوتووەو بەچەشنی لێو زۆر باسکراوە. نالی(١٨٠٠-١٨٥٦ز)ی شاعیر وەسفی زوڵف دەکات و دەیکات بەرەمزی ترازوو و تایەکانی، کە چۆن وەك قولاپ دڵی دڵدار رادەکێشن و دەیگرنە خۆ:

**زوڵفی دووتایی ترازوو مەسەلی دڵکێشت،**

**ڕۆح دەکێشن بەدووسەر، ئەم بەسەرێ ئەو بەسەرێ[٧٨].**

هەر لەوەسفی قژو پرچدا، شێرکۆ بێکەسی شاعیریش لەهۆنراوەیەکدا، پرچ بەکاردەهێنێت و ڕەمزێکی زیندووترو چالاکتری دەداتێ:

**با گلەیی لەپرچەکانی کاڵێ کرد**

**چونکە خۆیان بەستۆتەوەو**

**ناچن لەگەڵیا هەڵپەڕن**

**پرچە دڵ تەنگەکان وتیان**

**هەتا پەنجەکانی کاکل**

**خۆی نەئاڵێنێتە ئێمە**

**لەگەڵ کەس دا هەڵ ناپەڕین[٧٩].**

بۆدلێر (١٨٢١-١٨٦٧ز)ی شاعیریش کەم گرنگی بەئەندامە شوێن نەداوە، لەهۆنراوەیەکیدا هونەرمەندانە پرچ دەکات بەمەیدانی هۆنراوەکەی و دەبێتە ڕەمزی شەپۆلی بێکاری و کاسبی ئەوسای فەڕەنسا:

**پەلکی پرچە ڕەشەکانت،**

**بەسەر شان و گەردنتا**

**دێنە خوارێ**

**وەك ئەو شەپۆلی**

**بێ کارو کاسبێتییەی**

**فەڕەنسا داگیر دەکا**

بێگومان چەندە تەکنەلۆژیا گەشەبکاو بڵاوبێتەوە، سێبەری تابۆکان زیاتر لەسەر ئەندامە شوێن کاڵتر دەبنەوە و هەڵدەگیرێن، ئیدی ئەندامە شوێنەکان ئازادتر دەبن و ناوهێنانیشیان لەئەدەبدا ئاسایی تر دەبێتەوە، لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵدا. گەر باس لەئەندامە شوێن کرابێت، هەر چینێك




PDF4Kurd

وبە ئەندامە شوێنی ئەندامانی چینەکەی خۆیدا هەڵی داوە، کۆیلە بە کچەکۆیلەو خاوەنداری کۆیلەش بەکیژی سەردارو داراکاندا هەڵی داوە، چونکە ناچارنەبووە بە ئەندامی کیژە کۆیلەیەکدا هەڵبدات، کە هەرزانترین کوتاڵی ئەو رۆژگارە بووەو بەئاسانی بەدەست هاتووە. خۆ ئەگەر بەسەریشیدا هەڵدابێت، ئەوابێ ڕێزی و بێ نرخی لەروانگەو جیهانبینی چینەکەیەوە بەرابەر نواندووە، یا تەنیا بۆ تێربوون و دامرکانەوەی غەریزەی سێکسی بووە. وەسفی جوتیار و کرێکار، یادەرەبەگ وسەرمایەدار، بۆ ئەندامە شوێن لەسەر هەمان بناغەو تێڕوانینی چینایەتی بووە.

لەبەر گرنگی ئەندامە شوێن لەئەدەبدا، گەلێ چیرۆك و رۆمان و شانۆگەری ئاوێزەی دەق (ثريا النص) یان ئەندامە شوێنە، لەوانە:

چیرۆکی(لووت)ی گۆگۆڵ و رۆمانی(پاژنە ئاسنینەکان) و (دان چەرمو)ی جاك لەندەن و رۆمانی(چاوەکانی)ی بزورگی عەلەوی و رۆمانی (چاوە بە پێڵووە کاتراییەکە)ی شەریف حەتاتە، شانۆگەری(کەللە سەر)ی نازم حیکمەت و شانۆگەری(چاو)ی گەوهەر موراد.



**پەراوێزەکان:**


١ـ ناوی ڕاستەقینەی کتێبەکە (شعرية الفضاء)ە.

٢- غالب هلسا - مقدمة كتاب (جماليات المكان) لجاستون باشلار. كتاب الأقلام - دار الجاحظ للنشر - بغداد ١٩٨٠ ص ٦.

٣ـ جەلالەددینی ڕۆمی و سروودی نەی، و : ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی علاء - بەغدا ١٩٧٩ ل ٢٠.

٤ـ هەمان سەرچاوە ل ٣٠.

٥ـ س.م. پیترۆڤ، پووشکین (ژیان و بەرهەمی شاکاری). و: محمدی مەلا کریم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٣ ل ٢٢٩.

٦ـ جاستون باشلار، جماليات المكان... ص ٨٣ — ٨٤.

٧ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری (دەستەی کورد)، بەرگی ٢٩ - ٣٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا ٢٠٠٢ ل٩٣.

٨ـ بەردی کۆڵێ: ئەو بەردەیە، کە حاجی قادر پێش ئەوەی کۆیە جێ بهێڵێ، پاڵی پێداو لە دەوروبەرو شاخ و ئاو و کوچە و کۆڵان و ...ڕاما.

٩ـ ڕۆژنامەی هاوکاری. ژ/ ١١٣٥ی ١٩٨٩/١٢/١٤.

١٠- نیکۆس کازانتزاکی، براکوژی، و: عبدالكريم محمود شێخانی، چاپخانەی علاء، بەغدا - ١٩٨٢ ل ٣٥.

١١- عبدالله سەڕاج، کاولاش (ڕۆمان)، هەولێر ١٩٩٧ ل٨.

١٢- محمد كامل الخطيب، الرواية والواقع، دار الحداثة، بيروت ١٩٨١ ص٤٠.

١٣- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق ج٢ - دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠٠ ص١٧.

١٤- د. علي ابراهيم، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق ص٢٠٠٢ ص١٧٠.

١٥- رشيدة احمد التركي، فلوبير( نظرة في أسلوبه الفني) الموسوعة الصغيرة، بغداد ١٩٨٣




PDF4Kurd

ص ٣٥.

١٦- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية... ص ١٣.

١٧- هەمان سەرچاوە، ل٢١.

١٨- د. سيزا أحمد قاسم، بناء الرواية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ١٩٨٤ ص ٨١.

١٩- هەمان سەرچاوە، ل ٨١.

٢٠- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني... ص١٤.

٢١- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا أبراهيم جبرا. دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠١ ص ١٨١.

٢٢- هەمان سەرچاوە ل١٨٤.

٢٣- يەشار كەمال، حەمەدۆك، و: عبدالله حسن زادە، بەرگى دووەم، چاپخانەی ئاب، بەغدا ١٩٩١ ل ١٨٢.

٢٤- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني... ص١١.

٢٥- جاستون باشلار، جماليات المكان... ص ٨٥.

٢٦- بودوستنيك و ياخوت - عرض موجز للمادية الديالكتيكية - دار التقدم، موسكو، سنة (؟) ص٤٤.

٢٧- هس ل ٤٦.

٢٨- أسامة غانم، التجربة الجمالية والمكان في الرواية العربية - الطليعة الأدبية - دار الشؤون الثقافة العامة - ع/٣ السنة الرابعة - بغداد ٢٠٠٢ ص٧٤.

٢٩- د. شجاع مسلم العاني - البناء الفني في الرواية العربية في العراق - ج٢ - دار الشؤون الثقافية العامة-بغداد ٢٠٠٠ ص١٨- ١٩.

* لە شيعرێكی (بەختيار عەلی)يەوە وەرگيراوە.

٣٠- ياسين النصير - الرواية والمكان ج١ - الموسوعة الصغيرة - دار الحرية للطباعة - بغداد - ١٩٨٠ ص ٩.



٣١- بورهان قەرەداغی - دەسەڵاتی شوێن لەنمایشی شانۆییدا - گوڤاری پەیك، ژمارە (١)ی ١٩٩٩ سلێمانی، ل٢٢.

٣٢- ياسين النصير - الرواية والمكان... ص ٧٥.

٣٣- هس ل ٣٧.

٣٤- د. شجاع مسلم العاني - البناء الفني في الرواية...ص٢٠—٢١.

٣٥- سعيد الغانمي - قصة اللقاء الرؤية الناقصة والتعريف عبر السرد - الطليعة الأدبية، ع (٥،٦) ١٩٨٨ ص ٣٠.

٣٦- رزاق ابراهيم حسن - المدينة في القصة العراقية القصيرة - الموسوعة الصغيرة- بغداد ص٣٨.

٣٧- هس ل ١٧.

٣٨- باسم عبدالحميد حمودي - مدخل الى المدينة العربية والرواية - الأقلام - العدد/٢ بغداد، ١٩٨٥، ص٧٥.

٣٩- رزاق إبراهيم حسن - المدينة في القصة العراقية القصيرة... ص٧١

٤٠- هس ل١٦ .

٤١- لە دانيشتنێكدا لە ماڵی مامۆستا(محەمەدی مەلا كريم) وتی: يەكەمين كەسێك زاراوەی پانتایی بەكارهێنابێت، (گۆران)ی شاعيرە، بەڵام لای ئەو نەك بەمانای(فضاء)بەڵكو بەمانای(مساحة) هاتووە.

٤٢- د. ابراهيم جنداري. الفضاء الروائي و اشكالياته، مجلة الأقلام، العدد (٥)بغداد ٢٠٠١ ص١١.

٤٣- د.ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠١ص١٦٧.

٤٤- گاستۆن باشلار(١٨٨٤- ١٩٦٢ز):

لە ١٨٨٤ دا لە فەرەنسا هاتۆتە دنياوە، لەساڵی ١٩١٢ دا بڕوانامە لە بواری ماتماتيك بەدەست دەهێنێت، لەدوای جەنگی يەكەمی جيهانيی بۆ ماوەی چەندين ساڵ



PDF4Kurd

وانەی کیمیاو فیزیای دەگوتەوە، هاوسەرەکەی دەمرێت و ناچار خۆی بۆ پەروەردەکردنی سوزانی کچی تەرخان دەکات، سوزان لەخوێندنی فەلسەفەدا سەرکەوتنێکی باش بەدەست دەهێنێت و وەك ئافرەتێکی فەیلەسووف دەناسرێت. باشلار لەخوێندن بەردەوام دەبێت و بڕوانامە لە فەلسەفەدا بەدەست دەهێنێت، لەساڵی ١٩٣٠ دا دەبێتە پرۆفیسۆری فەلسەفە لەکۆلێجی ئاداب، لەساڵی ١٩٥٥دا دەبێتە پرۆفیسۆری فەخری و سەرپەرشتیاری ئەنستیتۆی مێژووی زانستەکان ودەبێتە ئەندامی ئەکادیمیای زانستە ئەخلاقی و سیاسییەکان.

باشلار کاریگەرییەکی زۆر قووڵ و گەورەی لەسەر تیۆرانینەکانی(میشێل فۆکۆ) لەبواری بیرۆکەی(دابڕانی ئەپستمۆلۆژی) بەجێ هێشتووە. باشلار کۆمەڵێ کتێبی بەنرخی بڵاوکردەوە، لەوانە:

پێکهاتنی بیری زانستی، بیری زانستی نوێ، شیکردنەوەی دەروونیی ئاگر، ئاووخەون، زەوی و خەونی ئیرادە، زەوی خەونی کپ، ..هتد.

٤٥- جاستون باشلار، جماليات المكان، ت: غالب هلسا، كتاب الأقلام، دار الجاحظ للنشر، بغداد ١٩٨٠ ص٤٧.

٤٦- بڕوانە: د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي و أشكالياته....ص١٢.

٤٧- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا...ص١٦٨(ساڵەکان لەلایەن منەوە دانراون).

٤٨- سعيد يقطين، قال الراوي (البنيات الحكائية في السيرة الشعبية) المركز الثقافي العربي-بيروت ١٩٩٧ص ٢٣٩.

٤٩- نفس المصدر ص٢٣٩.

* غالب هلسا (١٩٣٢-١٩٨٩):

لە گوندی (ماعین) لە گەورەترین خێڵە دیانەکانی خوارووی ئوردن، هاتۆتە دنیاوە، لە ئوردنەوە بۆ قاهیرە سەری هەڵگرت، پاشان بەبۆنەی بەشدار بوونییەوە لە کۆڕێکدا دەربارەی (نەخشەی ئەمریکا لە ناوچەی عەرەبیدا) لەگەڵ کۆمەڵێك رۆشنبیری چەپی میسری لە ساڵی



١٩٧٦، دوای ئەوەی بیست ساڵی تێدا بردەسەر، لە میسر بۆ یەکجاری دەرکرا. بەرەو بەغدا ملی نا. لێرەش جێی نەبۆوە بەرەو بەیروت رۆیی، لەوێشەوە بۆ دیمەشق، ئیدی لە دیمەشق جێگیر بوو تا ئەو رۆژەی سەری نایەوە.

هلسا یەکێك لەو رۆماننووسە هاوچەرخە عەرەبانەیە، کە رۆمانەکانی دەربارەی گرفت و خەون و خەیاڵەکانی چینی ناوەندن. تا مرد ژنی نەهێناو بەوە ناسراوە، کە خوێنەرێکی بەتوانا بووە، فلۆبێر ئاسا زۆر کەم ماڵی جێ دەهێشت، لە ژیانیدا حەوت رۆمانی نووسیوە. الضحك ١٩٧٠، الخماسين ١٩٧٥، السؤال ١٩٧٩، البكاء على الاطلال ١٩٨٠، ثلاثة وجوه لبغداد ١٩٨٤، سلطانة ١٩٨٧، الروائيون ١٩٨٨.

٥٠- غالب هلسا، مقدمة كتاب (جماليات المكان) لجاستون باشلار..ص٦.

٥١- بڕوانە: د. ابراهيم جنداري. الفضاء الروائي عند جبرا... ص ٢١٨-٢١٩.

٥٢- بۆ زیاتر ئاشنابوون لەرۆڵی شوێن لای (ياسين النصير)بڕوانە:

نەوشەفەق ژمارە(٥)ی ٢٠٠٣ سەباح ئیسماعیل-چەمکی شوێن و جوانکارییەکانی لای (ياسين النصير).

٥٣- بڕوانە: لەتیف هەڵمەت (پانتایی پانتاییەکانی دەق) گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٢٩)، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی٢٠٠٢.

٥٤- سعيد يقطين قال الراوي...ص ٢٥٣.

٥٥- بڕوانە: سعيد يقطين، قال الرواي(البنيات الحكائية في السيرة الشعبية)المركز الثقافي العربي-بيروت ١٩٩٧.

٥٦- سەلاح جەلال، فەزای شانۆ، رامان ژمارە(١٤)، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولان، هەولێر ١٩٩٩ ل٣٨.

٥٧- سێ نووسەر، پرسیارە نەزۆکەکان (کۆمەڵە چیرۆك) چیرۆکی (فاڵچییەکی بێژو)کەرکووك ٢٠٠٠ ل١٩.

٥٨- وليم فان اوكونور، أشكال الرواية الحديثة، ت: نجيب المانع، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٠ص٢٥٩.



PDF4Kurd

٥٩- د.شجاع مسلم العاني. البناء الفني في الرواية العربية في العراق ج ٢، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠٠ ص٥٩.

٦٠- نفس المصدر ص٩٩.

٦١- جاستون باشلار، جماليات المكان...ص١٢٣.

٦٢- د.شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية...ص٨٥.

٦٣- زاهير رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی (شێوەو شێوازو بونیاد)، هەولێر ١٩٩٧ل.٢٧٧.

٦٤- غفور صالح عبداللە. توانەوە (رۆمان) شوێنی چاپ (؟) ١٩٨٨ل٨.

٦٥- د. أسعد غالب الأسدي، شعرية العمارة، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠٢ص١٥.

٦٦- غائب طعمة فرمان، ظلال على النافذة، دار الآداب، بيروت ١٩٧٩ص٣٩.

٦٧- جاران لە خانووی قوڕدا، لەوسەری ژوورەکە، شوقەلەتیان دروست دەکرد، لە شێوەی سەکۆ بوو، بەڵام ناوی بۆش و خانەخانە بوو، لەسەری سندوق و پێخەفیان دادەنا، لەژێریشی لەودیو پەردەکەوە پیازو رۆن و زەخیرەیان دادەنا.

٦٨- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية...ص١٠٩.

٦٩- د. أسعد غالب الأسدي، شعرية العمارة...ص٦٧.

٧٠- گۆڤاری کۆڕی زانیاری (دەستەی کورد)، بەرگی ٢٩ — ٣٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا ٢٠٠٢ ل١٠٢.

٧١- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية...ص١٢٩.

٧٢- أريش ماريا ريمارك، ليلة لشبونة (رواية)ت: ليلى نعيم، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت ١٩٨٣ص٥.

٧٣- بڕوانە: د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا — دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠١.

٧٤- بڕوانە: مجلة (الموقف الثقافي) العدد (٣٨)، دار الشؤون الثقافية، بغداد ٢٠٠٢.



** رێبوار سیوەیلی، چەمکی میتۆلۆژیاو جیهانبینی مەلا خدری نالی، دانمارک، ١٩٩١ل٤٢.

٧٥- ئایندە. ژمارە (٣٨)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٢ل٤٩.

٧٦- سعيد يقطين، قال الراوي...ص٢٨٢.

٧٧- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي واشكالياته، مجلة الأقلام، العدد (٥)، بغداد ٢٠٠١ص١٢.

٧٨- مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم. دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦ ل٦٥١.

٧٩- شێرکۆ بێکەس، کازیوە (پۆستەرە شیعر)، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ١٩٧٨ل.١١٩.

## سەرچاوەکان:

### * بە زمانی کوردی:


- جەلالەددینی رۆمی و سرودی نەی، و: ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی علاء، بەغدا١٩٧٩.
- س.م. پیترۆڤ، پووشکین (ژیان و بەرهەمی شاکاری) و: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٣.
- نیکۆس کازانتزاکی، براکوژی، و: عبدالكريم شێخانی، چاپخانەی علاء، بەغدا ١٩٨٢.
- عبداللە سەراج، کاولاش (رۆمان)، هەولێر ١٩٩٧.
- یەشار کەمال، حەمەدۆك، بەرگی دووەم، و: عبداللە حسن زادە، چاپخانەی ئاب، بەغدا ١٩٩١.
- بەختیار عەلی، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی (٨٣-٩٨) سوێد ١٩٩٩.
- سێ نووسەر، پرسیارە نەزۆکەکان (کۆمەڵە چیرۆك)، نووسینگەی عبدالوهاب کەرکووك٢٠٠٠.
- غفور صالح عبداللە، توانەوە (رۆمان)، شوێنی چاپ (؟) ١٩٨٨.




PDF4Kurd

- مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالكريم، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ۱۹۷٦.
- شێرکۆ بێکەس، کازیوە (پۆستەرە شیعر) چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ۱۹۷۸.
- رێبوار سیوەیلی، چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلا خدری نالی، دانیمارك۱۹۹۱.
- گۆڤاری کۆڕی زانیاری (دەستەی کورد)، بەرگی ۲۹-۳۰، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا ۲۰۰۲.
- پەیك، ژمارە (۱)، سلێمانی ۱۹۹۹.
- گەلاوێژی نوێ، ژمارە (۲۹)، بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی ۲۰۰۲.
- رامان، ژمارە (٤١)، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولان، هەولێر۱۹۹۹.
- ئاینده، ژمارە (۳۸)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی۲۰۰۲.
- رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (۱۱۳٥)ی ١٤/١٢/١٩٨٩، بەغدا.

*** بە زمانی عەرەبی:**

- جاستون باشلار، جماليات المكان، ت: غالب هلسا، دار الجاحظ للنشر، بغداد۱۹۸۰.
- محمد كامل الخطيب، الرواية والواقع، دار الحداثة، بيروت ۱۹۸۱.
- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الراوية العربية في العراق، ج۲، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد۲۰۰۰.
- د. علي ابراهيم، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق ۲۰۰۲.
- رشيدة احمد التركي، فلوبير (نظرة في أسلوبه الفني)، سلسلة الموسوعة الصغيرة، بغداد۱۹۸۳.
- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة١٩٨٤.
- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد۲۰۰۱.
- بودوستنيك و ياخوت — عرض موجز للمادية الدياليكتيكية، دار التقدم، موسكو.



- ياسين النصير، الرواية والمكان، ج۱، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد ۱۹۸۰.
- رزاق ابراهيم حسن، المدينة في القصة العراقية القصيرة، سلسلة الموسوعة الصغيرة، بغداد١٩٨٤.
- سعيد يقطين، قال الراوي (البنيات الحكائية في السيرة الشعبية)، المركز الثقافي العربي، بيروت ۱۹۹۷.
- وليام فان اوكونور — اشكال الرواية الحديثة، ت: نجيب المانع، دار الرشيد للنشر. بغداد ۱۹۸۰.
- د. أسعد غالب الأسدي، شعرية العمارة، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ۲۰۰۲.
- غائب طعمة فرمان، ظلال على النافذة (رواية)، دار الآداب، بيروت ۱۹۷۹.
- أريش ماريا ريماك — ليلة لشبونة (رواية)، ت: ليلى نعيم، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت۱۹۸۳.
- مجلة الطليعة الأدبية، دار الشؤون الثقافية العامة، العدد (۳) السنة الرابعة، بغداد ۲۰۰۲.
- مجلة الطليعة الأدبية، العدد (٥-٦)، بغداد ۱۹۸۸.
- مجلة الأقلام، العدد (٥)، بغداد ۲۰۰۱.
- مجلة الأقلام، العدد (۲)، بغداد ۱۹۸٥.
- مجلة الموقف الثقافي، العدد (۳۸)، بغداد ۲۰۰۲.



PDF4Kurd

## فانتازیای پێشبینی لە چیرۆکی

## "هاوار"ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کۆمەڵێ نووسەری دڵسۆزو عاشق بە چیرۆك، گۆمی مەنگ و قەتیسماوی چیرۆکیان شڵەقاندو گوڕو تینێکی دییان دایە بەر. ئەو داهێنەرانە، کە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕی نەدەکرد، بە بڵاوکردنەوەو خوێندنەوەی هەر یەکێك لە چیرۆکەکانیان، بە گفتوگۆ نەك لەگەڵ نەستی (لاشعور) وەرگر، بەڵکو بە شێوەیەك تا مەعریفەیان بجووڵێنن و بەرەو ڕووی بەخۆدا چوونەوەو پرسیار گەڵێکیان بکەنەوە، بوێرانە چیرۆکەکانیان دەخستەڕوو، ئەمەش وەنەبێ تەنیا بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژی و لەسەر حیسابی پشتگوێ خستنی تەکنیك و جوانکاری نووسرابن.

ئەو نووسەرانە بە بیری چیرۆکەکانیان دوژمنێکیان بۆخۆ دروست دەکردو خوێنی خۆیان لە کاسە دەنا. یا دەبوو پاش رووناکی بینینی چیرۆکەکانیان، ملی ڕێگەی شاخ بگرنەبەر و ماڵئاوایی یەکجاری لە خوێنەرانیان بکەن. وەك ئەوەی پێیان بڵێن:

ئەمەبوو پەیامی ئێمە. ئیدی ئەمانەتی ئەم خاك و نەتەوەیە لە ئەستۆی ئێوەیە. محەمەد موکری دەڵێت: "چیرۆکی ئامێردەکان بووە مایەی ئەوەی شار جێبێڵم و روو لە شاخ بکەم، لە چیا نەمتوانی شتێکی وەك ئامێردەکان بنووسم و کە لە شاریش بووم، نەمتوانی شتێکی وەك سەگوەڕ بنووسم"[1].

ناوهێنانی هەندێ لەو چیرۆك و چیرۆکنووسانە گەواهی قسەکانمانن، بۆ نموونە (ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات)ی رەووف بێگەرد[2] و چیرۆکی



(ئامێردەکان)[3]ی موکری و (برایم شۆڕاوی) و (هەشت و نیوی بەیانی هەشت و نیوی شەو) و (بڕیار)ی عەبدوڵڵا سەڕاج و (لە رۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا) و (هاوار)[4] و (بەسەرهاتی وەیسە)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و (دووربین)[5] و (جیهانێکی تایبەتی)[6]ی حەمە فەریق حەسەن و (لە راگوزارێکدا) و (گەواڵە خەم)ی جەلیل کاکەوەیس...

ئەوکاتە ئەم ئەدەبە بەرگرییە نەتەوەییەو بە ڕادەیەکی کەم چینایەتییە، گڕی حەماس و بەرگرییان دژ بە چەوسێنەران خۆشتر دەکرد، چونکە وەڵامی نوێیان بە پرسیارگەلی کۆن دەدایەوە.

ئیدی چیرۆك بۆخۆی بووبووە ئامرازێکی کاریگەری بەرگری کردن لە مانەوەی میللەتێك، کە رۆژانە لەژێر هەڕەشەی ئەنفال و جینۆساید و بەعەرەب کردن و ڕاگوێزتندا دەیناڵاند. هەر لەو کاتەشدا ئەو بارووەدۆخە وای دەخواست، کە گرنگی و بایەخ بە بینای هونەریی شوێن بدرێت و بە پێی بوارو توانا شوێن بەرجەستە بکرێت، چونکە میللەتێك ئەگەر وڵاتەکەی یا خاکەکەی کە شوێنە، لەدەست بدات، ئەوا پێناسەی بوونی نەتەوەیی لەدەست دەدات و بەرەو سڕینەوە مل دەنێت. بۆیە نووسەران وای بۆ دەچوون هەمیشە شوێن چ بە مانا جوگرافییەکەی یا مانا ڕەمزییەکەی، دەبێت هەوێنی چیرۆکەکان بێت.

بۆ نموونە جەلیل کاکەوەیس لە چیرۆکی (لە ڕاگوزارێکدا) هەر بۆ ئەوەی لە خوێنەر بگەیەنێ، کە شوێنەکە دێیەکی وێران کراوە، دەڵێ:

(هێشتا شوێنەواری هێلانەی کوکوختییەکە هەر ماوە، ئەوە پووش و پەڵاشەکانێتی، چەشنی ڕەزەوانێکی شاخی هەردەڵێی بەرچنە ترێی دروست کردووە و لەنێوان ئەو دوو پەلەدا بەکارامەیی چەسپاندوویەتی، بەڵام لەماڵێکی

ساردوسڕی بێ ئاوەدانی دەکات! تۆ بڵێی ئەمیش بەم گوڕەی بەهارە سەری خۆی هەڵگرتبێ !؟)[٧].

غەفوور سالح عەبدوڵلایش لە چیرۆکی (ماسییەکان) دا دەنووسێت:

((بەسەر بەرەو خواری ئاوابییەوە سەرکەوت. خۆی کردە ناوگوندە بێ ئاوەدانییەکەیانەوە. چووە حەوشەکەی خۆیان. چەند ساڵێکە بەجێی هێشتووە. داروباری هەروەکو خۆی ماوەتەوە. هێشتا سەکۆ تایبەتییەکەی باپیرەی وەکو خۆی ماوەتەوە. جگە هەندێ لە لێوارەکانی نەبێ رووخاون. خۆی کردە ئەو ژوورەی (٣٠)ساڵ بەر لە ئێستا لێی لەدایك بوو. لەسەر زەوییەکەی لە ناوەڕاستەوە پاڵی لێی دایەوەو ئۆخژنێکی هەڵکێشا))[٨].

با باسەکەمان قووڵ نەبێتەوەو زۆریش دوور نەڕۆین. ئەمجار چیرۆکی (هاوار)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل هەڵدەبژێرین و دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان.

**بەرایی:**

به درێژایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، تەنیا دووسێ کۆمەڵە چیرۆکیان تێدا چاپ کران. ساڵانی دوای شۆڕش بوو، بارودۆخێکی ناجێگیر و نالەبار، رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان داخرابوون، حزبی بەعس تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو و بیری ژەهراویی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیی پیادە دەکرد. لەسایەی ئەو کەش و هەوا نالەبارەدا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ساڵی ١٩٦٨دا کۆمەڵە چیرۆکی (دارەکەی بەر ماڵمان)ی بەچاپ گەیاند.

هەر لەو کاتەدا وەکو چیرۆکنووسێکی هۆشیارو مەعلان و شارەزاو رچەشکێن، لە بواری چیرۆکدا چاوەڕوانی نوێ کردنەوەو تاودانێك بە چیرۆکی کوردی و



راشڵەقاندنی گۆمە مەنگەکەی لێ دەکرا. چیرۆکی (دارەکەی بەر ماڵمان) باشترین گەواهەو تاکو ئێستاش لە پەردەی بیری خوێنەردا کاڵ نەبۆتەوە. لەپاش ئەوە نووسەر (٥) کۆمەڵە چیرۆکی دی بەچاپ گەیاند:

دەستی ئۆخەی ١٩٧٣، ئەسپ ١٩٧٨، چاوەڕوانی ١٩٨٢، بەردی سەبر ١٩٨٩ فرینەکان ٢٠٠٣.

ئێستاش لە چیرۆك نووسین بەردەوامە، جگە لە نووسینی رۆمانی (بەهاری رەش) چەند کتێبێکیشی لە تورکییەوە وەرگێڕاون.

*** چی لەبارەی چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلەوە نووسراوە؟**

لەپاش نزیکەی چل ساڵ نووسین و ئەزموونی چیرۆکنووسین، ئەم چیرۆکنووسە بە کەمی لای لێ کراوەتەوەو توێژینەوەی تێرو تەسەل لەسەر چیرۆکەکانی نەکراوە، تەنیا زاهیر رۆژبەیانی نەبێ، لە کتێبی (چیرۆکی هونەریی کوردیی- شێوەو شێوازو بونیاد)، لاپەڕەکانی (١٣٨ تا ٢١٨)ی بۆ نووسین لەسەر چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل تەرخان کردووە و بە تێرو تەسەلی چیرۆکەکانی بەسەر کردۆتەوە.

هەروەها سابیر رەشید و رەووف بێگەرد و حسێن عارف و حەسەن جاف و بەکر دەروێش[٩] و ئەحلام مەنسووریش لە ماستەرنامەکەیدا[١٠]، بەسەریان کردۆتەوە. ئەمەو جگە لە چەند رەخنەگرێکی عێراقی وەکو (سهام جبار) و (محمد اسماعیل) لە رۆژنامەکاندا لە سەریان نووسیوە.

یەکێ لە چیرۆکە هەرە سەرکەوتووەکانی نووسەر چیرۆکی (بۆشایی)یە. ئەو چیرۆکە باس لە سەرنگوم کردنی سەرجەم پیاوانی گوندێك دەکات، ئافرەتانی گوند لە شوێن پیاوان دەست بەکارن و بە ئومێدی گەڕانەوەی باوکیان، مێردیان،

کوڕیان، کەس و کاریان ڕۆژ دەژمێرن.. کەچی حەسەن جاف لە کتێبەکەیدا (چیرۆکی نوێی کوردی-١٩٨٥)، دێت ئەم چیرۆکەی، کە باس لە کارەسات و ماڵوێرانی گوندێك دەکات، دەخاتە قاڵبی چیرۆکی سێکسەوە و لەگەڵ چیرۆکی (کەژ و کەژاڵێ)ی محەمەد ڕەشید فەتاحدا، کە لای لە سێکس کردووەتەوە، بەراورد دەکات. ئەوەتا دەڵێ: (پاڵەوانی "بۆشایی" دوودڵ و بێ ورەو دەستە پاچەیە، هەموو ئەوەی لە دەستی دێ و دەیکا ئەوەیە، کە شەوان دەست لە سەرینەکەی گیر بکاو فرمێسك بڕێژێ)[11]. بەدوور لەوەی باس لە هۆی سەرەکیی یا مەبەستی نووسینی چیرۆکەکە بکات، کە بۆ چ مەبەستێك نووسراوە. ئەوی لاوەکی بێت و لەم چیرۆکەدا باس کرابێت، سێکسە، کەچی ئەو خۆی لە مەبەستە سەرەکییەکە لاداوە، کە باس لە گرتن و بێ سەروشوێن کردنی سەرجەم پیاوانی گوندێك دەکات، هاتووە سێکسی کردووە بە دەسکەلای بابەتەکە. هەرچەندە سێکسیش ڕەنگدانەوەی حەزە تایبەتییەکانی ئافرەتەو سەرهەڵدانی غەریزەی سێکسی و بێ بەری بوون لێی لەم چیرۆکەدا، لەو واقعەوە دێ کە بەسەریدا سەپێندراوە. لێرەدا مەبەست لە ناوهێنان و بەسەرکردنەوەی نووسینەکانی ئەو نووسەرانەی چیرۆکەکانی ئەمیان بەسەرکردۆتەوە، ئەوەیە، بڵێین هەر نووسەرێك بەسەرنەکرێتەوەو توێژینەوە لەسەر نووسینەکانی نەکرێت و نووسینەکانی بیر نەخرێنەوە، تووشی جۆرە سارد بوونەوەو لاوازی و هەست بە نازیندوویییەك لە نووسینەکانی خۆیدا دەکات. لە کاتێکدا دەبینێ زۆر لەوانەی بەسەر دەکرێنەوە و بەردەوام لەسەریان دەنووسرێت، نووسینەکانیان لە خوار نووسینەکانی ئەوەوەن.



## چیرۆکی "هاوار" بە کورتی

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەدا نیم چیرۆك کورت بکرێتەوە، چونکە بەگێڕانەوەی ئاسایی بەها هونەری و ستاتیکییەکەی لەدەست دەدات. بەڵام بە مەبەستی ئەوەی لە هێڵی گشتی چیرۆکەکە ئاگاداربن ، هەوڵ دەدەم چڕی بکەمەوە:

چیرۆکی (هاوار) باس لە کابرایەك دەکات، کوێخاو ڕەشۆڵی بازرگان بەکارێك بۆ ئەو گەرمیانە دەینێرن، کابرا لە ڕێگە دەکەوێتە بیرێکەوە، چەندی دەکاو دەکۆشێ خۆی پێ قوتار ناکرێ، پێشتر تۆزێکی لە دوورەوە بینیبوو بەرەو ئەو دەهات، ئێستا لە بیرەکەدا بە خەیاڵی خۆی، ئەو تۆزە ئەسپێکی شەکەتە و لە ئاو دەگەڕێ، ڕەنگە بێتە سەر ئەم بیرەو مل بۆ ئاو خواردنەوە شۆڕەوە بکات، ئەم دەگرێ بە جڵەوی شۆڕەوە بووی ئەسپەکەیاو بۆیەکجاری لە بیرەکە ڕزگاری دەبێت.

## سەردەمی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە

ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس، لە شەڕێکی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەدا بووبووەوەو بە جەستەیەکی شەلاڵی خوێن لێ چۆڕاوەوە مەیدانی شەڕی لە بەرەی باشوورەوە گواستەوە بۆ چیا سەرکەشەکانی کوردستان و دوژمنی سەرسەخت و ڕاستەقینەی خۆی لە میللەتی کورددا دەبینییەوە.! بۆیە بێ بەزەییانە کەوتە گیانی خەڵکی ستەمدیدەی بێ دیفاع و پرۆژەی قڕکردنی سەرتاپا میللەتێکی لە بەرنامەدا بوو. ئەوەبوو کەوتە وێرەی گوندەکان و زیاد لە ١٨٢ هەزار منداڵ و پیر و لاوی بێ سەر و شوێن کرد. تراژیدیایەکی خوڵقاند ئەوپەڕی نائومێدی و ڕەشبینی لە ناخی یەك بەیەکماندا چاند. ئیدی ڕەوشەکە وای دەخواست ئەدیبانێك بێنە کایەوە، ڕۆحی بەرەنگاری و هیوایەك لەناخی



PDF4Kurd

تێکشکاوماندا بچێنن، یا ((بەیانکەری دڵشکاوی و نائومێدیش بن لە وەزعی ئێستا، دیسان دەتوانن ببن بە هاندەر بۆ ژیانێکی باڵاترو بە سۆراخی مرۆڤانی گەشەکردووترەوە بچن و کاریان تێ بکەن))[١٢].

ئالەوکاتەدا، کەهەڵمی ئەنفال و بۆکرووزی سووتان و هەڵقرچانی دارو پەردووی گوندەکان بەجەستەمانەوە نیشتبوونەوە (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) لەگۆڤاری بەیانی ژمارە(١٤٨)ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ دا، چیرۆکی (هاوار)ی وەکو بەرەنگاری و دژ وەستانێك بڵاوکردەوە.

## هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکە

ئەودۆخە نالەبارەی چیرۆکەکەی تێدا نووسراوەو بووەتە مامانی هاتنە دنیای چیرۆکەکە، وای دەخواست نووسەر پەنا بۆ رەمز ببات، تا ((سەرنجی خوێنەر رابکێشێ بۆ شتێ بێ ئەوەی ناوی شتەکە بهێنێ))[١٣].

لە چیرۆکەکەدا دوو رەمز بەکارهاتووە، **یەکەم:** (بیر)، کە لێرەدا وەکو شوێن رەمزە بۆ دۆزەخی ژیان، لەژێر سایەی رژێمە دیکتاتۆرییەکاندا.

**دووەم:** (ئەسپ)، رەمزی ئازادی و سەربەخۆییە. لە چیرۆکەکەدا شوێن دوو مەبەست لەخۆ دەگرێت ((یەکەم، وێنەیەکی واقعی شوێنێکی دیاری کراو، دووەمیش رەمزییە، لە پێوەند بە کەسێتی و حاڵەتی دەروونی یا کۆمەڵایەتییەوە، لە حاڵەتی داماڵینی شوێن لە مەبەستە رەمزیەکەی دەبێتە وەسفێکی پووچ و بێ مانا))[١٤].

چیرۆکنووس بە هۆشیارییەوە شوێنێکی خوازەیی (مەجازی) هەڵبژاردووە، بۆیە دەڵێین خوازەیی، چونکە بوونی سەد لەسەد نییە، بەڵکو لە گریمانەوە (افتراضي) نزیکە. هەموو شوێنێکی گریمانکراویش زادەی خەیاڵی رووتە، دەکرێ هەندێك



لەتایبەتمەندییەکانی لەواقیعەوە وەرگرێت، بەڵام بەدیاریکراوی نا. ئەوشوێنە مێژووی گشتیی ونەو کاتیش تارادەیەك تێیدا بزرە، یاگرنگی پێ نەدراوە.

ئەم شوێنە خوازەییە، گریمان کراوە، شانۆییە، لەهەمان کاتدا، داخراوە، بەڵام کراوەیەو لەسەر پشتە بۆ هزر و رامان، ئەگەر چی لای نووسەری بێ دیدەگاو بێ ئەزموون تەنگتر دەبێتەوە.

ئەم شوێنە (بەشوێنێکی کاتی دادەنرێت، چونکە بەتێپەڕبوونی کات و فراوان بوونی هزرو گۆڕانی بارودۆخەکە، دەکرێ لێی ڕزگاربیت و سەربەخۆ بیت)[١٥].

ئەم پانتاییە چۆڵەوانییە دژ بە ئینسانە، سەرسوڕمان و ترس و تۆقاندن و غەم و پەژارەو دڵەڕاوکێ دەچێنێت و بەناچاری ژیانی تێدا بەسەر دەبرێ و هەڕەشەی مەترسیی مردن لەهەموو ساتێکدا لەئارادایە. بۆیە هەمیشە ڕەنگی ڕەش و زەرد لەخۆ دەگرێت (هەرکەبیری بۆ ئەوە دەچوو با هاواریش بکات و لەکەللەی سەر بقیڕێنێ، نەکەس گوێی لێ دەبێ، نەبەدەنگییەوە دێن، لەناخەوە دەشڵەژاو موچرکی ترس و نائومێدی تەنی دەتەنی)[١٦].

کەسایەتییەکە جگە لەخۆدواندن واتا مۆنۆلۆژ هیچی بۆنامێنێتەوە دڵی خۆی پێ بداتەوە و ئارامی بەخۆی ببەخشێ، ئەم زیرەکییەش لە هەڵبژاردنی مۆنۆلۆژدا دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر خۆی، چونکە باش لەوە گەیشتووە یەکێك لە ئامانجەکانی مۆنۆلۆژ ئارامی بەخشینە. لەشوێنێکدا، کەهەرگیز لەگەڵیدا هۆگرو دەستەمۆ نابێ، بەدەردی پاڵەوانی ڕۆمانی (دوارۆژی مەحکومێك) ی ڤیکتۆر هۆگۆ هەمیشە بە دژەشوێنی دەزانێ و تیایا هەڵناکا. ئەوەتا دەڵێ (هەمووشتەکانی دەوروبەرم گرتووخانەن، لە هەموو وێنەو شێوەکانی دەورووبەرم

من زیندان دەبینم، لە شێوەی مرۆڤ، لە شێوەی میلە ئاسنینەکان، یان لە شێوەی کێلۆن. ئەو دیوارە گرتووخانەیەکە لەبەرد، ئەو پاسەوانەش گرتووخانەیەکە لە خوێن و گۆشت)[١٧].

سێ کەسایەتی، چیرۆکەکە دەبەن بەڕێوە، تارمایی رۆڵی دوانیان لە رابردوودایە، کوێخا مەجید نوێنەری چینی فیودالە، رەشۆڵی بازرگانیش نوێنەری چینی بۆرژوا، کارەسوولیش وا نیشان دەدرێ نوێنەری زۆر لێکراوانە. ئەمی دواییان بێ ناسنامەیە و ناسنامەی چینایەتی و تەمەن و ئاستی خوێندەواری نەزانراوە. رۆڵی کەسایەتی سەرەکیی پێ بەخشراوەو رووداو دروست دەکات، بەڵام لە بناغەدا داشی دامەی یاری نێوان کوێخاو رەشۆڵەو ئەوان چارەنووسی دیاری دەکەن. هەرچەندە ئەوان بە جەستە بزرو نادیارن، بەڵام دەسەڵات و بوونیان بە سەرتاپای جەستەی دەقەکەوە دیارن (پێیان گوت بڕۆ. تۆ بڕۆ و هەقت نەبێ.. تۆ شارەزای ئەم رێگاو بانەی، ئێمە دەڵێی؟ هەقتە.. ئێمە توێشوو وئەرکی رێگات بۆ مسۆگەر دەکەین).[ل٧] لە شوێنێکی دیدا پێی دەڵێن(تۆ کە گەیشتی ئێمەش ناوەستین و دێین، تۆ جارێ بڕۆ).[ل٧]. نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێت هەمیشە شۆڕشەکانمان دەرەبەگ و بۆرژوا لە پشتییەوە بوونە و بەڕێوەیان بردووە. ئەوان دواکەسن دەچنە ریزی شۆڕشەوە و یەکەمین کەسیشن لێی دەردەچن، واتە تەمەنی مانەوەیان لەناو شۆڕشدا پێوەندە بەتەمەنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵیدا. ئەوەتا هەرکە رەسووڵ لە گەڕانەوە دوادەکەوێ، کوێخا دەڵێ:

(باشە رەشۆڵ ئێمە سەری خۆمان کز کردبوو، نەدەبوو بەبەشی خوا ڕازی بین؟ کەس بەرەنگاری کاری خوای پێ دەکرێ؟.. ناکرێ. چ دەڵێی؟) رەشۆڵی



بازرگانیش ئاوا وەڵامی دەداتەوە:(پیاو دەبێ بەگوێرەی قازانج و زیان هەڵسوکەوت بکا)[ل٨] ئەمە واقعییەتی هەڵوێستی چینەکانی سەرەوەن، چینی سەردەست هەرکە سەرینی ئاسوودەیی و خاتر جەمیی ژێر سەریان دەخزێ، یا دەرگیری بنبەست و لەدەستدانی دەسەڵات و بەرژەوەندی و ئیعتباری کۆمەڵایەتی دەبنەوە، لە واقعییەتی سیاسەتی سازشکارانەو دژی دیموکراتی و کۆنەپەرستانەیانەوە پاکانە بۆ سیاسەتەکانیان دەهێننەوە جوانکاری تێدا دەکەن. رەسوولیش کابرایەکی ناهۆشیار و یۆتۆپی و ساویلکەیە( حەزدەکەم تۆزەکە ئەسپێ بێ، ئەشهەدوبیللا، ئێستا چوار ناڵەیەتی جڵەوی بەقەڵبووسەکەیەوەیە، یا هەر بەکێشی کردووە، یانی بۆ وا نەبێ؟ ئەسپێکی سەرهەڵگرتووە و بێرەدا گوزەر دەکات... کوڕە فریشتەیە، خدری زیندەیە و دەیەوێ لەم چاڵەم قوتارکا.. دێ مسۆگەر دێ)[ل٦].

ئێرنەست فیشەر ڕاستی بۆچووە، کە گوتوویەتی:

(هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە، تەنها ئاواتەکانی ئینسان نەبێ هەرگیز بڕانەوەیان نییە).

خەون و خەیاڵ و پێشبینییەکی جوانە، لێ تا بڵێی دوورە لەواقیعەوە، چونکە خەونی واقعی ئینسانی هۆشیار دەیبینێت، هەمیشە ئینسانە هۆشیارەکان واقع دەگۆڕن و مێژوو دروست دەکەن. چیرۆکنووس بۆ پاکانەی ئەم هەڵوێستە، دێ شایەدی لەسەر دەدا:

(درۆ دەکا، چەندجاریان تووشی دەردەسەری هێناوە ولە ژێریشەوە ڕیش خەنیان پێ کردووە، کەچی هەر دەستیان لەیەك نەترازاند.. دەبیخۆ)[ل٦].

چیرۆکێکی نموونەییە و لەهەلومەرجێکی نموونەییشدا نووسراوە، سەرەڕای



PDF4Kurd

گەشبینی لەرادە بەدەری کەسایەتییەکە، لێ هەڵوێستی نموونەیی تێدا بەدی ناکرێ.

تەنیا هەڵوێستێك کەسایەتی سەرەکی بینوێنێ، ئەو گەشبینی و خەیاڵ فراوانییەو پێشبینییە گەورەیەیەتی، کە مخابن لەواقع بینییەوە نەهاتووە، تا بڵێین خەیاڵێکی ڕۆمانسی شۆڕشگێرانەیە. لێرەوە فشاری نووسەر بەسەر دەقەکەوە بەدی دەکرێ، لە ڕێی گێڕەرەوەوە، کە ڕاستەوخۆ منی دووەمی نووسەرە. دەنگی سەپاندووە بەسەر کەسایەتییەکەداو ئەوە نووسەرە هاوار بۆ میللەت دەکا نەك کەسایەتی ناو بیرەکە.

دەکرێ بڵێین خاڵی لاواز و بەرچاوی چیرۆکەکە لەوەدایە، چیرۆکەکە لەدەرەوە بەبڕیاری گێڕەرەوە دەتەقێتەوە، نەك لە ناوەوە هەوڵی تەقینەوەی بدرێت.

پێشتر گوتم، چونکە کەسایەتی سەرەکی هۆشیار نییە و ناسنامەی چینایەتی بزرە، نازانین پایەو ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو لە چ ئاستێکدایە، خۆیشی نازانێ بۆ کێ هاواردەکا و خواستەکانی چین، هاوار کردنەکەشی لەدەست گەیشتنە سەر ئێسکی چەوسانەوە نییە، بەڵکو هاواری بەتەنیا خۆ ڕزگار کردنە و هۆیە زاتییەکان هۆیە مەوزوعییەکانیان لەبیر بردۆتەوە، "کاری تاکە کەسییش چاری هیچ شتێك ناکا لە مێژوودا"[١٨].

بەڵام چیرۆکنووس هەند پێی لەسەر دادەگرێ و دووبارەی دەکاتەوە، وامان لێ دەکا مەزەندەی ئەوە بکەین، کە ئەو هاوارە خواستێکە بۆ ڕزگار کردنی سەرجەم میللەت لە کۆت و بەندی چەوسانەوە.

ئایا کەسایەتی سەرەکیی چیرۆکەکە لەسەر چ بنەمایەك هاوار بۆ میللەت



دەبا و بەخەیاڵی واقعیی ئەسپێك بەهانایەوە دێت و لەو تەڵەزگەیە ڕزگاری دەکات؟ بە ئومێدی کوێخا مەجید و ڕەشۆڵی بازرگان؟ یا بەو ئەزموونە دوور و درێژەی(گەرچی گەرماو سەرمای زۆری بینی بوو، بەڵام هەرگیز وەك ئەم جارە دەستێکی لە دواو یەکێکی لەبەرەوە نەمابووەوە)[ل٦].

خۆ ئەو بەئاشکرا دەستە پاچەیی خۆی ڕادەگەیەنێت(باشە ئەی دەست بەچییەوە بگرم)[ل٦]، (خوارو ژووریشم لێ گۆڕا).[ل٦]،(ئێستا کامە قیبلەیە و کامە قیبلە نییە؟ جا، کێ دەڵێ ڕوو لەمن دەکاو ڕێك و ڕەوان بەلای جەنابما گوزەر دەکا؟ دوا جار کێ دەڵێ گەردەلوول نەبوو و دەچووە ئاسمانا؟)[ل٦]. ئەم ڕاڕایی و دوو دڵی و بێ بڕیارییە دەمانگەیەنێتە سەر ڕاستەشەقامی ئەو ڕایەی بڵێین، ئەمە خواستێکی یۆتۆپییەو بەخەیاڵ بنیاتنانی کۆشکە لەسەر ئاو. ڕەسووڵ لەدەستە پاچەیی و بێ ورەییدا، هەست بەتەنیایی کردنێکی قووڵ دایدەگرێت، بۆیە خۆزی دەخوازێ مەجە یا ڕەشۆڵی لەگەڵدا بوایا(خۆزی یا مەجە یا ڕەشۆڵم لەگەڵدا دەبوو)[ل٧]. ئیدی ئەوی گرنگ بێت بەلایەوە، بوونی یەکێك لەوانە، ئەگەرچی(ئەوان چاوەڕێی خوانی حازرن... ئێ کەمن تیا بچم ئەوانیش دەستیان بەگونم)[ل٧].ئەم خۆزی خواستنە بە بوونی ئەوان لەگەڵیدا، دوای ئەوە دێت، کە ئەوان(چەند جاریان تووشی دەردەسەری هێناوە ولە ژێریشەوە ڕیش خەنیان پێ کردووە، کەچی هەردەستیان لە یەك نەترازاند)[ل٧].

ئەم هێشتا پەندی لەو هەڵوێستە هەلپەرستییەی ئەوان وەرنەگرتووە و ئنجاش، کە دادەمێنێ و دەکەوێتە تەنگانەوە، وەك ڕزگارکەرێك هانا بۆ کوێخا و ڕەشۆڵی بازرگان دەبات. ئەمە لاپەڕەیەکی ڕاستگۆو دەگمەن باسکراوی ناشرینییەکانی سەرجەم شۆڕشەکانی کوردستان بووە، کە هەمیشە و بەردەوام

چینی خوارەوە پاشکۆی ئەو چینە بووە، کە لە ئەسڵدا دەبوو سەری ڕمی شۆڕشەکەیان دژ بەوان بوایا. کەچی ئەوان بەهەل وەرگرتن لە ناهۆشیاری و ساویلکەیی خەڵکە زەحمەتکێش و بەشمەینەتەکە، بەناوی ڕزگاری خاکی کوردستان و ئازادکردنی میللەتی کوردەوە، جڵەوی شۆڕشیان بەدەستەوە گرتووە.

هونەرکارییەکی دی چیرۆکەکە، ئەوەیە جارێك گێڕەرەوە، کەچیرۆکنووس خۆیەتی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، جارێکیش بەزمانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك دەدوێت و هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە، لەڕێگەی جیاوازیی لەشێوەی گێڕانەوەکە، گۆڕانکاریش لە شێوەی دەربڕین و جیهانبینییاندا بەدی دەکرێت.

لە گێڕانەوەی ڕووداوی کەوتنە ناو بیرەکەوە، گێڕەرەوە هەمان گێڕانەوەی کەسی سەرەکی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەزمانێکی هونەریتر، وادیارە مەبەستی چیرۆکنووس زیاتر لە گێڕانەوەی دووەمدا ئەوەبێت، جەخت بخاتە سەر ڕووداوەکە و ڕاستی ڕوودانی. هاتووە بەشێوازی ئەفسانە ئامێز چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە(دەرۆی ناگەیتە سەرچاوەی ڕۆخانە، ڕەز و باخێکت تووش دەبێ، مێوەهاتی دونیای لێیە، تەماع نەتگرێ، مەوەستەو دەستی ڕاست بگرە، ڕێك بە قەڵا کۆنێکت دەگەێنێ، تێی پەڕێنە، هەر ئاودیو بوویتەوە زەوی وزارە بەپیتەکەو کانی سازگارت باوەش بۆ دەکەنەوە....)[٧ل].

هەرچی بینای کاتە بەتەواوی پشتگوێ خراوە، کات بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژییانە(زنجیرەیی) بە دوای یەکدا دێت، شەبەق، چێشتەنگاو، نیوەڕۆ، ئێوارە، زەردەپەڕ... لە ماوەی کەوتنە ناوچاڵی کەسایەتییەکە(لە چێشتەنگاوەوە تا زەردەپەڕی ئێوارە)، کەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، زوو زوو



کات ڕاگەیەنراوە، بەتێپەڕ بوونی کات گێچی سووری ترس و دڵە ڕاوکێکەش زیادی کردووە، واتا چەند کات هەڵکشابێت مەترسی زیاتر هەڕەشە لە کەسایەتی ناوبیرەکە دەکات. ئەمەش جەخت کردنە لەسەر ئەوەی(باری دەروونی مرۆڤ دەورێکی بەرچاوی هەیە لەدەرخستنی پێوان و هەست کردن بەکات)[١٩].

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا نووسەر پەنای بۆ بەکارهێنانی شێوازی مۆنتاژی کات بردووە.

(ئەگەر ڕاستەو ڕاست ڕوو لەمن بکات، هەر سەعاتێ دوو سەعاتی پێ دەچێ، کوڕە بەسێ ڕازیم، بڕۆ تا زەردەش بۆ ئەو، هەر شەوم بەسەرا نەشکێ..)[٦ل].

داڤێد داچیز لەبارەی مۆنتاژی کاتەوە دەڵێ:

(دەکرێ لەمیاندا کەسەکە لەجێی خۆی جێگیربێ و تەنیا بیری لەناوکاتەکاندا بخاتە جووڵانەوە. ئەمە مۆنتاژی کاتە، بەدانانی وێنە یا هزر لەکاتێکی دیاری کراو لەسەر وێنە یا هزرێکی تر لەکاتێکی دیدا)[٢٠].

سەرەنجام لەپاش ئەم تاوو توێ کردنە، لەخۆمان دەپرسین:

* ئایا مەبەستی نووسەر لەم چیرۆکەدا چییە و دەیەوێ چی بڵێ؟

خاڵی بەهێزی چیرۆکەکە و مەبەستەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کەنووسەر لەو ڕۆژە ڕەش و لێوانلێو لە ڕەشبینییە، لەو بەهاری ڕەشە، گوڵی گەشبینیمان بەسەردا دەبارێنێ. لەو پەڕی هەرەس وبێ هیوایی و سڕینەوەی ناسنامەی میللەتێکدا مژدەی هەرەس و ڕووخانی گەندەڵترین و دیکتاتۆریترین ڕژێممان بۆ دەکات بەفانتازیا. کە لەوکاتەدا وەك خەیاڵێکی جوان و ڕۆمانسی هەناوی سووتاومانی فێنك دەکردەوەو کاری تێ دەکرین. هەموو ئەمانەش بە خۆلادان لە گێڕانەوەی تەقلیدی و وەسفی درێژدادڕ و بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان

بەشێوەی زنجیرەیی و(هارمۆنییەك لەنێوان پێشكەش كردنی ڕووداوەكەو، ڕاكێشانی سەرنجی خوێنەر و زیاد بوونی تەئسیرتێكردنی- بەپێی بەرەو پێش چوونی ڕووداوەكان—خۆی دەنوێنێ)[21].

## پەراوێزەكان:


١- ڕۆژنامەی ستایل، ژ(١١٢)ی ٢٠٠٤/١١/١٥ هەولێر.

٢- نووسەری كورد، ژ(١)ی ئایاری ١٩٧٩.

٣- بەیان ژ(٧٢)ی ١٩٨١. **(دەزگاكانی دەوڵەت ئەو ژمارەی گۆڤارەكەیان لەبازاڕدا كۆكردەوە و قەدەغەیان كرد).**

٤- بەیان ژ(١٤٨) تشرینی یەكەمی ١٩٨٨.

٥- نووسەری كورد ژ(١١)ی شوباتی ١٩٨٣.

٦- نووسەری كورد ژ(١٠)ی كانوونی دووەمی ١٩٨٢.

٧- جەلیل كاكەوەیس، چركە زیندووەكان(كۆمەڵە چیرۆك)، هەولێر ٢٠٠٠ ل٤٦-٤٧.

٨- غەفوور ساڵح عەبدوڵلا، پەیكەر و پیاو، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٨٩ ل١١٥.

٩- لەپەراوێزی چیرۆكی دوو بینیندا، بەكر دەروێش، هاوكاری، ژ(٣١٥٦)ی ١٩٩٩/٨/٢٩.

١٠- ئەحلام مەنسوور- بینای هونەری لە كورتە چیرۆكی كوردیدا(١٩٧٠-١٩٨٠)، زنجیرەی كتێبی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩ل١٤٠-١٤٣.

١١- حەسەن جاف، چیرۆكی نوێی كوردی، چاپخانەی عە لاء، بەغدا١٩٨٥ ل٥٠.

١٢- ئیرەجی ئازەرین، لەپەراوێزی مەرگی اخوان ثالث دا- گۆڤاری ئەدەبی كرێكاری، ژ(٣) سلێمانی ١٩٩٢ ل١. (سووكە دەستكارییەكم كردووە).





١٣- حەمە سەعید حەسەن، شیعر هەڵوێستە، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧٩، ل٣٩.

١٤- د. علي ابراهیم- الزمان و المكان في روایات غائب طعمة فرمان- الاهالي للطباعة والنشر- دمشق ٢٠٠٢ ص٨٦.

١٥- سەباح ئیسماعیل- شوێن و چەمكی شوێن لە ئەدەبدا(بەشی دووەم)،نەوشەفەق ژ (٩)، كەركووك ٢٠٠٣، ل٤٦

١٦- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل فرینەكان(كۆمەڵە چیرۆك)، وەزارەتی ڕۆشنبیریی- هەولێر ٢٠٠٣، ل٥.

١٧- ڤیكتۆر هۆگۆ، دوارۆژی مەحكوومێك، و: عەبدولمۆئمین دەشتی، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٣.

١٨- قسەیەكی پلیخانۆڤە.

١٩- نەجم ئەڵوەنی، بینای كات لەسێ نموونەی ڕۆمانی كوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٨.

٢٠- روبرت همفري- تیار الوعي في الروایة الحدیثة، ت: د. محمود الربیعي، ط٢- دار المعارف بمصر- القاهرة ١٩٧٥، ص٧٢-٧٣.

٢١- كەمال میراودەلی، پێشەكی كۆمەڵە چیرۆكی(تەزووی ناخ)، ئەحمەد قادر سەعید- چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٨٠، ل١٢.




PDF4Kurd

# خەمی نەتەوەیەك بەكۆڵی چیرۆكێكەوە

محابن رەخنـەی كـوردی (لەبـەر لاوازی عـەقڵی رەخنـەیی و نـەبوونی ڕەخنەگری خاوەن ئامرازی ڕەخنەیی و رۆشـنبیریی رەخنـەیی بـەرفراوان)[1] بـەو دەگمـەنی خۆیـەوە، لـەهیچ قۆناغیكـدا نـەیتوانیوە شـان بەشـانی چـیرۆك هەنگاوبنێت و هەمیشە هونەری چیرۆكی بەتەنیایی و لـەنیوەی ڕێگـەدا بـەجێ هێشتووەو پشتی تێ كردووە، لەمەش كارەساتتر ئەوەیە، كە زۆر جـار رەخنـەی كوردی ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادیی لەنووسـەر بڕیـوەو هەنـدێك جـار كـار بـەوە گەیـشتووە، ڕێنـوێنیی نووسـەری كـردووە، دەبـوو پاڵـەوان وای بكردایـا و وای بگوتبا، بەدوور لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی چینایەتی یا هەڵوێستی نەتەوایـەتی یا ڕادەی رۆشنبیریی كەسایەتییەكە.

واتە كەم كات رەخنە (ئازادی ئەوەی بە دەقێك ڕەوا دیتووە، كە ئەو دەقە تەنیا لەبەر رۆشنایی بونیادەكانی هەمان دەق دا بخوێنرێتەوە)[2].

یەكێ لەو نووسەرانەی بە دەگمەن ڕەخنە بەسەری كردووەتەوە و ئاوڕی لێ داوەتەوە، لەكاتێكدا ڕێبازێكی تایبەتی بەدەر لـەوانی دی گرتۆتەبـەر، جـەلیل كاكەوەیـسی چیرۆكنووسـە. رەنگـە هـەر چیرۆكنووسـێكی دی ئەوەنـدەی ئـەم بەكـەمی لای لـێ بكرایەتـەوە، ئێـستا تووشـی كـەم خـولقی و بـێ هیـوایی و گۆشەگیری و كەمنووسـین یاڕاوەسـتان لەنووسـین دەبـوو. كەچـی ئـەو نووسـەرە یاخییە سەر چـەرمووە بـەدڵ لاوە، وەك ئـەوەی بەهـەوای چـیرۆك هەناسـەیەكی بـەگوڕتری بـە بەردابێتـەوە و دەسـتی چـیرۆكەكانی لەجیهانـە تایبەتییـە پـڕ نیگەرانییەكەی دەری بێنێت و ئۆخژنی پێ ببەخشێت، هەمیـشە چالاكتر خـۆ دەنوێنێت، نەك هەر لەمەیدانی چیرۆكنووسیدا، بەڵكو مەیـدانی لێكۆڵینـەوە و



وەرگێـڕان و بیبلۆگرافیـاو رۆژنامـەوانی و مێژووشـی بەسـەركردۆتەوە، لێـرەدا دەمەوێ لە ڕێگای چیرۆكی (قەرەجەكان)ەوە گەشتێك بەجیهانی چیرۆكنووسـیی جەلیل كاكەوەیسدا بكەم و لە ڕێگای بنیاتی شوێن و ڕووتكردنـەوەی جەسـتەی شوێنەوە هەنگاوی یەكەمان بەرەو قەڵای پەی پێ نەبراوی چیرۆكەكانی بنێین، بێ ئەوەی باس لەجمكانەی شوێنكات بكەین، چـونكە بەدرێـژایی چـیرۆكەكە كـات مەییوە.

جـەلیل كاكـەوەیس بـەوە دەناسـرێتەوە، كـە چـیرۆكەكانی بەیـەك جـار خوێندنـەوە خۆیـان بەدەسـتەوە نـادەن و هـەموو نهێنییـەكان نـادركێنن. جـۆرە خەست كردنەوە و چڕ كردنەوەیەك بەكار دەبا، كەم لەڕەخنـەگران و زۆریـش لـە خوێنەران بە ئاسانی پەی بەو جوانكارییانەی چڕكردنەوەكە نابەن، جێی خۆیەتی بڵێین ئەم شێوە نووسینە زۆر لە شێوازی نووسینی (سەلیم بەرەكات)ەوە نزیكە. دیارە ئەویش وەكو كلۆد سیمۆن بەلایەوە وایە (هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی هـەموو خەڵك، لەناوبردنی بەرهەمی هونەری و شێتی دەگەیەنێت)[3].

بۆ لێكۆڵینەوە لە شوێن و چەمكی شوێن لەچیرۆكدا، چیرۆكەكانی جەلیل كاكەوەیس بە باشترین هەڵبژاردنی تەتبیقی لەسەر ئـەم رەگـەزە دەزانم، چـونكە عـەنباری چیرۆكەكانی زەخیرەی هەموو جۆرەكانی شوێنی بەكراوە و داخـراوەوە، گشتی و تایبەتی، هۆگرو دژ، شانۆیی و بزێوی تێدا هەن. ئەمە جگە لەوەی ئەو وەكو نووسەرانی دی راگـوزاری و تێژتێپـەڕ بەسـەر شـوێندا تێناپـەڕێ، بـەڵكو هەندێك جار دەواری بەسەر ئەو شـوێنەی مەبەسـتێتی هەڵـدەداو دەمێنێتـەوە، چـۆك دادەداو تێرتێـر دەگـری، خـاكی بـە فرمێـسك تـەڕكردووی چـیرۆكەكانی هەڵماوی ئەو بۆنە تایبەتەی لێ دێت، كە پاش یەكەم بـارانی پـایز بـەر لووتمـان

دەکەوێت. چیرۆکەکانی بەگشتی باس لە تاسەی کەسایەتییەکە (کە نووسەر خۆیەتی) بۆ زێدی خۆی و هیوای دەست لەملانێی یادگارەکانی شوێنی لەدایك بوون بەدەست هێنانەوەی ئەو شوێنەی، کە مرۆڤ بەدەر لە ئیرادەی خۆی لێی دوورخراوەتەوە و بێبەش کراوە لێی. هەمیشە ناوهێنان و بەبیرهاتنەوەی شوێن بەدرێژەدانی ژیان دەزانێت، نەك هەر ئەمە بەڵکو (هایدگەر) ئاسا لەبیرچوونەوەی جێگە بەمەرگ دەزانێت.

لە دەسپێکی چیرۆکەکەدا نووسەر پەنای بۆ ئاوێنە بردووە، یا ڕاستتر لە پانتایی ئاوێنەدا سەرجەم ڕووداوەکانی چیرۆکەکە ڕوودەدەن و لەمیانەی ئاوێنەوە بەناخی کەسایەتییەکەیدا، کە سیمبول و نوێنەری سەرجەم نەتەوەیەکە، شۆڕدەبێتەوە و مێژوویەکی نەنووسراومان بۆ دەگێڕێتەوە. شێوازی ئاوێنە بەکارهێنان لە چیرۆك و ڕۆماندا تازەنییە و زۆر وتراوەتەوە، مارکیز لەڕۆمانی (سەد ساڵ دوورە پەرێزی) دا ئاوێنەی وەکو ڕەمزی دووبارە کردنەوەو نەگۆڕان بەکاربردووە. عەبدوڵڵا سەراج لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا، ئاوێنە لە بری مێژوو بەکاردەبات (مێژووش لە ئاوێنەوە دەست پێدەکات)[٤]. یا (بەم جۆرە لاپەڕەیەکی نوێم خستە سەر کتێبی مێژووی ئاوێنەکان)[٥]. لەپاش ئەمانیش چیرۆکنووس جەلیل محەمەد شەریف لەچیرۆکی (ئاوێنە)دا، ئاوێنە دەکات بەشوێنی شانۆیی و ئاوێنەی پاسەکە دەکات بە شانۆی ڕووداوەکان. ئەمیش ئاوێنەی بۆ هەمان مەبەست بەکاربردووە (کابرا، سەروسیمای لەناو چوارچێوەی ئەو ئاوێنە گەورەیەوە دیاربوو، کە لە ڕاست سەر شوفێرەکەدا، هەڵواسرابوو. منیش یەکسەر، لەسەر کورسییەکەی دوای شوفێرەکە، دانیشتبووم.. ئاوێنەکە، بووە شانۆ، بۆ شانۆگەرییەکی تاکەکەسی ئەکتەرێکی بێدەنگ. منیش بوومە



سێبەری شانۆکە، کابرا بە ساڵاچوو بوو.. چاویلکەیەکی لەچاوبوو، بێ هێزی و ماندوویێتی لە ڕەنگ و ڕوویا دەباری..)[٦].

بەکاربردنی ئاوێنە و ماناکانی بەکاربردنی بەپێی تەمەن دەگۆڕێت. منداڵ کە ئاوێنە بەکار دەبات تەنیا ڕادەی جوانیی جلەکانی تێدا دەبینێتەوە، لاوێك کە ئاوێنە دەخاتە باخەڵی، زیاتر بۆ سەرنجدانە لەڕێکی قژو بێ خەوشی ڕووی، هەرچی بەساڵاچوویەکە، کە ئاوێنە بەکاردەبات، تەنیا بۆ سەرنج دانە لە ڕادەی چەرمووی سەروڕیشیی، واتە ئاوێنە دەبێتە پێوەرێك بۆ ساڵانی ژیانی و ئەو مێژووەی بەسەری بردووە.

چیرۆکی (قەرەجەکان) باس لە شایەدحاڵێك دەکات،کە بەچاوی سەری دەبینێ چۆن گوندەکەیان ئەنفال دەکەن و ئاسەواریان لێ دەبڕنەوە، نەك هەر ئینسانەکان، بەڵکو سەگەکەیشی (هۆپی) بەردەکەوێت. ئیدی کەسایەتییە وێڵ و سەرگەردانەکەی قەرەج ئاسا لە هەموو چرکەیەکدا دۆزەخ دەبینێت. هەر لەوکاتی هەڵمەتی ئەنفال بۆ سەر گوندەکەیان دەست پێ دەکات، ئەم خۆی دەکوتێتە کولانەی سەگەکەیەوە و خۆی بەسەگەکە دەسپێرێت (تۆش مناسا نێرەتی خۆت بخەسێنە دەماری نێریت بکوژە، ئاخر تۆ ئەو قەڵایەی روحی منت تێدا حەشارداوە، هەر بە ئاستەم لایەکت هەرەس بێنێت روحی منیش دەکەوێتە ئەو گۆڕە..)[٧].

لێرەدا جەستەی هۆپی دەبێتە ئارامترین و هۆگرترین شوێن بۆ ئەم، هەر بۆیەشە بە قەڵا ناوی دەبات، چونکە بەردەوامیی ژیانی خۆی لەپاڵ ئەمو بێدەنگیی ئەمدا دەبینێتەوە. دڵنیاشە لەوەی، کە قەڵایەکە بە ئاسانی سەنگەرناداتە دەستەوە و داگیرناکرێت. کەچی هەر بەپاڵ ئەم و سەگەکەیەوە

ڕەنگدێژێك پەلاماری خوشكەكەی دەدات و خراپی دەكات. (ئاسكێكی سركی وەك تۆ دەبێ ببێتە نۆبەرەی حەزە كپ كراوەكانی چەندین ساڵەی من)[8]. داخۆ ئەمە قسەی شاعیرێكی هەست ناسكە یا سەربازێكی بێ هەستی نەزانی داگیركەر؟ دەكرا نووسەر زمانە بازارییەكەی شێوە قسەكردنی سەربازانی بەكار بردایا، چونكە فەرهەنگی سەربازان و كلتووری سەربازی لێوان لێوە لە دەم پیسی و جوێندان و بێ ڕەوشتی. بۆیە هەر كە خوێنەر دەگاتە ئێرە یەكسەر لە جیهانی چیرۆكەكە دادەبڕێ و بە قسەی سەربازەكەی نازانێ و دەیداتە پاڵ نووسەر خۆی. نووسەر لەزۆرێك لەچیرۆكەكانیدا، كەسایەتییە جوتیارەكەی هەمیشە ئاوارەی دەستی بێ شوێنییە، یا لە سەفەرێكی دوور دەگەڕێتەوە سەر زێدی خۆی، زێدێكی خاڵی لە بوونی ئینسانەكان، زێدێكی وێرانە (دەچەمێتەوە پڕ بە سیبەكانی بۆنی خۆڵەكە دەكات. بۆنی سینگ و بەرۆكی دایكی لێ دێت، بۆنی هەڵماوی عارەقەی لەشی لێدێت. لووت لەزەوی دەژەنێت و بۆن دەكات)[9].

پێوەندبوون بە شوێنەوە (پێوەندبوونە بەكێشەی ئەو شوێنەوە، نەك پێوەندییەكی سۆز ئامێزو جوگرافی ڕووت)[10]، ئەو شوێنە مێژووییەی بەتێپەڕبوونی كات، دەبێ تەمی بیرچوونەوە داپۆشێ و كاڵ بێتەوە، كەچی لای ئەم هەمیشە پانتایی شوێن جوگرافیای یادەوەریی داگیركردووەو ڕەنگدارتربووە، شوێن (خاوەنی ناسنامەو هەڵگری دەلالەت و دەسەڵات و سیستم و كەش و ڕەهەندو سروشتی خۆیەتی)[11]. هەر كاتێكیش (شوێن لە دەلالەتە ڕەمزییەكەی ڕووت بكەینەوە، دەبێتە وەسفێكی پووچی بێ مانا)[12]. سەركەوتنیش لەبەكارهێنانی شوێن و ڕەهەندەكانی (پابەندە بە بیرفراوانی و هۆشیاری ئەو نووسەرەو چاوكراوەیی



بەرابەر بە جووڵەی شوێن)[13].

مانی شوێن بەلای چیرۆكنووسەوە، درێژەدانی ژیان و وەڵام بەهاوارەكان و مانەوەی كەس وكارو بوونی ئازادی و ئاسایش و بوونی ئینسانە (لای من شتێك نەماوە ناوی شوێن بێت. ئێ ئەگەر شوێن مایە ئەمێستا جەنگی و تۆڵە و حەمەجان و مەعسوومە لەشوێنێكدا دەبوون، گەر شوێن بوونێكی هەبوایە ئێستا ئێسك و پروسكی هۆپی لە شوێنێكدا دەبوو، هەر شوێنێك)[14]. لەم چیرۆكەدا كەسایەتییەكە وەك تاكێك هەڵوێست وەردەگرێ و بەرهەڵستی چەوسانەوە دەكات و لە دەنگی خۆی زیاتر گوێ بیستی دەنگانی دی نابێ. بۆیە یەكێ لە خاسیەتە نەگەتیڤەكانی شێوازی نووسین لای چیرۆكنووس، دەست گرتنە بەدیالۆگ و بەگەڕخستن و باوەش كردنەوەیە بۆ مەنەلۆگ، لە ڕێگەی دوانی بزرەكانەوە (مردووەكان) بەزمانی حازر (تاخەمە ناخەكییەكانی بهێنێتەوە سەرەوە، تاخەون و ڕوانینەكانی ناوەوەی بدركێنێ)[15]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە نووسەر دەیەوێت زیاتر لە ڕێی كردارەوە پەیام و جیهانبینی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر، نەك لە ڕێگەی گوتاری ئایدیۆلۆژییەوە.

نووسەر وەكو مرۆڤێك، كە كوردبوونی ڕێكەوت بووە، بەرگری كردنی لەمافە ڕەواكانی میللەتی كورد، گەلێ دوورە لە دیدی نەتەوەپەرستێكی تەسك بینەوە. بەگشتی نووسەر لەچیرۆكەكانیدا (بەم چیرۆكەشەوە)، خەباتی نەتەوەیی هێندە قورس و چڕكردۆتەوە، خەباتی چینایەتی شاردۆتەوە و ناسنامەی چینایەتیی كەسایەتییەكە ونە. دوا هەڵوێست، كە كەسایەتییەكە دەری بڕێت وەستانەوەیە، یا زیاتر مەیدان چۆڵ كردنە بۆ خاوەن كۆشك و تەلارەكان و هەموو ئەوانەی بڕیاری چارەنووسی ملیۆنەهای وەك ئەمیان بەدەستەوەیە.



PDF4Kurd

هەربۆیە لە داخی ئەو بێ سەرەوبەرەییە ناسنامە شڕەکەی (کوردبوون) تووڕ هەڵدەدات و پێیان دەڵێت:

- قەرەجایەتی هەزارجار لە بەهەشتەکەی ئێوە بەماناترە[16].

ئەو قەرەجی دەست شوێنە، واتە قەرەج لەدەست ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەو شوێنەیان بەدەستەوەیە. قەرەجایەتی واتا گەڕاڵی و گەڕۆکی و لەبیرنەکردن و عەودالّیی شوێن و کۆچ کردن... چونکە (هیچ شتێك وەك کۆچ وات لێناکات بیر لەمانای شوێن بکەیتەوە)[17] و پێوەی پەیوەست بیت.

## پەراوێزەکان


١- عەتا قەرەداغی، ئایا خانی فەیلەسوف و بیریار بووە؟، گەلاوێژی نوێ، ژ (٢٦)ی (٢٠٠١) ، ل٦٦.

٢- ڕێبوار سیوەیلی، مەستوورە لە ڕوانگەیەکی ترەوە، دانیمارك (١٩٩٢)، ل١٢.

٣- رامان ژ (٤١)ی (١٩٩٩)، ل١١٨.

٤- عەبدوڵلا سەڕاج، لاکێشە ڕووناکەکان، دارالحرية الطباعة، بەغدا (١٩٨٠) ، ل١٠٧.

٥- هس ل١١٦.

٦- جەلیل محەمەد شەریف. چاوی هەتاو (کۆمەڵە چیرۆك) ، نووسینگەی





عبدالوهاب، کەرکووك، (٢٠٠٠) ، ل١٣.

٧- جەلیل کاکەوەیس، بۆنی ئەشکەوت (کۆمەڵە چیرۆك) ، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر، (٢٠٠٣) ، ل١٢٣.

٨- هس ل١٢٤.

٩- هس ل١٢٢.

١٠- محمد کامل الخطیب، الرواية و الواقع. دار الحداثة، بيروت (١٩٨١) ، ص٤.

١١- بورهان قەرەداغی، دەسەڵاتی شوێن لەنمایشی شانۆییدا، گۆڤاری پەیك، ژ (١)ی (١٩٩٩) ، سلێمانی، ل٢٢.

١٢- د. علي ابراهيم، الزمان و المكان في روايات غائب طعمة فرمان، الاهالي للطباعة و النشر، دمشق (٢٠٠٢) ، ص٦٨.

١٣- سەباح ئیسماعیل، شوێن و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا (بەشی یەکەم) ، نەوشەفەق، ژ (٨)ی تشرینی دووەمی (٢٠٠٣) ، کەرکووك، ل٤٦.

١٤- جەلیل کاکەوەیس، بۆنی ئەشکەوت.... ل١٢٢.

١٥- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی (٢٠٠١) ، ل٨٨-٨٩.

١٦- جەلیل کاکەوەیس، بۆنی ئەشکەوت..... ل١٢٦.

١٧- بەختیار عەلی، کۆچ بەرەو ناشوێن (بەشی دووەم) ، رەهەند، ژ (١٤-١٥)، چاپخانەی رەنج، سلێمانی (٢٠٠٣) ، ل٥٢.




PDF4Kurd

# هەڵوەستەیەك لە بەردەرگەی "ژووری ناوەڕاست"دا

کاتی خۆی دیمانەیەکم لەگەڵ چیرۆکنووس "عەبدوڵڵا سەڕاج"دا سازدا، لەو دیمانەیەدا سەرنجی بۆ نووسەرێك ڕاکێشام، کە لە دە دوانزە ساڵی دابڕانم لە بڵاوکراوەکانی کوردستان، خۆی پێگەیاندبوو و گەرم و گوڕی و تینێکی دیی بە چیرۆکی کوردی دابوو. بەو حسێبەی سەڕاج کۆتایی بە قۆناغی چیرۆکنووسیی هێناوەو لای ئەو قۆناغی ڕۆماننووسیی برەوی پەیدا کردووە و تێکستی سەردەمە، دەربارەی جێگرەوەی و ئاڵا هەڵگرانی چیرۆکی نوێی کوردی، ئەوانەی کە داهێنانیان لێ بەدی دەکرێت و مەشخەڵ و ئومێدی دوا ڕۆژی چیرۆکی کوردین، دەڵێ (من چوار کەسم دەستنیشان کرد، ئێستاش ئەو چوار کەسە موبدیعن، کە ئەو کات زۆر نەناسرابوون. ئەو چوار کەسەش، ئەمانەن: شێرزاد حەسەن، سەلاح عومەر، غەفوور ساڵح، جەلیل کاکە وەیس)[1].

بەدەر لەوەی ڕایەکەی سەڕاج سەنگی مەحەك نییە، لێ بەڕاستی ئەو سیانەم پێ پەسەندو شایان بوون. پێم پەسەندتریش دەبوو گەر نێوی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)ی چیرۆکنووسیشیان لەگەڵدا بووایا. بەڵام بە نیسبەت سەلاح عومەرەوە، هەڵوەستەیەکم کردو ڕامام. چونکە دووڕو بێ ئاگا بووم لە نووسینەکانی. بۆیە لەو ڕۆژەوە لە کوێ چیرۆکی سەلاح عومەرم بەرچاوکەوتبێ، خوێندوومەتەوە. لە میانەی ئەو خوێندنەوانەمەوە بۆ چیرۆکەکانی سەلاح عومەر، لام ڕوون بووەوە، کە سەڕاجی بە ئەزموون لە چیرۆکنووسین لە خۆڕا ئەم قسەیەی نەکردووە. ئێمە لەبەردەم چیرۆکنووسێکی چالاك و خامە ڕەنگین داین،



کە بەردەوام لە هەوڵی خۆ نوێ کردنەوەو گەڕانە بەدووی بابەت و تەکنیکی نوێدا.

وا لێرەدا، مخابن بێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەك لەسەر چیرۆکەکانی، یا زانیارییەکم لەسەر نووسەر لەبەردەستدا بێت، خوێندنەوەیەك بۆ چیرۆکی "ژووری ناوەڕاست" دەکەم، کە ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی کوشتن لە دەقدا.

ئەم کورتە چیرۆکە باس لە ئافرەتێك دەکات، خۆی تەیار و ئامادەکردووە، کات و شوێنی چاوەڕوانیی خۆشەویستەکەی پێ بگەیەنن، بڕوات بۆلای و بۆ یەکجاری شارەکە بەجێ بهێڵن. کاتێ کە دەڕوات، لەپشت دەرگای ژووری ژوان، یەکێك بە خەنجەرەوە بەهەمان چارەنووسی خۆشەویستەکەی دەگەیەنێت.

گێڕەرەوەی چیرۆکەکە هەموو شتزانەو جار بەجار پێش ڕووداوەکان دەکەوێ و هەندێ شت هێشتا ڕوویان نەداوە، ئەو لە زانینیان بۆتەوە، وەکو (بڕیار بوو یازدەو چل و حەوت دەقیقەی تەواو بەدڵدارەکەی بگات و مرازی حاسڵ بێ)، یا (لە پشت دەرگاکەوە یەکێ چاوەڕێ بوو، سەعات یازدەو چل و حەوت دەقیقە شاڵاوی بۆ بەرێ).

وەکو ئەوەی قەدەری وابێ و بۆی بڕابێتەوە، یا لە چارەی نووسرابێ! (بە مانا مەزهەبییەکەی). لێرەدا دەنگی نووسەر تێکەڵ بە دەنگی گێڕەرەوە کراوە، تەنانەت هەست بە بوونی گێڕەرەوە، ئەو کەسایەتییە خەیاڵییە ناکرێ و منی دووەمی نووسەر بزرەو تەنیا چیرۆکنووس خۆی لە مەیدانی گێڕانەوەدا ڕۆڵ دەگێڕێت. بۆیە (هەرگیز حیسابێ بۆ خوێنەر ناکات، کە ئەم چۆن ئاگای لەم هەموو شتانەیە. گوێیەکانی دەتوانن دەنگی کەسایەتییەکان ببیستن و پێش

ئەوەی، کە ئەوان دەست بەقسە بکەن، چاوەکانی دەتوانن لەپشت دەرگا داخراوو پەردە تاریکەکانەوە ببینن)[٢].

بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا ئەو هەستەت لە لا دەروێ، کە رووداوەکە پێشوەخت رووی داوەو ئێستا ئەم بۆمانی دەگێڕێتەوە. ئەمەش لە تاموچێژی نووسینەکە کەم دەکاتەوە. چونکە وەرگر بەردەوام حەز بەخوێندنەوەی چیرۆکێك دەکات، رووداوەکانی لای هەموان نائاشکراو نەدرکاو بێت و لەگەڵ رووداوەکاندا، کە شانبەشای خوێندنەوەکە روو دەدەن، بژین.

بەوە هەست دەکات ئەو یەکەمین کەسە شریتی نهێنییەکانی دەخرێتە بەردەست و بەر لەم کەس پەی بەڕایەڵەکانی چیرۆکەکە نەبردووە. ئەگینا ئەو شێوە گێڕانەوەیە، دەیگێڕێتەوە بۆ رابردوو و وەکو ئەفسانە و چیرۆکی میللی وێنای دەکات. نەك هەر ئەمە، بەڵکو پێشوەخت ئەو شێوە گێڕانەوە کرۆنۆلۆژییە (زنجیرەیی)، بەپێچەوانەی تاقە نۆڤلێتەکەی (لە وڵاتی تارماییدا)، کە تێیدا ریزبەندی کات پێڕەو نەکراوەو تێك شکاوە، دەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی، کە رووداوی کتوپڕ و گۆڕان لە چیرۆکەکەدا روو نادەن و چیرۆکەکە لەسەر هێڵێکی راستی درامی بە کۆتا دەگات. کەچی لێرەدا هەند بەوردی حیساب بۆ کات کراوە، دەزانین سەرجەمی کاتی چیرۆکەکە (٥٢) خولەکی تەواوە (لە ١٠,٥٥ خولەك دەست پێ دەکاو لە ١١,٤٧ خولەك کۆتایی پێ دێت).

کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە خولەك بەخولەکی چاوەڕوانییەکەی دەژمێرێ، تەنانەت لە چرکە خۆشەکانی ژیانیشیدا، چونکە ترس و تۆقین



ئابلۆوقەی داوە، تا دوا چرکەش هەر لەترس و دڵەراوکێدا دەژی و چاوەڕوانی و بارە دەروونییەکەی رۆڵی بەرچاو لەپێوان و بەرجەستەکردنی کاتدا دەبینن.

ئەو پەلەپەل و چرکە بەچرکە ژماردنە لە خزمەتی گەیشتنە بە شوێن. کات لە چیرۆکەکەدا بزێوەو بەردەوام لە جووڵەدایە، شوێنیش وەستاوە. هەر لەگەڵ گەیشتنە شوێنی مەبەست، کە ژووری ناوەڕاستە، چۆن ژیان بەیەکجاری بووەستێت، کاتیش دەوەستێ. هەرچەندە لەگەڵ دوا چرکەی کاتدا، کەسی سەرەکیی چیرۆکەکە بە ناکامی دوا هەناسەی ژیان، کە ئومێدی دەکرد مێژوویەکی نوێی بۆ بنووسرێتەوەو ژیانێکی نوێی بۆ بنووسرێت، لە دەست دەدات.

لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە باس لە توندو تیژی و دیاردەی ناڕەوای کوشتنی ئافرەتان دەکات، جەللاد کە یەکێکی نەناسراوە، یا مێردی لە پێشینەی ژنەیە، یا برایەتی، یا باوکییەتی... بەلای نووسەرەوە و بەهەمان شێوەش بەلای خوێنەری هۆشیارو زرنگەوە گرنگ نییە کێ کوشتوویەتی، بەقەد ئەوەی بەلایەوە گرنگ بێت بۆ کوژرا!! ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەکەمان دیاردەی تیرۆری ئافرەتان هێند بڵاوەو تەشەنەی کردووە، خەریکە دەبێتە عورف و عادەت و رەسمییەتی پێ دەدرێت. ئەوەتا بە بەرچاوی هەمووانەوە، رۆژانە دەبینین یا دەبیستین یا دەخوێنینەوە، کچێك یاخود ژنێك بەدەستی مێردەکەی یا کەس وکاری دەکوژرێت، یا خۆی دەسووتێنێت. ئەمەش بەناوی شەرەف و لەژێر پەردەی شەرەفدا ئەنجام دەدرێت. چونکە لای ئێمە (شەرەف ئەو بەهایەیە، کە موڵکی پیاوەو بەقەرز هەر لە زووەوە لەلای کچ دانراوەو دەبێ تا شوو دەکات تەقەت و خاوێن بیپارێزێ)[٣].

کەسایەتی چیرۆکەکە ئافرەتێکە (لەم وەحشەتە خەریکە شێت دەبێ، ئیتر چاوڕوانی بەسیەتی، پەیمانی دابوو هەر کە بەم رۆژە گەیشت بۆ جاری دووەم وەك کچێکی بەشوو نەدراو جلی بووکێنی لەبەر بکاتەوە. ئەی بۆ ئەو نەبێ و بۆ رۆژێکی وانەبێ، بۆکێ و کەی بیپۆشێ؟)(٤).

ئافرەتێك بێبەش لە هەموو مافەکانی بەئینسان بوون، بەسەربردنی ژیانێکی دۆزەخ ئاساو پڕ لە چەوسانەوە، ژیانێك تژی و لێوان لێو لە چەرمەسەری و بێبەش لە کەمترین خۆشەویستی، بۆ وەستانەوە بەڕووی ئەو ناهەقی و زوڵم و زۆرەی بەرابەری دەکرێت، هیچی بۆ نامێنێتەوە، تەنیا چەکی ئەو، ڕەدووکەوتنە.

بێگومان ئەمەش بێ باج بەسەریا تێناپەڕێ. چونکە تخووبی دابوو نەریتی کۆمەڵگەی بەزاندووە. دەبێ باجی ئەو هەڵویستەی بداتەوەو خۆڕا بەسەریا تێ نەپەڕێ. ئەگەرچی ئەو پێوەندییە خۆشەویستییەی ئەوان تایبەتە بەدوو کەسەوەو دەبێ خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، کەچی حوکم و دەسەڵاتی کۆمەڵ وا دەخوازێ رەزامەندیی یەکجاری لەوانەوە بێ و بەدەر لە ویستی کۆمەڵ ئەنجام نەدرێ!.

گوتاری سەرەکیی چیرۆکەکەو کەسایەتییەکە، هەڵاتنە لەو دۆزەخەی ئابلۆوقەی داون و دەبێ ئاوی پێدا بکرێ. هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە پانتایی چیرۆکەکە هێند تژییە لەترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ، ڕووداوەکان بەنهێنی ئەنجام دەدرێن و پێویست بەبێدەنگی دەکات.

چیرۆکەکە خاڵییە لە خۆدواندن و مەنەلۆگ و دیالۆگ. واتە خاڵییە لە ئامادەگی زمان و لە هەموو گوتارێکی عەقڵانی. پۆڵ ڕیکۆر دەڵێت (لەکوێدا



زمان نائامادە بێت، لەوێدا ئەگەری ئامادەگی توندو تیژی گەورەیەو لە کوێشدا زمان ئامادەبێت لەوێدا ئەگەری ئامادەبوونی توندو تیژی لاوازە)(٥).

هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە ترس باڵی رەشی بەسەر چیرۆکەکەدا داداوە (لەپشت دەرگای ژووری ناوەڕاست یەکێ خۆی مەڵاس دابوو، چاوەڕێ بوو ئەو بگات) تا بیکوژێت.

ئەم پەرچە کردارە لەو کات و شوێنەداو لەژێر سێبەری ئەم کۆمەڵگەیەدا بەلامانەوە نامۆ نییەو بە پەرچەکرداری ئەو هەڵوێستە یاخی بووەی ئەوانی دەزانین، چونکە لای ئێمە هەرچەندە خۆشەویستی پیرۆزیی زیاتری پێ ببەخشرێ و ئایدیالیزە بکرێ، ئەوەندە زیاتر لەژێر قامچی هەڕەشەی مەترسیدا دەناڵێنێت(٦).

**پەراوێزەکان:**

١- دیمانە لەگەڵ عەبدوڵڵا سەراج، باسەرە، ژ(٩٩)ی ٢٠٠٥/٤/٢٨.

٢- جەمال میرسادقی، بڕوانە: نەجم خالید ئەلوەنی، بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٧٦-٧٧.

٣- شێرزدا حەسەن، شەرەف لە نێوان خێڵ و حزبدا، کتاب کردستان، ژ(٢)، تاران٢٠٠٣، ل١٦٦.

٤- سەڵاح عومەر "ژووری ناوەڕاست" (چیرۆك) مێرگ، ژ(٢)، هەولێر ٢٠٠٥.

٥- مەریوان وریا قانیع، هاوڵاتی، ژ(١٦٢)ی ٢٠٠٤/٢/٢٥.

٦- دەستکاری وتەیەکی رێبوار سیوەیلییە. بڕوانە: رێبوار سیوەیلی، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، دەزگای سپیرێز، دهۆك ٢٠٠٤ ل٧٦.

# پێشەکییەکی کورت بۆ پرۆژەیەکی گەورە

لە مێژە لە بیری ئەوەدام، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەدەبی کوردی لە کەرکووکی دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە بنووسم. چونکە بەڕاستی ئەو قۆناغە تایبەتمەندی خۆی هەیە و گوتاری هەندێك لە ئەدیبانی ئەو دەیەیەی پێوە دیارە، گوتارەکەش زیاتر سیاسی و دژ بە سیاسەتی بە عەرەب کردن و راگوێزان و بە بەعس کردن بووە. کە دەبێ وەکو شانازییەك و قۆناغێکی دیی لە ئەدەبی بەرگری تۆمار بکرێت.

سەرەڕای کرچ و کاڵی زۆرێك لە بەرهەمەکان و قۆزتنەوەی رەوشەکە، لەلایەن کەسانێکی هەلپەرستی بێ بەهرەو توانا و دوور لە هۆشیاریی ئەدەبی و رۆشنبیریی گشتیی، کەسانێکیش هەبوون دوور لە مەرایی بۆ رژێمو جیاوازی خستنە نێو ئەدیبان و زمان لێدان، لێبڕاوانە و بوێرانە کارە ئەدەبییەکانیان درێژە پێ دەدا. لەو کاتەدا تەنیا بوارێك نووسەران توانیبێتیان بەرهەمی تێدا بڵاو بکەنەوە (هاوکاری، پاشکۆی عێراق، بەیان، رەنگین) بوو.

ئەمانەش خوا هەڵناگرێ، هێند مەیدانەکەیان تەسك کردبۆوە، هەر نووسینێك بۆنی دژایەتی رژێمی لێ بهاتایا، نەك هەر بەرهەمەکەیان بڵاو نەدەکردەوە، بەڵکو نووسەرەکەشیان دەخستە ژێر چاودێرییەوە. یەکەمین هەوڵێك بۆ وەستانەوە دژ بەم لە قاڵبدانی نووسینە و چۆك دانەدان بەرابەر بە مەرجەکانی رژێم، هێنانە کایەی پرۆژەی "ئاوێزە" بوو. ئاوێزە بوار رەخسانێك بوو بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمی ئەو نووسەرە کەرکووکییانەی بەرهەمەکانیان ڤیزەی سنووربڕینیان لێ سەندرابۆوە. ئەوەبوو یەکەمین ژمارەی ئاوێزە لە ساڵی



(٢٠٠١) بە بەشداری (٥١) نووسەر لە چاپ دەرهات. ئەمەش بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی نووسەر "محەمەد سەعید زەنگنە" هاتە بەرهەم. کە بۆ ئەوکاتی کەرکووك دەستکەوتێکی تابڵێی بەبایەخ و مێژوویی بوو.

من بەشبەحاڵی خۆم لە رێگەی پرۆژەی ئاوێزەوە "حەمە سەعید"م ناسی و لە نزیکەوە ئاگام لە هەوڵ و ماندوو بوونەکانی بوو، لە پێناو ئاوێزەدا دەیخستنە گەڕ، ئنجاش ئەو ئاستەنگانەی دەخرانە رێی، بۆ لەبار بردنی پرۆژەکە. ئیدی لە دوای بەرگی یەکەمی ئاوێزەوە جموجووڵێکی ئەدەبی چالاکتر و زانستییانەتر و جیهانبینییەکی روونتر و ئازادیخوازانەتر لای ئەدیبانی کەرکووك دروست بوو و ئەو مێژە کەم دەرامەتەی حەمە سەعید لە ناو جەرگەی مەزاتخانەکەی کەرکووك (لە پەنای دیوارێکی بەساڵا چوو.. کە تەرمی سەدان وەسف و.. سەراحەتی نوستووەکانی داوەتە کۆڵ)[1]، رۆڵی مەڵبەندی یەکێتیی نووسەرانی کەرکووکی دەبینی.

نەك هەر ئەمە بەڵکو دەتوانین بڵێین دەوڵەمەندترین کتێبخانەی کەرکووك بوو، چونکە زۆربەی چاپکراوەکانی کوردستانمان لە رێگەی ئەوەوە، لەو ژێر مێزەوە بۆ رەت دەکرا و دەدرایە دەستمان.

هەر لەو نێوەدا بوو بە چیرۆکەکانی "حەمە سەعید زەنگنە" ئاشنا بووم و بەردەوام بەدوادا چووم هەبوو بۆ چیرۆکەکانی. چونکە دەمزانی، بە ناوەڕۆك و زمانێکی نوێ ئاشنام، ناوەڕۆکێك زۆر بوێرانە کێشەکان دەخاتە روو، ئنجاش بە زمانێکی چڕو دیالێکتیك تێکەڵ و دەوڵەمەند لەگەڵ وەرگردا دەپەیڤێت.

ئاوێزەی یەکەم دەنگ و سەدایەکی گەورەی هەبوو، چ لە کەرکووك و دەورووبەری و تا بەغداش، چ لە شارە ئازادکراوەکانی کوردستانیش زۆری



PDF4Kurd

لەسەر نووسرا، تەنانەت لە کوردستان بە باشترین گەواهی کوردستانی بوونی کەرکووکیان دانابوو.

ئەوەبوو بۆ ئاوێزەی دووەم "حەمە سەعید" رووی لێنام، تا دوو قۆڵی شانی لێ قایم بکەین و ژمارە دووی بەچاپ بگەیەنین. منیش بە خۆشحاڵییەوە رازی بوونی خۆم دەربڕی. لێرەدا جێی ئەوە نابێتەوە، چیرۆکی هاتنە کایەی ئاوێزەی دووەمتان بۆ بگێڕمەوە، خۆشی و ناخۆشییەکان، دەستخۆشی و زویر بوونەکان، ئاستەنگ دروستکردن بۆ لەبار بردنی پرۆژەکە، رۆژانە هەڵکوتانە سەرمان لە لایەن ئاسایشەوە، چاپ کردنی ئاوێزە لەلایەن نووسینگەیەکی بێ مۆڵەتەوە، بڵاونەکردنەوەی هەندێك لەو بەرهەمانەی سانسۆر رێگەی پێدان و لە شوێن دانانی بەرهەمی بێ رەزامەندی سانسۆر و زمان لێدانمان لەلایەن کەسانێکەوە و خستنمانە ژێر چاودێرییەوە.....

ئیدی بە هەر حاڵێ بوو توانیمان بەر لە رووخانی رژێم بە پێنج رۆژ، ژمارە دووی ئاوێزە بڵاوبکەینەوە. بێگومان ئەمیان زیاتر بووە جێی دەستخۆشی و هاندانمان تا بیر لە دەرهێنانی ئاوێزە/٣ بکەینەوە، کە تا ئێستا پرۆژەیەکە لە تاووتوێ کردندایە. سەرەنجام هەردوو بەرگی ئاوێزە کۆمەڵێ نووسەریان لە کەرکووك پێگەیاند، کە ئێستا لە نووسەرە دیارەکانی شاری کەرکووکن.

بۆیە ئەم سەرەتایەم خستە بەر دیدەتان، چونکە ناکرێ باس لە "حەمە سەعید" بکەین و نووسینێك تەرخان بێت بەو، کەچی باس لە ئاوێزە نەکرێت. چونکە ئەوە مێژوویەکە پڕ لە شانازی و قۆناغێکە لە بوێری و چاونەترسی و دڵسۆزیی ئەو نووسەرە نەناسراوە..



باس نەکردن و بە ئەنقەست پشتگوێ خستنی ئاوێزەش بێبایەخ کردن و رەنج بە فیڕۆدان و کەم کردنەوەیە، لە پایە و هەوڵەکانی "حەمە سەعید" و دابڕانێتی لە ناوهێنانی، لە دروست کردنی مێژووی ئەدەبی کوردی لەو قۆناغەی کەرکووك و وەستانەوە بەڕووی دیکتاتۆرییەت و چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیدا. داخۆ نووسەر بوێری و چاونەترسی و وەستانەوەی بە رووی سیاسەتی بەعەرەب کردن و راگوێزتن و بە بەعس کردن و وەستانەوەی بە رووی هەر زوڵمێك بەرابەر بە هەر ئینسانێك کرابێت لە هەر کوێیەك بووبێت، وەك لە ژیانی رۆژانەیدا پیادەی دەکرد، لە ئەدەبەکەیدا رەنگیان داوەتەوە؟

من بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە و زۆر پرسیاری دیش، چەند چیرۆکێکی بە نموونە دێنمەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێکیان بۆ دەکەم.

❋ ❋ ❋

# چاوبرکێی سەر زورگەکان

ئەم چیرۆکە باس لە پێشمەرگەیەکی دێوانە ئاسا دەکات، کە سەرەڕای ئەوەی هێشتا خوێنی شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆ بە جەستەیەوە وشك نەبۆتەوە، جێ برینی دەرزیئاژنی خەمی کارەسات و ماڵوێرانی هۆلۆکۆستی ئەنفالیش لە هەناوی بیریدا سارێژنەبووەتەوە، سەر هەڵدەداتەوە. هۆلۆکۆستی ئەو مرۆیانەی گوناهەکانیان لە خوار گوناهەکانی پەپوولەشەوەن، ئێستا خۆی لە مەیدانی شەڕێکدا، کە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتووە، دەبینێتەوە. هەموو هەوڵی گەیشتنە بەو شوێنە هۆگرەی منداڵیی تێدا بەسەر بردووە و یادگارە تاڵ و شیرینەکانی تێدا بەجێ هێشتوون. ئەو هۆگرە شوێنەی لە ئامێزیدا نەوەی خستۆتەوەو خێزانی دروست کردووە (هەرکە... لەکانی برایم نزیك دەبمەوە، فریشتە و پەری، بەر چاوم دەکەون و غار دەدەن، بەرەوپیریم دێن... بەفراویش لە بانیژەکەوە تێم دەڕوانێ، تا دەگەمە ئاستی، ئەوجا بە نیگایەکی شەرمێونەوە مانوونەبیم لێ دەکات، دەچمە ژوورەوە، جا وا لە بەر چاومە، پێش ئەوەی بێت بەلامەوە دەچێت لەسەر کونەڵانەکە، جامێ دۆی خەستی تەزیوم بۆ دادەکا و دێنێ و دەڵێت " بەخودای دەمزانی دێیەوە").

پێوەندیی ئاشنایی و هۆگری بەخاکەوە هێند بەتینە، ئەوەدەمی باسی خاك دەکات بۆنی گڵ لووتمان دەکزێنێتەوە (ساچمە زەنەکەت وەك خۆت گەرم بووە. دەستت بردو دووجارانت دەهەناوی گڵەکە راکرد، دەروونی خاکەکە گەرمێکەی لێستاند و قیچێك فێنك بۆوەو لەپێش خۆتت درێژ کرد).

لێرەدا جگە لەوەی شوێن دەچێتە قاڵبی هۆگرە شوێنەوە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ شوێنی مێژوویدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و شوێن دەبێتە هۆگرە شوێنی مێژوویی.



یەکێ لەو هونەرکارییە جوانانەی نووسەر بەکاری بردووە، هونەرکاری لە بری دانانە.

ئەوەتا لە جێیەك دەنگ دەکات بە پێوەری شوێن، لەلایەکی دیشەوە شوێن دەکات بە پێوەری کات. نموونەی کردنی دەنگ بەپێوەر بۆ دوورو نزیکی شوێن دەڵێت: (لە وێڕە وێڕ و وێزە وێز زیاتر ئاشنای هیچ ئارامییەك نەبوویت).
وێڕەوێڕ: بۆ دەنگی گوللە لە نزیکەوە بەکاردێت.

وێزەوێز: بۆ دەنگی گوللە لە دوورەوە بەکاردێت. یاخود بۆ ئەوەی دەستنیشانی کات بکات بێ ئەوەی ناوی بێنێت، ناوی شوێن دەبات تا کاتەکە دیاری بکاو رابگەیەنێت، کە کات تێدەپەڕێت (وەکو فڕەندەیەکی دەئاونیشتوو رەوەز بەرەوەزت دەبڕین و بە ڕکەکاندا چەشنی پڵینگ هەڵدەکشایت و لە بەژنی شاخەکەت کەم دەکردەوە).

لەم چیرۆکەدا شاکەس بەدووی کەس و کاروماڵیدا وێڵە، ئەو ماڵەی کە رەمزی نیشتمانە و ئەم تێیدا بێگانەیە و خاوەنی بستێك زەوی نییە، ئەمەش جەخت کردنە لەسەر ئەوەی مرۆڤی بێ شوێن، یا مرۆڤی شوێن لەدەست چوو مرۆڤێکی ناسەقامگیر و نائارام و بێر شێواو و ژێر دەستە و هەمیشە عەوداڵی گەڕانەوەو دووبارە بەدەست هێنانەوەی ئەو شوێنەیە، کە لەدەستی چووە. زۆرجاریش حاڵ دەگات بەوەی بەنرخترین سەرمایەی، کە خودی خۆیەتی لەپێناو بەدەست هێنانەوەیدا بکاتە قوربانی.

چونکە ئەم شوێنە رابردوو و مێژوویەکی پێوەنداری بە کەسایەتییەکەوە هەیە (هەروەك چۆن ماڵ و خاوەن ماڵ زۆر لەیەك دەچن و هەریەکەشیان درێژەدانی ئەوەی دیبانە)[٢].



PDF4Kurd

شوێن و رووداو و وەسف لەم چیرۆکەدا تا رادەیەك هاوبەشن لەگەڵ چیرۆکی "لە راگوزارێکدا"ی جەلیل کاکەوەیس، کە بە هەمان رادە ئەمیش هاوبەشییەکی تێدایە لەگەڵ چیرۆکی "دارەکەی بەرماڵمان"ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل "، شەو و رۆژێکی دی رێگەت کرد ئەوجا لە گوندەکەی خۆتان نزیك بوویتەوە، گوندێکی ساردوسڕ.. وەکو جەستەی مردوویەکی بێ گیان".

کەسایەتی چیرۆکی "لە راگوزارێکدا"یش بە هەمان شێوەی کەسایەتی چیرۆکی "چاوبڕکێی سەر زورگەکان"، کە لەپاش سەگە بۆر دووەم شایەتحاڵی تراژیدیای بەکۆمەڵ کوشتنەکەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر هەواری خاڵی و لە پاش کوکوختییەکە دەبێتە دووەم شایەتحاڵی کارەساتەکە. (شەقاوەکانت پێچایەوەو بەرەو گوندەکە کشای، جەستەیتان بەرەو کۆڵانێك هەڵگرت و ئامبازی بوونەوەرێك نەبوویت، هەنگاوەکانت سست بوونەوە)[٣].

ئەمە تاقە چیرۆکی "حەمە سەعید"ە، کە دیمەنی شوێن تێیدا دەگۆڕێ و گەمە بە شوێن دەکات.

شوێنی کراوە، یاخود شوێنی فراوانی تێدا بەکار هێناوە، هەرچەندە زۆر بەکارهێنانی شوێن لە چیرۆکدا مەرج نییە دەلالەتی زیاتر سەرکەوتوویی نووسەرەکە بێت. چونکە هەندێك جار زۆر بەکارهێنان و دەست پێوە نەگرتن لە بەکارهێنانی شوێندا، تەمی لاوازیی دەنیشێنێتە سەر چیرۆکەکە و بەڵگەی خۆدزینەوەش دەبێ لە توخن کەوتنی شتی نوێ بە دەستەوەداندا. کەم باسکردن و پشتگوێ خستنو بەهەند نەگرتنیشی، چیرۆکەکە دەخاتە قاڵبی چیرۆکە هزرەوە. واتا: هەردوو حاڵەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی و کارامەیی نووسەر لە بەکارهێنانی شوێندا.



ئەوەی دەبێ لەبیر نەکرێت ئەوەیە، کە هەر خوێنەرێك پاش سەد ساڵی دیش ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە، ئەوە دەزانێت، کە باس لە چ شوێن و لە چ زەمانێك دەکات. بێئەوەی لە چیرۆکەکەدا ناوی شوێنێکی تایبەت و دیاریکراو، یا باسی زەمانێکی دیاریکراو کرابێت، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی داهێنان و کەوشەن بڕین و بەجیهانی کردنی چیرۆك.

## توانەوە

تەوەری سەرەکی ئەم کورتە چیرۆکە رەتکردنەوەی سیاسەتی بەعەرەب کردن و پاکتاوی رەگەزییە. ئەمەش لە رێگەی کەسێتی لاواز و بێ هەڵوێستی "گووروون"ەوە، ئەو پرۆسەیە ریسوا دەکات. ئەوەتا گووروون دوای ئەوەی تبلی (پەنجە) مۆر دەکا و بۆیەی سەرپەنجەی دەنێ بە کاغەزی سەر مێزەکەوە، ئیدی نەفرەت لەخۆی دەکا و لە زەلامێکی بەهێز و بەتواناوە، کە (ئاسمانی وەچاتۆڵ دەزانی)، دەتوێتەوەو چۆك دادەدا و وەکو شێت لەبەر خۆوە دەگری. ئەوەتا کاتێ لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، خۆی لێ دەبێتە دوو کەس و بەزمانی کەسی دووەمی تاك "تۆ" دەدوێت. ئەمەش زیاتر نەفرەت کردنە لە (من) و متمانە و بڕوا بە خۆ بڕینە. نەك هەر ئەمە بەڵکو بەهۆی ساویلکەیی و بێ زمانی و ناهۆشیارییەوە دەیەوێ تاوانەکە لەکۆڵ خۆی بکاتەوەو بیداتە سەر (ئامە)ی ژنی و (ئەحە)، کە نازانین کوڕێتی یاخود لێپرسراوی حزبی ئەو دەڤەرەیە، کە ئەو تێیدا ژیان دەگوزەرێنێ.



PDF4Kurd

## فاڵچییەکی بێڕوو

چیرۆکێکە زۆر بە جورئەت و بوێرانە لە ڕێگای بەکار هێنانی "ئەندامە شوێن"ەوە نەفرەت لە دابونەریتی کۆن و مەزهەب دەکات. دەیەوێ لە ڕێگای ئافرەتێکی ناهۆشیارو چەوساوەی دەستی مێردەکەی و قوربانی دەستی داب و نەریتی کۆن و بەجێماوی قۆناغی دەربەگییەوە، ژیانی ئافرەتی کوردەواریمان پێ نیشان بدات، کەچۆن وەکو ئامێرێك بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ سەیر دەکرێت (پیاوەکەم فرە خراوە، هەڕەشەی ئەوەی لێکردووم، گەر منالّم نەبێت، ئەوا تەلاقم بدات). ئیدی مامە شێخ بەسوود وەرگرتن لەو هەلّوێستە کوێرانەیەی کۆمەڵ بەرابەر پیاوانی ئایینی هەیەتی، گوایە هەمیشە لەسەر هەقن، کاری خۆی دەکا... ئەوەتا لە کاتێکدا تخووبی هەستیارترین و ترسناکترین ئەندامی ئافرەتەکە دەبڕێ، هەرچەندە (چین چین ئارەقی شین و مۆری دەڕژاندن. ئازای جەستەی کەوتبووە لەرزین). ئینجاش چرکەی لەخۆ بڕیوەو متەق ناکات.

هەمان ڕووداو لە ڕۆمانی (درز)ی کاکە مەم بۆتانی دووبارە بۆتەوە، وەلێ لای ئەو شمولی تر باسکراوە. لەو ڕۆمانەدا یەکێ لە کەسایەتییەکان ئافرەتێکی نەزۆکە، بۆ منداڵ بوون دەچێتە لای دکتۆر، تیری جوانییەکەی کەللەی دکتۆر دەپێکێ، ئەویش وەکو ئەم دەماری ژنێتی و هەوەس پەلکێشی خۆبەدەستەوەدانی دەکات.

لەم چیرۆکەدا و لە ڕۆمانەکەشدا ئەم هاوکێشەیە بەدەست دێنین:

منداڵ نەبوون= پووکانەوەی خۆشەویستی+ چەوسانەوە.



## عەلەشیش

پێشتر خوێندنەوەم بۆ ئەم چیرۆکە کردووە، ئەمە دووەم خوێندنەوەمە، دریدا گوتەنی: هیچ خوێندنەوەیەك دوا خوێندنەوە نییە. منیش دەخوازم ئەمەی من دوا خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە نەبێت و نووسەرانی هۆشیارو خەمخۆرانی ئەدەب چەندین جاری دیش سەر لەنوێ بە چیرۆکەکاندا بچنەوەو شتی نوێی تێدا هەڵبهێنجێنن.

ئەم چیرۆکە وەکو زۆرێك لە چیرۆکەکانی دی نووسەر، بە زمانی کەسی دووەمی تاك (تۆ) بەڕێوە دەچێ و وا هەست دەکەین چیرۆکنووس لەتەك کەسایەتییەکەدا دەدوێ و شتی دی بیردەخاتەوە.

شوێن لە چیرۆکەکەدا لە بەرگی هونەری وەسف داماڵراوەو تەنیا بە یەك وشە ناوی شوێنەکان هێنراوە (قوتابخانە، ماڵ، بەردەرگا)، کە هەرسێکیان سێ شوێنی کۆمەڵایەتین و منداڵ لە هەر یەکێکیاندا وانەی جیاجیا و پەروەردەی جیاجیا لە زەینیدا تۆمار دەکات و بایەخ و دەسەڵاتی شوێنی بۆ ساغ دەبێتەوە. بۆ نموونە هەر بۆچوونە ژوورەوەو بڕینی سنووری دەرگای ماڵێك (پێویست بە تەمەنێك لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیو بڕێك لە ڕەوشت و زەمەنێك لە ئاشنایی و برادەری دەکات)[٤].

هەر لێرەوە بایەخی شوێن و بەپیرۆز کردن و سنوور بڕینی لەلا بەرجەستە دەبێتەوە. ئەوەتا هەر ڕۆیشتنە بەردەرگا پرسو قایل بوون و ئاگادارییەکی لەلای دایك و باوکەوە پێویستە، خۆ لەماڵ دەرچوون و بەرەو قوتابخانە ڕۆیشتن ئەوا کۆمەڵێك ئامادەگی دیی دەوێت.

ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە تەمەن ڕێ بە سنوور بەزاندنی شوێنەکان دەدات.



PDF4Kurd

بەگشتیی ئەو شوێنانەی لە دوو توێی ئەم چیرۆکەدان، دەکرێ بڵێین هەموو شوێنی تاك رەهەندن. ئەمەش بەو شوێنە دەگوترێت، کە (چیرۆکنووس بایەخی تەواوی پێ نادات، بۆیە بە ڕووپۆشی دەرەوەی ڕووداوەکان دادەنرێت)[٥].

هەرچی قوتابخانەیە جگە لەوە رۆڵی دژە شوێنیش وەردەگرێت. چونکە (پۆلەکانی خوێندن هەمان ئەو شێوازانەی ترس و دەسەڵات و یا ساغ کردن بەرهەم دەهێنن، کە لە ژووره داخراوەکانی خێزاندا بەرهەم دێت)[٦].

دژە شوێن بەو جێگایە دەگوترێت، کە هێزی کێشکردنی لاوازە و مرۆڤ تێیدا هەست بە هۆگری و دەستەمۆیی و ئاشنایی ناکات. ئیدی یا بە زۆر بەسەریدا سەپێنراوە، وەکو: زیندان، تاراوگە، سەربازی، بەرەکانی جەنگ.

یاخود بە ناچاری تێیدا دەگیرسێتەوە، وەکو: شوێنی کار، نەخۆشخانە، گۆڕستان. هەندێك جار شوێنی هۆگر پێچەوانە دەبێتەوە و بۆ دژە شوێن دەگۆڕێت، وەکو: ماڵ، قوتابخانە، شوێنی کار.

ئەم دوژمنارییە وا لە قوتابییان دەکات هەوڵی دوورکەوتنەوە بدەن لەو مەڵبەندە و چارەنووسیان بەلایەکی دیدا ببەن. ئەو چارەنووسەی، کە دایکان و باوکان ئومێدەوارن جگەرگۆشەکانیان داهاتوو و چارەنووسێکی خۆیان ئاسایان نەبێت.

قوتابخانەی ماڵی دووەمی قوتابیان، مەڵبەندی پەروەردە و زانست و ئاشنابوونە بە دنیایەکی نوێ، بە دنیایەکی پێشکەوتوو تر، دنیایەکی ئارامتر و کەم چەوسانەوە تر. ئەم دنیا نوێیە هەندێك جار لای قوتابی، زیاتریش لای قوتابی کەم هۆشیارتر و نازیرەك، دەبێتە شوێنی ترس و لێدان و چاو سوورکردنەوە و پشکنین و لە زنجیردانی جووڵە و کاری ئاسایی رۆژانەیان، وەکو



ئەوەی لە پۆلدا پێکەنین قەدەغە دەکرێت و باجی لەسەر دادەنرێت. قسەکردنیش بە هەمان دەرد و تەنانەت هەڵسان و دانیشتن و چوون بۆ ئاو خواردنەوەو میزکردن و گەلێ شتی دی، بێ دەست هەڵبڕین و بێ فەرمانی مامۆستا ئەنجام نادرێت. کە هەموو ئەمانە لە ماڵەوە و لە کۆڵان مافی ئاسایی خۆیەتی و سانسۆریان لەسەر نییە، یا کەمترە. کە دەچێتە قوتابخانە هەموو ئەو مافانەی لێ دەسێندرێتەوە، سەرپێچی کردنیش باجێکی گەورە دەخاتە سەر قوتابی . لە سەرووی ئەمانەشەوە، وانەی گران و ماندووکەر و زمانی قورس و خوێندن بە زمانێکی دیی، هەروەها هەڵوێستی توند و تیژی مامۆستایان، چ بە قسە، یا بە رەفتار، بەرابەر بە قوتابی، دەبنە هۆی بە بەندیخانە وێناکردن و نامۆ بوون و ناحەزی و دژایەتی کردنی قوتابخانە لەلایەن قوتابییەوە، چ بە مەعنەوی، یا مادی، وەکو: خەت بە دیواری قوتابخانەدا هێنان و شووشەی پەنجەرە شکاندن و هەڵکەندنی نەمام و قرتاندنی گوڵی باخچەی قوتابخانەو... هتد. کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دووری نێوان قوتابیان و مامۆستایان و گرنگی نەدان بە برەوو گەشە پێکردنی حەزەکانیان و نزیك نەبوونەوەو ئاشنا نەبوون بە سایکۆلۆژیای قوتابییان و ژیانی تایبەتییان و کردنی قوتابخانە بە زیندانی هەڵسوکەوتەکانیان و لە قەنارەدانی ئاواتە دوورە دەستەکانیان و گۆڕانیان بە حەز و ئارەزوو و ئاواتی چەپێنراو. ئەمەش لە سۆنگەی ئەو هەموو فەرمانانەی جوولانەوەی جەستە و هزریان شەتەك دەدەن. بۆیە منیش لەم چیرۆکەدا قوتابخانەم بە دژە شوێن داناوە، چونکە دڵنیام زیرەکترین و هۆشیارترین قوتابی، خۆشترین رۆژی ئەو رۆژەیە، کە قوتابخانە تێیدا لە پشوودایە و داخراوە.

ئەم چیرۆکە حیکایەتی سیستەمی ئیفلاس بووی پەروەردەو فێرکردن لەلای خۆمان دەگێڕێتەوە (کە بێ ئەندازە نەخۆشە، سیستەمێکە نا عەقلانییەت و توند و تیژی و ترس و ستەمکارییەکی هەمەلایەن دەبیات بەڕێوە)[7].

چیرۆکەکە باس لە دیاردەی بەرتیلدان و دیاری بردن بۆ مامۆستا دەکات، بەرامبەر بە دەرچوونیان و سەرخستنیان لە وانەکانیاندا. ئەم دیاردانە بە گشتی تەنیا لە کاتی کەمبوودی ئابووری و بەرز بوونەوەی نرخی شتەکان و بەرابەر نەوەستانی ئەو چەردە پارەیەی مامۆستا مانگانە وەری دەگرێت لە نێوان پێداویستییەکان و نرخی بازاڕدا. ئەگەرچی عەقڵ و رەفتاری مامۆستا ئەم دیاردەیە قبووڵ ناکاو ناشبێ هیچ کات قبووڵ بکرێت، بەڵام هەرکاتێك قبووڵ کرا، ئەوا تەنیا ئەو جۆرە مامۆستا سادیستیکە ساردانە ئەنجامی دەدەن، کە لە پشت ویژدانی بێ ئاگایانەوە ئارەزوو و مەیلی کۆنترۆڵ کردنی قوتابییانیان لای خۆیان حەشار داوەو لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیاندا یاری بە چارەنووس و دوارۆژی رۆڵەکانیان دەکەن. ئەو مامۆستایانەی زۆرجار رۆڵی هەمان ئەو باوکە تەقلیدییە، زۆرجار نەخوێندەوارە دەبینن، کە لەناو خێزاندا ئامادەیە و سادیستانە رەفتار دەکات. (بە گشتی کاتێ باسی سادیزم دەکەین، جۆرێك لە ناوێزەیی سێکسی بە خەیاڵماندا دێ. پیاوێك دێتە پێش چاومان، کە تا بە کوتەك لە ژنێك نەدات، یا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئازاری نەدات، مەیلی سێکسی ناجووڵێت. سادیزم بە ئازاردان و ئەزیەت دانی خەڵکیش دەوترێ. گەوهەری مانای سادیزم، واتە: دەسەڵات و کۆنترۆڵی تەواو رەها بەسەر بوونەوەرێکی زیندووی تردا.. ئەشێ ئەو بوونەوەرە گیانەوەر، یا منداڵ، یا



کەسێکی گەورە بێت، کە کەسێکی سادیستیك ئەیەوێت بیکاتە موڵکی خۆی و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە)[8].

بە گشتی کەسایەتییەکە سلبی و ساویلکەو دەستەپاچە و بێ زمانە، شتێکی قووڵ و جددی دەربارەی ژیان بۆ ناگوترێ‌و بە درێژایی چیرۆکەکە لە وشەی (بەڵێ) زیاتر، کە ئەمیش نیشانەی خۆ بەدەستەوەدانە، چی دیی ناڵێت.

* * *

**پەراوێزەکان:**


١- دانا عەسکەر، "ئاوێزە" ژ (١)، نووسینگەی عەبدولوەهاب، کەرکوك ٢٠٠١ ل بەرگی ناوەوە.

٢- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق – ج٢- دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد ٢٠٠٠، ص١١.

٣- جەلیل کاکەوەیس، چرکە زیندووەکان، وەزارەتی رۆشنبیریی- هەولێر ٢٠٠٠، ل٤٦.

٤- د. اسعد غالب الاسدي –شعرية العمارة- سلسلة الموسوعة الصغيرة- دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد ٢٠٠٢، ص ٦٧.

٥- ياسين النصير- الرواية والمكان- ج١- سلسلة الموسوعة الصغيرة- دار الحرية للطباعة- بغداد ١٩٨٠، ص٧٤.

٦ ،٧-مەریوان وریا قانیع- هاوڵاتی ژ (٢٠٥)ی ٢٩/١٢/٢٠٠٤.

٨- ئەریك فرۆم، بە (ناوی ژیان)ەوە، و: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، چ٢، ٢٠٠٢، ل٨٠.

# خوێندنەوەیەك بۆ چیرۆكی ترپەی پێی شەو

**شیرین. ك** یەكێكە لەو ئافرەتە نووسەرانەی لە دوای ناوەندی حەفتاكانەوە بە بەردەوامی سەرقاڵی چیرۆكنووسینەو چیرۆك مەملەكەتێكی تایبەتی بۆ دروست كردووە، یا راستتر بەخشتی چیرۆك مەملەكەتێكی تایبەتی بنیات ناوە. هەرچەندە شیعریش دەنووسێت، لێ هەر وەك چیرۆكنووس ناسراوە.

نكوڵی لەوە ناكرێت شیرین.ك، ئەحلام مەنسوور ئاسا چیرۆكەكانی بەرایی تەرخان بوون بۆ داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و وەستانەوە بەرووی چەوسانەوەی ئافرەتان لە سایەی كۆمەڵگەی سەرمایەداریدا. پاشان شانبەشانی گۆڕانكارییەكان ناوەرۆك و تەكنیكی چیرۆكەكانی رەوتێكی دییان گرتەبەر. لە دەرگای گەلێ كێشەو ململانێی جیاجیایان دا. یەكێك لەو چیرۆكانەی، كە زمانەكەی زیاتر شیعرییەو بۆ بایەخداركردنی زمانەكەی، شیعری تێكەڵ بە چیرۆكەكانی كردووە، چیرۆكی (ترپەی پێی شەو)ە.

نووسەر لەم چیرۆكەدا باس لە ئافرەتێك دەكات لە چاوەڕوانی هاوسەرەكەیدا شەونخوونی دەكێشی و بە خەیاڵی رۆژانی رابردووەوە شەو بەسەردەبات. پاڵەوانی دووەمی چیرۆكەكە گۆدۆیەكی نادیارەو هیچ لە بارەیەوە نازانین، پاڵەوانی یەكەمیش ئافرەتێكە لەگەڵ كۆرپەكەیدا لە چاوەڕوانی گۆدۆی مێردیدا رۆژ دەكاتەوە. ئافرەتێ لە تەنیاییەكی قووڵدا دەژی، تەنیاییەك، كە تارمایی ترس و گومان بە دوای خۆیدا دێنێت، هەرچەندە ژنە ئەمەی پێوە دیارنییە، لێ لەو مەنەلۆگەدا رەنگدانەوەی ترس بەدی دەكرێت (لە پەنجەرەكەی ئەو ئەپارتمانەی بەرامبەری رووانی، تەنیا پەنجەرەكەی قاتی خوارەوەو دووانی



سەرەوە رۆشن بوون ((دیارە ئەوەیان زۆر مەست بووەو بیری چووە گڵۆپەكان بكوژێنێتەوە، دەنا لەم وڵاتەدا كارەبا بە چاوە...لەوانەیە ئەمشیان كیژۆڵەیەكی تەنیا بێ و بترسێت لەوەی بە تاریكی بخەوێت))[1].

چونكە یەكسەر بیری ترس بەلای ئەو كیژۆڵەیە بە مێشكیدا دێت، دوور لە گەلێ بیرو بۆچوون و وێناكردنی دی، دیارە ئەمەش رەنگدانەوەی نەستی خۆیەتی و لە كچەی ئەپارتمانەكەی ئەوبەرەوە بەدی دەكات. ئەوەتا نازانین كابرا بۆچی نەهاتۆتەوە؟ هۆی دواكەتنەكەی چییە؟ چ كارەیە؟
ئەمەو جگە لەوەی نازانین لە سۆنگەی چییەوە ژنە لە پیاوەكەی بە گومانەو نوقڵانەی خراپ بە مێشكیدا دەگوزەرێت (دەبێ لە كوێ و لەگەڵ كێ بێ؟). وا لێرەدا دواكەوتنەكە خۆی لە خۆیدا گومانی خراپی لەلا دروست دەكات، ئەمەش لەو رەفتارەی دراوسێكەیانەوە دێت، كاتێك كە تەپەیەك بەرەو ماڵە دراوسێكەیان مل دەنێت ( چركەی كردنەوەی دەرگای ژوورەكەی تەنیشتی هاتەگوێ، دەنگە دەنگ و مشت و مڕ بە زمانێك، كە ئەم لێی تێنەدەگەیشت بەرز بووەوە، ئینجا پێكەنین و بە توندی دەرگاكە بە یەكدا دراو دەنگەكان كپ بوون....)[ل١٧].

لە پاش ئەم هەڵوێستە یەكسەر گومانی ئەوەی لەلا دەڕوێ (دەبێ لە كوێ و لەگەڵ كێ بێ؟)، بێگومان ئەمەش هەر رەنگدانەوەی گومانی پاڵەوانە بەرامبەر بەوی دیی، ئەنجاش كاریگەری رەنگدانەوەكەیە لەسەر هزری خۆی. كە ئەمەش زیاتر لە پاڵەوانێكی بێ ئیرادەو تەریك كەوتووی وەك پاڵەوانەكەی لەمەڕ خۆمان بەدی دەكرێت. ژنە خۆی پێویستی بە گەرمكردنەوەی هاودەم هەیە، بۆیە تەنانەت لە فلاشباگەكەیشیدا دەیەوێت ئەمە بچەسپێنێت



PDF4Kurd

(پێخەفەکانی هێنا، رایخست، سەرینەکەی ئەوی هێناو پاڵکەوت، باوەشی پیاکرد، بە قوولّی پڕ بە سییەکانی بۆنی سەرینەکەی کرد، ماچی کرد، پێڵووەکانی لێك نا...)[١٧ل].

ئەو ژنە چونکە پێشتر تامی ئەزموونی خۆشەویستی چەشتووە، دەزانێت بە لەدەستدانی مێردەکەی چی لە کیس دەچێت. بۆیە بە درێژایی شەو لە چاوەڕوانیدا دەتلێتەوەو ئەو ترس و لەرزەش، ترسی لە دەستدانی مێردەکەیەتی، ترس لە تارمایی داهاتێکی بێ بەزەیی، کە بەڕێوەیە. ژنە لەو بۆشاییەدا دەیەوێ بە بیرکردنەوە لە شەوێك لەو شەوانە پڕ بکاتەوە، کە لە چاوەڕوانی تەپەتەپی پێیدا هەناسەی لە خۆ بڕیبوو تەپەتەپی دڵی لە گوێیدا دەزرنگایەوە. مێردەکەی دێتەوە، قەتماغەیەك لە بۆنی سپرتۆو دەرمانی لە خۆ گرتووە، سەرەڕای ئەو ئارەقەیەی گیانی، کە هەراسانی کردبوو، بە قەڵەمبازێ خۆی گەیاندێ و باوەشی پیاکرد.

کات لەم چیرۆکەدا لە وەستانەوە نزیکەو زۆر بە سستی و خاوی دەڕوا (هەردوو چاوی لەسەر سەعاتی قەد دیوارەکە مەیی، رووی گرژ کرد "ئەوە سەعات چەندە!؟ تازە نایەتەوە").

ئاوێزەی دەق زۆر جار دەبێتە کلیلی بابەتەکە، واتە (لە دەقی زیندوودا ناونیشان دەوری کلیل دەبینێت بۆ کردنەوەی دەقەکەو شۆڕبوونەوە بۆ ئاستە نادیارەکانی)[٢].

لێرەدا ناونیشانەکەی لای وەرگر زیاتر دوو هێما بە دەستەوە دەدات:

١- وا دەزانێت چیرۆکێکی سیاسییەو باس لە نهێنیکاریی دەکات.

٢- هەر لە دەستپێکەوە بڕیاری ئەوە دەدات، کە چیرۆکێکی سێکس ئامێزە.



نووسەر ئەو ناونیشانەی زیاتر لەبەر ئەوە بەکارهێناوە، چونکە ناوێکی شاعریبیەو چەند جارێك لە دەقەکەدا ترپە دووبارە بووەتەوە.

بۆیە لەپاش خوێندنەوە دەگەیتە ئەو قەناعەتەی، کە ترپەی پێیەکە ئاماژەی بەردەوامی و چاوەڕوانی بە حاڵەتەکە دەدات (ترپەی پێیەك بە ئاشکرا لەبەر هەیوان و ناو هەیوان و لەناو دڵیدا لەسەرخۆ دەهات و دەچوو)[١٧١ل]، یا (تا خەو بردییەوە، ترپەی پێ و مۆسیقای ترسناکی هەورە گرمەکان گەمەیان پێ دەکرد)[١٧٢ل]، یا (خەو بردییەوە بەیانی ترپەی پێیەکی راکردوو، راونراو، شپرزە لەبەر دەرگاو لەناو گوێیدا هەر پێکوتەی بوو)[١٧ل].

شوێن لە چیرۆکەکەدا شوێنێکی هۆگرەو لە هەمان کاتیشدا شانۆییە، چونکە جووڵەی تێدا نییەو بە درێژایی چیرۆکەکە هەر هەمان شوێنی بێ جووڵەیە، پانتایی جووڵەی پاڵەوان ژوورێکە، واتە تایبەتە، شوێنی تایبەتیش بە پێی پێناسەی ئەرستۆ ( لە یەك تەن و تەنیا کاتێك زیاتر ناگرێتە خۆی)[٣].

هەرچەندە ناونیشانی چیرۆکەکە ئاماژە بە جووڵەیەکی بەردەوام دەکات، لێ گۆڕانکاری تێدا بەدی ناکرێت، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەکرێت ئەم چیرۆکە بگۆڕێت بە شانۆنامەیەکی مۆنۆدرامی و نمایش بکرێت.

نووسەر لەم چیرۆکەدا (زۆر لە کەسایەتییەکەوە نزیك دەبێتەوە، تا دەنگی تێکەڵ بە دەنگی ئەو بکات و هزروبیری بە هزرو بیری ئەوو زمانی تێکەڵ بە زمانی بکات)[٤] پاڵەوان کەسێکی ئۆقرە لێ براوە، هەر کاتێك پەنجەرەکە دەکاتەوە، چاوی لە دنیایەکی دییە، دنیای دەرەوەی ژوورەکەی، ئەو دنیایەی مێردەکەی لە خۆ گرتووە و ئێستا شەوی لێ رۆژ دەکاتەوە، پەنجەرەکە دەبێتە دابڕێك لە نێوان دنیای ئەوو دنیای مێردەکەی، لە هەمان کاتیشدا پەنجەرەکە



PDF4Kurd

دەبێتە ئامرازی پێوەندی لە نێوان جیهانە تایبەتەکەی و جیهانی دەرەوەدا. دەیەوێ ئەڵتەرناتیڤێکی دی بۆ پێوەندی کردن بە دەرەوەو دەرچوون لەو جیهانە تایبەتە بە رادیۆکە جێ بکاتەوە، کاتێك ( دەستی دایە رادیۆ بچووکەکە، میلەکەی گۆڕی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر، لەوسەرەوە بۆ ئەمسەر، دەنگی مۆسیقایەکی ترسناك میلی رادیۆکەی لەسەر وێستگەیەك پێ وەستاند، مۆسیقاکە بەرەبەرە کزبوو، ترپەی پێی هەنگاوی بە پەلە بەسەر مۆسیقاکەدا زاڵ بوو، قیژەی ژنێکی تۆقیو مۆسیقاکەی کەرت کرد، ساواکەی بە دەم گریانەوە خەبەری بووەوە، بە پەلە رادیۆکەی کوژاندەوەو...)[ل١٧٢].

لێرەدا تەنانەت ترپەی پێ بەسەر هێمنترین ئاوازی مۆسیقادا زاڵ دەبێ و مۆسیقاکەی لێ نامۆ دەکاو دەتۆرێنێ. ترپەی پێ لە بری ئارامی و دڵنەواییەکی پێ ببەخشێ، جێگەی ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامییە.

**پەراوێزەکان:**

١- ئایندە ژمارە (٤٩)ی ٢٠٠٣، ل١٦٩.

٢- عەتا قەرەداغی، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٢٦.

٣- سەباح ئیسماعیل – شوێن و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا، بەشی دووەم، نەوشەفەق ژ(٩)ی ، ٢٠٠٣، ل٤٤.

٤- یاسین النصیر – اشکالیة المکان في النص الادبي – دار الشؤون الثقافیة العامة – بغداد ١٩٨٦، ص٧٣.





PDF4Kurd

# قەیرە کچیی یا چاوەڕوانییەکی سیزیفییانە؟

کەم نین ئەو نووسینانەی لەسەر ئافرەت نووسراون، وەلیٚ لە زۆربەی زۆریاندا راستی ونەو جورئەتی وتنیان تێدا بزرە و ئەو کێشانەی وەك شاکێشە خراونەتە روو، تەنیا بۆ پەردە پۆشکردن و باس نەکردنی هەندێ کێشەی گرنگی تر باس کراون و خراونەتە روو، کە ئەمەش بەهۆی نەبوونی وێنەیەکی فیکری روونەوەیە دەربارەی کێشەکان.

کەم کەس توانیویەتی خۆی لە قەرەی یەکێ لە کێشە گەورەکانی ئافرەت بدات، کە لای ئێمە زۆرن و کێشەی گەورەن و لە گەلیٚ شوێنی دنیادا نەماون و کاتیان بەسەر چووە، یەکێ لەوانە کێشەی (قەیرە کچی)یە. لای ئێمە پێوانەو سنوورێکی سووری وەهمی بۆ ئافرەت دادەنریٚ، کە ئەگەر تخووبی ئەو سنوورەی بەزاند ئەوە ئیدی تەمەنی سەردەکاو کاتی بەسەر دەچیٚ و ئێکس پایەر دەبیٚ. ئەم سنوورە هەرچەندە خۆرسك نییەو دەستکردە، بەڵام لای ئێمە جێگیر بووەو رۆڵی چالاکی خۆی بە تەواوی بینیوەو دەبینیٚ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەلیٚ هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و ئایینی و رامیاری و رۆشنبیری و خێڵەکیی و هۆی لابەلای دیش. کە بەڕاستی هێند بە تین رەگیان داکوتاوە، هەڵتەکاندن و بنجبڕکردنیان گۆڕانێکی رادیکاڵی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێویستە.

یەکێ لەو هۆ گرنگانە رزگاربوونی ئافرەتانە لە کۆت و پێوەندی ئابووری. چونکە سەربەخۆیی ژنان هەنگاوی یەکەمە بۆ وەدەست هێنانی سەرجەم مافە رەواو مرۆییەکانی، چ لە ئاستی خێزاندا بێت یا لە کاردا یا لە کۆمەڵگادا.



ئافرەتی کارکەر هەست بە تواناو مرۆڤیی خۆی دەکات. هەست بە رێزو متمانەو سەربەخۆییەك دەکات، کە ئافرەتی بیٚ کار لێیان بێبەشە. ئێستا لە پێشکەوتووترین وڵاتانیشدا ژنان بە تەواوی بە مافی یەکسانی خۆیان لەگەڵ پیاواندا نەگەیشتوون، بێجگە لەوەش لە هەموو وڵاتێکداو لە دواکەوتووترین شوێنیش، کۆمەڵانی خەڵك هەرچەندە بێبەش بن لە مافەکانیان، ئەوا ژنان تێیاندا بێبەشترینن. ئەنگڵس راستی بۆ چووە، کە دەڵێت: لە خێزاندا ئافرەت رۆڵی پرۆلیتاریا دەبینیٚ و پیاویش رۆڵی بۆرژوا. (رادەی پەرەسەندنی هەر کۆمەڵێکیش بە رادەی سەربەستی ئافرەتانەوە بەندە)* ئەو سەربەستییەی بۆ پیاوی بە رەوا دەبینین، هەمان شتیش بۆ ئافرەت... ئێمە کە ئەم قسانە دەکەین لەوە بووینەتەوە، کە تا ملّکدارێتی تایبەتی بمێنیٚ، ئەوا ژنان و پیاوانیش مافی یەکجارییان بەدەست نەهێناوەو ناهێنن.

بەو پێیەی لێکۆڵینەوە گەڕانە بە دوای راستی هەر مەسەلەیەك، یا بابەتێکدا، ئەمجا بەرچاوخستنی ئەو راستییە، بە دوور لە دووبارە کردنەوە بازنەییەکان!

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە چیرۆکی (مەینەتی قەیرە کچێك)[1]ی (ئامینە محەمەد) ئاماژە پیٚ دەکەین و دەیخەینە بەر رۆشنایی باس و لێکۆڵینەوە، کە بوێرانە لە دەرگای کلۆمکراوی ئەم بابەتەی داوە و ملی رێی ئەو رەهەندەی گرتۆتەبەر. دەستپێکی چیرۆکەکە: (ئەم جارەش خوازبێنی کەرم لە دەست چوو). هەر لەم دەستپێکەوە گەلیٚ شتمان بۆ روون دەبێتەوە:

یەکەم: پێشتر خوازبێنی کەری هاتووەو بیٚ ئەنجام بووە.

دووەم: کیژێکە لە چاوەڕوانییەکی قووڵی شووکردندا دەژێت.

سێیەم: لە دەستدانی هەر داخوازی کەرێك بەدەر لە ویست و ئیرادەی خۆیەتی.
مارکیز لە دەستپێکی رۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)دا نووسیویە:
(دوای ساڵانێکی درێژ، لەبەردەم تیمی گوللە باراندا، کۆلۆنێل ئۆریلیانۆ بۆیندیا، ئێوارە وەختی ئەو رۆژەی بیر کەوتەوە، کە باوکی لەگەڵ خۆی بردی، تاکو شەختەی پێ نیشان بدات) [٢].

شایانی باسە مارکیز لە رۆمانی (چیرۆکی مەرگێکی راگەیەندراو — قصە موت معلن)یشدا هەمان شێوازی دووبارە کردۆتەوە. بەم دەستپێکە ئیدی مارکیز بناغەی رۆمانە کەم وێنەکەی دادەرێژێت. چیرۆکنووسمان ئیدی لە ئاگاییەوە بێت یا نا ئاگایی بەم دەستپێکە مارکیزییە سەرکەوتووانەیە پەنجەرەی چیرۆکەکەی دەخاتە سەر پشت. کە هێند سادەو چڕ کراوەتەوە، دەکرێ هەر ئەمەندە بەس بێت بە (چیرۆکۆکە) یەك بژمێررێت.

ئافرەتێ لە حاڵەتی چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێدا بژێت، کاتێ خوازبێنی کەری نەناسیاوی شیرین و ڕۆح سووکی لە کیس بچێت، دەبێ چ هەڵوێستێکی هەبێت؟ (هەناسە هەڵدەکێشێ)و چاو دەگێڕێ دارتووە پیرەکەی حەوشەیانی بەرچاو دەکەوێ، دەچێتە سەربان و روو لە ئاسمان دەکا، ئەمجا خۆی دەکوتێ بەزەوییە گەرمەکەی مانگی ئابدا.

ئاڤان، جوانترین خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوو، رۆژێك لە کاتی قسەکردندا لەگەڵ هاوڕێیەکی خوێندکاریدا باوکی دەیبینێ و لەبەر چاوی هاوڕێکانی تەریقی دەکاتەوە، ئیدی لەو رۆژەوە، پابەندی ئامۆژگارییەکانی باوك و دایکی دەبێت. خوێندن تەواو دەکات و لە نەخۆشخانەیەك دادەمەزرێ. هەر ئەو داخوازی کەرەی لە تەمەنی **٢٩** ساڵیدا هاتە خوازبێنی، پاش ١١ ساڵی دی



دێتەوە خوازبێنی ، لەبەر ئەوەی ئەم تەمەنی ٤٠ ساڵە، رەت دەکرێتەوە. ئیدی لە قاڵبی خۆی دەردەچێ. بۆ سبەینێ خۆی لە دەرمان هەڵدەکێشێ و بە پانتۆڵی جینزو نیو قۆڵەوە بە بەردەمی باوکیدا تێدەپەڕێ. کە باوکی دەڵێ:
بۆ کوێ بەم جل و بەرگە ناشیاوەوە؟ ئەو دەڵێ: (بەرەو چارەنووسی خۆم دەچم، بوومەتە قەیرە کچێکی ٤٠ساڵان، تاکەی دام دەبەستن؟!
لەسەر شۆستەی شەقامەکە دەوەستێ، ترومبێلێکی تازە مۆدێل بۆی دەوەستێ، ئەم خێرا خۆی فڕێ دەداتە ناوییەوەو لەگەڵێدا دەڕوا... ...).
ئەم چیرۆکە تابڵێی چیرۆکێکی واقیعییە و بە جورئەت و راستییەکی لەبەرچاوەوە نووسراوەو بە زمانێکی رەوان و بەدەر لە پرۆسەی خەساندنی زمان دارێژراوە.

زۆر لە نووسەران لە دەرگای ئەم بابەتەیان داوەو گەلێ چیرۆك و هۆنراوەو شانۆگەری لەسەر ئەم بابەتە نووسراون، هەر لە چیخۆفەوە [٣] بیگرە هەتا لۆرکاو [٤] رەووف بێگەرد [٥] و ئەحلام مەنسوور [٦] و شێرزاد حەسەن [٧] و حەمە سەعید زەنگنە [٨] و شاکر عەواد [٩] و گەلێکی دی.

ئەمانە هەموو لە دەقەکانیاندا باسی بابەتەکەیان کردووەو لێی دواون، بەڵام کەمیان پەیان بەهۆو ئاستەنگەکانی سەر رێگای دژواری قەیرەیی بردووە!.

ئەم کیژە هەموو خواست و ئارەزوو و خەون و هیوای لە شووکردندا خەست بووەتەوە، بەهەشتی شووکردن، ئیتر بە هەر کەسێك بێت لای ئەم بووەتە یەکەم ئامانج و دوا ئامانجی و چی توانای ماددی و مەعنەویی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە دوورە دەستە بەگەڕ دەخات، ئەوەتا کاتێك، یەکێك لە خوازبێنی کەرانی لە دەست دەچێ، هەناسە ساردی و بێ ئومێدی دای دەگرێ و خۆی بەدار تووە پیرەکەی حەوشەیان دەچوێنێ. لەوەش زیاتر ئەوپەڕی بێ دەسەڵاتی و بێ



PDF4Kurd

ئیرادەیی خۆی دەنوێنێ، سەردەکەوێتە سەربان بۆ روو لە ئاسمان کردن، نەك هەر ئەمە بەڵکو هەست بە ماسۆشیزم دەکات و چێژ لە ئازاردانی خۆیدا دەبینێتەوە، بۆیە دەکەوێتە ئازاردانی جەستەی خۆی، بەوەی خۆی دەکوتێ بە زەوییە گەرمەکەی بەر قرچەی خۆری مانگی ئابداو هەست بە سووتانی جەستەی دەکات، بێگومان ئەمە جەستە تێکشکاندن و لەناودانە، چونکە تەنیا شتێك لێرەدا پێی بوێری جەستەیەتی، وەك ئەم لە پایەی ئەوی کەم کردبێتەوە، ئەگەر چی رۆڵی جەستە هەندێك جار بە ناچاری وەکو سەرمایەیەك دەخرێتە کار، بۆ نموونە: ئافرەتی سەماکەر بۆ بژێوی خۆی جەستەی بەکەردەخا، یاخود سۆزانییەك کاری لەش فرۆشی دەکا. یا جەستە وەکو ئامرازێك بۆ جێگیرکردن و بلاوکردنەوەی بیرو باوەڕ یا تۆڵەسەندنەوە بەکار دەبرێ، هەروەکو چۆن ئافرەتانی فەلەستینی لە پێناو ئامانجێکی بالاتر (کە خۆیان وێنای دەکەن) جەستەی خۆیان دەتەقێننەوە.

کەوابوو جەستە فەلسەفەو فانتازیایەك دەنوێنێ و رۆڵ و دەلالەتی ئەو بە پێی شوێنی چینایەتی و شوێنی جوگرافی کەسەکە دەگۆڕێت. لەپاش ئەم خۆ ئازاردانە جەستەییە فرمێسك دەزێتە چاوانی (نازانم ئەم فرمێسکە لە کاتی خۆیدا هات یان بارانی لەناکاوە چاوەکانی شوشتمەوە؟).

بێگومان بارانی لەناکاو نییە، فرمێسکە لە کاتی شیاوی خۆیدا هاتۆتە خوارێ. فرمێسك رشتنە بۆ دوارۆژی نەزانراوی، بۆ نامسۆگەریی پاشەرۆژی، بۆ داگیرکردنی ویست و ئارەزووەکانی، بۆ پووکانەوەو لە دەستدانی جوانییەکەی، بۆ نزیك بوونەوەی لە تەمەنی نائومێدی (سن اليأس)** بۆ بێبەری بوونی لە گروگاڵی پڕ مۆسیقاو لاوێنەری منداڵ و لێوی هەمیشە بە خەندەیان، کە



هەردەم نیشانەی بەردەوامیی ژیان و دوا رۆژی گەشن، بۆ بێبەری بوونییەتی لە خۆشەویستی و لوتکەی چێژی خۆشەویستی، کە سێکسە.
بەزەیی هاتنەوە بە خۆیدا، بەوەی دەزانێ چی لە کیس چووە و لە چ چاوەڕوانییەکی سیزیفییانەدا دەخولێتەوە، نۆڤالیس دەڵێ:
ئەو مرۆڤەی تامی ئەزموونی خۆشەویستی لە ژیانیدا نەکردبێ، شایانی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە، چونکە نازانێت چی لە کیس چووە.

ئەمە ئەوپەڕی بێ دەسەلاتییەتی بەرابەر بەو دیاردەیە، چونکە دەزانێ ئیتر ئەو پێوەرەی کۆمەڵ بۆی داناوە ئەگەر بەسەر بچێ ئەوا دواییەتی (ئاخ وا تەمەنم ٢٩ ساڵە کەسیش نەهات بمخوازێ). ئیتر سەری دونیای لێ دێتەوە یەك و کە (لەبەرامبەر ئاوێنەکە وەستا لە دڵی خۆیدا وتی: کەس نەماوە فەراشی نەخۆشخانەکە نەبێ) ئەمیش بەر ناکەوێ چونکە بۆ سبەینێ، کە هەواڵی دەپرسێ، پێی دەڵێن (ئیمڕۆ زاوایە، کچە لاوە فەراشەکەی خواستووە).

ئەم کیژە خوێندەوارە، لێرەدا خوێندەوار بە مانای رۆشنبیر نایەت، چونکە نە وەزیفەو نە بڕوانامە بە رۆشنبیربوونی خاوەنەکەی ناگەیەنن، هەر وەکو زۆر کەس وای بۆ دەچن. بەختیار عەلی دەڵێ: رۆشنبیر بوون (تێگەیشتنە لە فیکرو زانست و فەلسەفە، بە حوکمی ئەو سامانە فیکری و رۆشنبیری و زاراوەییەی ئەو کەسەی بەرهەمی دەهێنێ، رۆشنبیر بوونی دەگەیەنێ).

کیژی بێبەش لە خۆشەویستی، بێبەش لە هۆشیاری، کیژی چەوساوەی ژێر چەپۆکی دایك و باوك و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دیلی دەستی تابۆکان، تابۆی ئەو کارو رەفتارانەی (لەبەر هۆی وەهمی و عەقیدەیی — نەك لۆژێکی — قەدەغە دەکرێن)[١٠].

نەك هەر دیلە بەڵكو (كۆیلەی كۆیلەیە، كۆیلەی ژێر دەستی پیاوی كۆیلەیە، ژیانیشی هێند لەوە باشتر نابێ گەر ببێتە كۆیلەی دەستی پیاوی ئازاد)[١١]، چونكە ئەو هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی سێ ملكەچییەكەدا بووە:

(ملكەچی تەواو بۆ باوكی، پاش شووكردنیش بۆ مێردەكەی، دوای مردنی مێردەكەشی ملكەچی بۆ كوڕە گەورەكەی)[١٢]. ئەو لە كۆمەڵێكدا دەژی، كە (جەنگ پیاوێتی و ئاشتی ژنێتییە، هێز پیاوێتی و بێ هێزیش ژنێتییە، بەندیخانە بۆ پیاوانەو ماڵیش هەر بۆ ژنان)[١٣]. ئیدی دۆش دادەمێنێ، هیچ وەڵامێكی پێ نامێنێ و بە یەكجاری شكست دێنێ.

دووریش نییە لەم كاتی بێ دەنگییەدا لەسەری جەنجاڵیدا ئەو پرسیارانە بتەقێنەوە، كە پاڵەوانی رۆمانی (رۆژانێك لە گەڵیدا — ایام معه)ی (كولیت الخوری) دەیانكا و دەڵێ (بۆچی كیژی رۆژئاواو كیژی سوێدی داوا لە كوڕە لاو دەكەن شەوی لەگەڵدا لە ماڵ و لەسەر جێگا رۆژ بكاتەوە، كەچی خەڵكی ئێمە بە سروشتیی دەزانن؟ ئەی بۆچی لە ئەڵمانیا و ئەمریكا ئەوە گەلێ بە پێویست دەزانن، كە كیژێك برادەرێكی كوڕی هەبێت، ئەی بۆچی لە وڵاتەكەی مندا بە سووكایەتی دەزانن گەر كیژێك لەگەڵ پیاوێكی ناسیاودا، كە بە رێكەوت لە رێگەدا یەكتر ببینن پێكەوە بوەستن))[١٤] ئەو تا ئەم ساتەش ورتەی لە دەم نەهاتۆتە دەرو لە ناخی خۆیدا دەكوڵێ یەكێ لە یاسا زانستێكان دەڵێ:

پاڵە پەستۆی زۆر تەقینەوە دروست دەكات. ئەوەتا ئەمیش بە خۆی دەڵێ (بەسە ئیتر تاكەی لە قاوغی میسالییەتدا بمێنمەوە؟).



كەواتە ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسەری بوو كاری خۆی كرد، بۆیە توانای خولانەوە و وەستانی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا چك دەهێنێ و دەتەقێتەوە، بەڵام چ تەقینەوەیەك؟!

(بۆ سبەینێ دەم و چاوی خۆی بە ئارایشت رازاندەوە و پانتۆڵێكی جینزو كراسێكی نیو قۆڵی لەبەر كرد و پرچە رەشە تانوپۆكەی بەسەر شانیا پەخش كردەوە، لەبەردەم دایك و باوكیا تێ پەڕی، باوكی وتی: بۆ كوێ بەم جل و بەرگە ناشیاوەوە؟! ئاڤان وتی: بەرەو چارەنووسی خۆم دەچم، بوومەتە قەیرە كچێكی ٤٠ ساڵان، تا كەی دام دەبەستن)؟! كاتێ دەبینێ كات بەرەبەرە بەسەر دەچێ و لووشی دەدا و لەگەڵیشیدا (نرخی لە بازاڕی فرۆشتندا دێتە خوارێ)[١٥]، شۆڕشێك لە ناخی خۆیدا بەرپا دەكات، پێوەندییە كۆمەڵایەتییە دواكەوتووەكان ژێر پێ دەخات، هەوڵی سەرنگوون كردنیان دەدات، تا ئێرە پەڵەی سەلبیەت بە هەڵگەڕانەكەیەوە دیار نادات، چاوەڕوانی كارێكی چاوەڕوان نەكراوی لێ دەكرێت. توێشووی سەفەری سەختی داوە بە شانا و ملی رێگای هات و نەهاتی گرتۆتە بەر، بەرەو كوێ؟ ئەوێك بتوانێ قسە تەنیا لەگەڵ فەراشە پیاوەكەدا بكات، ئەوێك لە كار و هەڵوێستی نابەجێشی هەر پابەندی دایك و بابی بێت، ئەوێك كاتێ خوازبێنی كەرێكی لە دەست دەدات، پەنا بۆ پاڕانەوە و خۆ ئازاردان دەبات... دەبێ وشترمەل(نعامە) ئاسا لە شاردنەوەی سەری زیاتر بۆ نەبینینی هەموو جەستەی چی لە دەست بێت؟!.

(چوو لەسەر شۆستەی شەقامەكە وەستا، كابرایەكی تەمەن ناوەندی پۆشتە ترومبێلە تازە مۆدێلەكەی بۆ وەستاند، پێی وت: فەرموو ئاڤان. (ئاڤانیش) خێرا خۆی فڕێدایە ناو ترومبێلەكەوە...).

ئاڤان وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە دایك و بابی، لە كۆمەڵ، لە داب نەریتی باوی بۆرژوازی، خۆی بەرەو ئەو هەڵدێرە دەبات، هەڵدێری پڕ لە كارەساتی لەشفرۆشی، سێكس و بەرەڵایی و خنكاندنی خۆشەویستی لە دڵی مرۆڤدا. ژووری نووستن ناكاتە مەیدانی جەنگی تۆڵە سەندنەوە، بەڵكو شەقام هەڵدەبژێرێ. خۆ دانە دەستی یەكەم كەس، كە بە ئۆتۆمبێلەكەی بۆی دەوەستێ، بەڵام وا دیارە كەسێكی ئاسایی نا، بەڵكو كەسێكی خاوەن ئۆتۆمبێل و گیرفانی گەرم، كە بەوەی بەناوی خۆیەوە گازی دەكا، لەوە دەچێ، یەكێ لە داخوازیكەرانی پێشووی بێت، نەك خۆشەویستی.

ئەمە دووبارە كردنەوەی هەمان هەڵەی ئەو كچەی یەكێ لە چیرۆكەكانی (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی)یە، كاتێ لە گەرمەی بەزم و رەزمدا باوكی دێتە بیر، هەر بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە بە كوڕە دەڵێت (هەستە باوكم بانگ كە، بابەم جۆرە بمانبینێ و دڵی بوەستێ).[16] ئایا ئەمەیە چارەسەری قەیرە كچی یا قەیرە كوڕی؟ ئایا هەموویان ئەم چارەنووسە رەشە چاوەڕێیانە؟ ئایا لێرەدا ئاڤان مەبەستی تۆڵەسەندنەوەیە لە بابی و لە هەموو داب و نەریتێكی باو و ناقۆڵاو نەشیاوی ناو كۆمەڵ، یاخود شەپۆلی توندی ئاڵۆشەو تەوژمی بۆ هێناوە؟ نازانم نووسەری بەڕێز بۆچی ئەم رێگایەی بۆ پاڵەوانەكەی هەڵبژاردوە! رەنگە بڵێ ئەمە رووداوێكی راستەقینەیە و وەكو خۆی تۆمارم كردووەو نووسیومەتەوە، بەڵام داخوا رۆڵی چیرۆك تەنیا گێڕانەوەی واقعی ژیانە، یا گۆڕین و دینامیكیەت دانە بە ژیان؟ تەنانەت لێرەدا رۆڵی بەیان كەری دڵشكاوی و نائومێدیش نییە لەو وەزعە، چونكە ئەوە دەكرێ ببێ بە هاندەر بۆ ژیانێكی باڵاترو بە سۆراخی مرۆڤانی گەشە كردووترەوە بچێ و كاریان تێ بكا. خۆزگە نووسەر شانۆگەری



(بیت الاحزان — ماڵی پڕ لە كەسەر)ی دەدی، كە لە بەغدای پایتەخت نمایش كرا، تەوەری سەرەكی ئەم شانۆگەرییە باس لە ماڵوێرانی و خۆخواردنەوەو چاوەڕوانیی بێ ئەنجام و نەهامەتی جەنگ دەكات، كە چ ئاستەنگێكی گەورەیە لەبەردەم شووكردندا... یا فلیمی كچە میر (الامیرة)، كە باس لە كچە میرێكی سعوودی دەكات، بۆ خوێندن دەچێ بۆ بەریتانیا و لەوێ تیری ئەوینی كوڕێك دەپێكێت، كاتێ كەس و كاری كچە میر پێ دەزانن، بە هەرشێوەو فرت و فێڵێك دەبێ كچەو كوڕە دەهێنن بۆ سعودیە، لەوێ دەیانگرن و لە مەراسیمێكی ئاشكرادا لە ملیان دەدەن، كە ئەمە لە كاتی خۆیدا، لە كۆتایی ساڵانی حەفتاكاندا پێوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتەی بۆ پێنج ساڵی خشت تێكدا. تاوانی هەرە گەورەی ئەو دوو دڵدارە بە ئاكام نەگەیشتووە تەنیا خۆشەویستی بوو. نووسەری فیلمەكە هێند بە شارەزایی و لێهاتوویی رووداوەكان بەرجەستە دەكا و تراژیدیاكە قووڵ دەكاتەوە، بەوە گەورەترین رەخنە ئاراستەی ئەو بەرەو پاشچوونە دەكات، كە لە مێژە لە گیانەڵادایە، رۆژی مردنی هاتووەو هەمیشە بۆن و بەرامەی تاوانی گەورەی لێ دێت. (بەڵام پاسەوانە هەمەرەنگەكانی جیهانی رزیوی كۆن بە هەموو جۆرێك پەیتا پەیتا گیانی دەكەنەوە بە بەرداو ناهێڵن گیان بدا)[17].

ئەو بەرەو پاش چوونە زەبەلاحەی توانای بەرەو پاش بردنی هێند بە هێزە دەتوانێت چەندین ساڵ كۆمەڵ بەرەو دوا بگەڕێنێتەوە، وەلێ توانای تەنها چركەیەك بەرەو پێشبردنی نییە، خاوەن بڕیاری ئەوەیە لە كاتێكدا كیژ بەیەكەوە گیران، ئەوا لە زۆر حاڵەتدا كوڕە لە سەرزەنشت زیاتر، لە گوڵ كاڵتری پێ ناوترێ، بەڵام كچە دنیایەكی رەشتری دیی، دنیای گیان لە دەستدان لە ئامێزی



PDF4Kurd

دەگرێت... بێگومان دەرمانی کاریگەر و یەکجاری کێشەی گەورەی قەیرەیی بە لابردنی ئاستەنگەکانی شووکردن یا ژن هێنان و بە نەهێشتن و لە ناودانی هۆیەکانی دروست بوونی قەیرەیی چارەسەر دەکرێ، چارەسەری یەکجاری کێشەی ئەو بە ئاکام نەگەیشتووانەی بە سوێوە قژی ژاکاوی تەمەنی رەشیان بە سپێتی دەهۆننەوە و لە ئەنجامی چاوەڕوانی و بێ ئومێدییەکی تاڵدا، هەموو کارێکی بە پیت بە نەزۆك دەزانن...

٢٠٠٢ عوزێم

**پەراوێزەکان:**

* وتەیەکی شارڵ فۆرێیە (١٧٧٢ — ١٨٣٧ز).

١- هاوکاری ژمارە ٣٦٤٤ی ٢٠٠٢/١/١٤.

٢- غابرییل غارسیا مارکیز — ت: د. سامي الجندي و انعام الجندي — مائة عام من العزلة، دار الكلمة للنشر، — بيروت — ط ٧- ١٩٨٨ ص١٣ .

٣- چیخۆڤ — شانۆگەری سێ خوشك — و: جەلال تەقی — سلێمانی ١٩٩١ .

٤- لۆرکا — سێ تراژیدی — و: عەزیز گەردی — بەغدا ١٩٨٤، بڕوانە شانۆگەری (ماڵی بەرناردا ئەلبا).

٥- گۆڤاری بەیان — ژمارە ١٩٨٠/٦٧، بڕوانە چیرۆکی ((توانەوە)).

٦- ئەحلام مەنسوور — پرد — کۆمەڵە چیرۆك — بەغدا ١٩٨١، بڕوانە چیرۆکی (گۆشەیەکی ژیانی رەعنا).



٧- شێرزاد حەسەن — تەنیایی — کۆمەڵە چیرۆك — بەغدا ١٩٨٣، بڕوانە چیرۆکی (خوشکەکان).

٨- سێ نووسەر — پرسیارە نەزۆکەکان — کۆمەڵە چیرۆك — کەرکووك ٢٠٠٠، بڕوانە چیرۆکی (دوو ئەندێشە و یەك ئەنجام).

٩- ئاوێزە — کۆمەڵە بەرهەم — کەرکووك ٢٠٠١، بڕوانە چیرۆکی ((تەمەن گەورە)).

** لەم تەمەنەدا ئافرەت ئیتر بۆ یەکجاری لە منداڵبوون دەوەستێت.

١٠- محمد أمین عبداللە — شاکەس لە رۆمانی کوردی — کوردستانی عێراقدا (نامەی ماجستێر)، ٢٠٠٠ ل؟.

١١- المرأة و الاشتراكية — ترجمة و تقديم: جورج طرابيشي — بيروت — ط٣، ١٩٧٩ ص ١٤.

١٢- المرأة الفيتنامية — ت: شادية الحلو — بيروت ١٩٧٥ ص١٣.

١٣- جورج طرابيشي — شرق و غرب، رجولة وانوثة — دار الطليعة — بيروت — ط٣ — ١٩٨٢ ص٦.

١٤- د. نعيم اليافي — اطياف الوجه الواحد — منشورات اتحاد كتاب العرب — دمشق ١٩٩٧ ص ٢٦٤.

١٥- هەڤاڵ کوێستانی — ئافرەت و ژانی لەدایك بوونێکی نوێ — چاپخانەی راپەڕین — سلێمانی ١٩٧٩ ل٤٤.

١٦- احمد سید علي برزنجي — دەستە و یەخە — کۆمەڵە چیرۆك — سلێمانی ١٩٧٧.

١٧- لە تێبینییەکانی مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم)ەوە وەرگیراوە.



PDF4Kurd

## گەشتێك بە كۆمارە یۆتۆپییەكەی لەتیف هەڵمەتدا

**بە داخەوە هێندەی چیرۆك دەخوێنمەوە، هێندە بەدواداچوونم بۆ شیعر نییە. چونكە بەڕاستی شیعری ئەمڕۆ مۆمی چەشەی ئەدەبیت دەكوژێنێتەوە. كاتت دەباو، كە بە خۆتدا دەچیتەوە، دەبینیت لە جێی خۆتدای و بە درێژایی ئەو كاتە گوێدێری گوتارێكی نەزۆك و بێ ناوەڕۆك بوویتە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوەیە، كە شیعرەكە حسییەو خاڵییە لە مەعریفەو فكرو وێنەی شیعریی. نكوڵی لەوە ناكرێت شاعیری بە سەلیقەو بە توانامان هەن و دەكرێ بە شانازییەوە شیعرەكانیان بۆ زمانانی دی وەربگێڕرێن و ببنە ناسنامەی نەتەوەیەك، كە هەمیشە شوێنگازی دەمی قامچی چەوسانەوە بە جەستەیەوە دیارە. ئەو شاعیرانە دەتوانن زمانی خەڵكی بەشمەینەت بن و ئاهوناڵەیان بە میللەتانی دی بگەیەنن.**

ئەحلام مستەغانمی دەڵێت: (ئەگەر مرۆڤ ڕێكەوتی شتێكی جوان، هێجگار جوان بكات.. ئەوا ئارەزووی گریانی هەڵدەستێ)[1].

منیش هەر كاتێك، كە دیوانێكی شیعریی، یا كۆمەڵە شیعرێك بۆ خوێندنەوە دەگرمە دەست، حەز دەكەم ڕێزی لێ بگرم و حەقی خۆی بدەمێ.

زۆر جاران لەگەڵ گەرمیی هەناوی شیعرێكدا دەتوێمەوەو بەخۆدا دەچمەوە، هەست ناسكتر دەبمەوەو فرمێسكی خۆشی دەبارێنم و وا هەست دەكەم ئەو شیعرە باس لەمن و لە ئازارەكانم دەكات، باس لەو زیندووە بۆگەنانەی دەورووبەرمان دەكات، كە نەك هەر ئێمە بەڵكو تەنانەت مردووەكانیشیان



هەراسان كردووە. باس لە كارەسات و ماڵوێرانی شەڕێك دەكات، كە بەڕێوەیە. ئیدی كە ئەو شیعرانە دەخوێنیتەوە، هەست دەكەیت، فەرامۆش كردنت بۆ شیعر جۆرێكە لە چەوساندنەوە. چونكە شیعر دنیایەكی پڕ لە جوانكاری و پڕ لە ژان بۆ هاتنە دنیای نوێ دەدۆزێتەوە. بە گشتی شیعر ئەستێرەیەكی لە مەدار دەرچووی نەدۆزراوەیە. لەم دواییەدا بەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەتم بە دەستكەوت، لەپاش خوێندنەوەی گەیشتمە ئەو قەناعەتەی، كە بەڕاستی لەتیف زەوییەكی بەپیتی شیعرەو هەندەی پێویست بایەخی پێ نەدراوە، لە دەرەوەی گوتاری ڕەخنەییدا ماوەتەوەو ئەنجاش لە ئەفراندن بەردەوامە. ئاوازی چ گوتارێكی ئینسانی لەنێو دێڕی شیعرەكانییەوە دەبیستین، هەستی چ ئینسان دۆستییەك لە كانی شیعرەكانییەوە هەڵدەقوڵێ. دەیەوێت كۆمارێك بنیات بنێت بە دەست و پەنجەو خامەی شاعیر خۆی، بە دوور لە وێناكانی (كۆمار)ەكەی ئەفلاتوون و (المدینة الفاضلة)ی فارابی و (یۆتۆپیا)كەی تۆماس مۆر:

**یا جیاع العالم**

ادخلوا جمهوریتی

ئەو دەخوازێت شۆڕشێك بەرپا بكات تا ئەو دنیایەی بە شیعر وێنای دەكات و لە خەیاڵیدا بنیاتی ناوە بە واقیعی بكاتەوەو واقیعی پێچەوانەش، واتە واقیعی چەوسانەوە و دژایەتییەكان بگۆڕێت و سەر لەنوێ خشت بە خشت بە دەستی خۆی بنیاتی بنێتەوە:

**پشیلە كلیل بە دەستی موبەقی سیاسەتە**

قیر وەك بەفر سپییە / قیر دەوڵەمەندێكی كنۆژە

**بەفر وەكو محەمەد عەلی كلای رەشە**

**قالۆنچە دەرپێ دەکات**

ئەدۆنیس دەڵێ: (شیعر واقیع دەگۆڕێ، لەو ڕووەوە نا، کە بە شێوەیەکی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی دەیگۆڕێ، بەڵکو لەو ڕووەوە، کە تێی دەپەڕێنێ و وێنەیەکی تازە بۆ واقیعی تازەو باشترو دەوڵەمەندتر پێشکەش دەکات)[٢].

ئەو دەیەوێت نەك جیهان بگۆڕێت، بەڵکو سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتیش بنووسێتەوە، ئەو مێژووەش کە نووسراوەتەوە، جگە لە مێژووی پاڵەوانێتی ئیمپراتۆرو میرو پاشا و سەرۆکەکان زیاتر چی دی نییە:

**مێژوو پشیلەیە**

**لە مووبەقی پاشاکاندا نان دەخواو**

**لە کۆشی کەنیزەکەکانیاندا**

**بالق دەبێ**

**ئەی خەم خەونەکانم مەدڕە**

**دوایی لای شادی**

**شکاتت لێ دەکەم...**

لەتیفی شاعیر هەند سەرکێش و یاخییە، هەمیشە لە ململانێی نێوان (من و خۆم و خۆم و من) دایە و بەردەوام جەستەی شیعرەکانی شەلاڵی خوێنن و چۆڕاوگەی خوێنیان بەستووە، ئینجە مەمەندێکی بێ شوێن و وڵاتن، سنوورەکان تەی دەکەن و لەکوێ چەوسانەوە هەبێ ئەوان لەوێن، بەدووی (عەبدی خان و عەلی سەفا بەگ و... خانەکان)دا وێڵن و گوندو ناوچەو وڵاتەکان لە دەست دەردێنن و ئاسەواریان دەبڕنەوە، کۆمۆنارێکی پاریسین و



پەرچەمی دروشمی (نابێ کەس هەژار بێ) یان بۆ دیلانی برسێتیی دنیا بەرز کردۆتەوە. سەرەنجام شاعیر دەیەوێ (رابعة العدوية) ئاسا، گڕ لە بەهەشت بەرداو ئاو بە دۆزەخدا بکات.

**شاعیر هێند سەرقاڵ و پڕ ئیشە، تەنانەت حەزە تاکەکەسی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی فەرامۆش و پشتگوێ خستووە، تا ئەو رادەیەی بواری ژوان و ڕامووسانی دلبەرەکەشی نییە:**

**هەموو کاتەکانی گەردوون**

**بەشی دوو عاشق ناکات**

**تەمەن چەند کورتە**

**ماچێکی تیادا دروست ناکرێ**

ئەو بە دوور لەو ئازادییەی کە هەیە، خوازیاری ئازادییەکی واقعییە، ئازادییەك شایان بە ئینسانەکان، بێ چەوسانەوەو دوور لە جیاوازی کردن و ململانێی چینایەتی، ئەو نایەوێ ئازادی لە مەترسیدا بێت (دیواری نێوان کۆیلەیەتی و ئازادی لە پەردەی کچێنی تەنکتر) بێت. هەر بۆیە داوا دەکات منداڵان لە دایك نەبن، چونکە تاکو ئێستا مەلۆتکەی قومات کراوی ناو بێشکە لە بری ژن وە یا لە بری خوێن مارە دەکرێن و چارەنووسیان دەدرێت بە ئاوداو ئاگری شەڕو دوژمنداریی خێڵەکییان پێ دەکوژێنرێتەوە و هەوەس و ئارەزووی پیاوانیان پێ دادەمرکێننەوە. یا لە سۆنگەی دەستەنگی دایك و باپیانەوە ناچار دەبن هەر لە منداڵییەوە ئەندامی ساواو نەخەملیویان بخەنە ژێر باری قورس و تاقەت پڕووکێنی کارەوەو ناچار بن دەرسەکانیان بە نیوە چڵی جێبهێڵن و لەوانەشە هەرگیز نەتوانن بگەڕێنەوە سەری. یا هەر لە بناغەدا

زۆریان لەگەڵ دەرس و قوتابخانە نامۆ دەبن و تەلەفزیۆن و سینەماو وەرزش و یاری بۆ ئەم بێدەرەتانانە وەك ئارەزوو و خەون و خەیاڵ وایەو هەمیشە حەزو ئارەزووەکانیان وەکو ئاواتی دوورە دەست ئاسا، لە ناخیاندا نوقوم دەبێ و پێناگەن:

**لەدایك مەبن..**

**با راپێچی شەڕی براکوژی نەکرێن..؟**

**لێرە لەگەڵ لەدایکبووندا**

**زەمانی منداڵ دەردەهێنرێ و**

**زەمانی پێڵاوێك دەئاخنرێتە جێگاکەی**

**بۆ ئەوەی مناڵان**

**گۆرانی عەشق نەڵێن**

**لێرە لەگەڵ لەدایك بووندا**

**مامان دڵی منداڵ تووڕ دەدات و**

**مشتێ باروت**

لە سنگی دا دەچێنێ..!

منداڵان لەگەڵ ساتەوەختی لەدایك بوونیاندا رووبەرووی دۆزەخێك دەبنەوە، کە بە درێژایی تەمەنیان لەگەڵیاندا دەژێت و رۆژانە هەڵمی کارەساتێك هەڵدەمژن:

**نازانم بۆنی دووکەڵی دێیەکی سووتاوە دێ**

**یا دڵی دایکی شەهیدێك**



لەتیف بڕوای تەواوی بەوە هەیە، کە ناتوانێت بە نەسیحەت و ئامۆژگاری دنیاو سیاسەت بگۆڕێت، چونکە ئەو باش دەزانێت (بە نەسیحەت بوایە دەبوایە لە کوردستاندا کورد فیشەکێکی بە مێشوولەیەکی ناو ولاتەکەی خۆیەوە نەنایە)[٣].

لەتیف بە ئاگایەو (خۆی لە قەفەزی ئاسنینی شیعری تەنگەبەردا دیل ناکات، چونکە مەودای فڕینی مەلی بیرو هۆشی ئاسمانی بەرینی هەموو جیهانە)[٤].

ناکرێ بە ئاسانی لە لەتیف و شیعرەکانی بگەیت، ئەو پەیامبەرە، جارێك بوزایەو جارێك دەبێتە مەسیح و جارێکی دی نەتەوەپەرستە و جارێکیش کۆمۆنیست. ئەمە وەکو ئایدۆلۆژیا. وەکو رێبازی ئەدەبیش سەر بە هیچ قوتابخانەو رێبازێکی دیاریکراو نییە، ئەو جارێك حافزی شیرازییە و جارێکیش جۆرج ئۆروێل و جارێکی دیش کازانزاکی و باشلارە.

ئەوەتا لە شیعری (تەبایی و ململانێی نێوان هاوولاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت)دا، ئەم یاری کردنە بە رێبازە ئەدەبییەکان خۆی لە خۆیدا رێبازێکی نوێیە و نەمبینیوە پێشتر یەکی دی ئەمەی پەیڕەو کردبێت.

لێ لە بارەی بەکارهێنانی مەزهەب لەگەڵ مارکسیزم و پاشان تێکەڵاوکردن و گونجاندنیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا، رۆیشتن لەمپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ و بە پێچەوانەوە، خۆی لەخۆیدا جۆریکە لە تێکەولێکەی فیکری و بزربی وتاری زانستی، ئەو لە یەك کاتدا سۆشیالیست و سەرمایەدار، عەلمانی و دینی، دیموکرات و ستەمکەر، ناسیۆنالیست و چینایەتی)یە[٥] ئەمەش دەکاتە لوتکەی بێ شوناسی و بێ پرۆگرامی لە کاری رۆشنبیری و فکرو سیاسەت و کۆمەلایەتی

و... هتد دا. له كاتێكدا ئەو مەبەستێتی وەكو هیومانستێك خۆی دەربخات و ئاوی ژیانی هیومانیزم بە قورگی شیعرەكانیدا بكات و هەرگیز وەكو سیاسییەك یا راستتر وەكو ئایدیۆلۆژیستێك بەرچاو نەكەوێ. ئێمە لەوە بووینەتەوە، كە ئەدەبی بێ ئایدۆلۆژیا و بێلایەن نییەو و تەنانەت (هونەر بۆ هونەر)یش بەرهەمی بێزاری و بێ ئومێدی نووسەرە، لە ئەنجامی نامۆیی و هەست كردنی بە بەكالاّ بوونی مرۆڤ، لە قۆناغی سەرمایەداریدا:

**ئەمە وڵاتی ئەو شاعیرانەیە**

**كە تاجی زێڕینی شیعر**

**دەبەخشن بە هەر حزبێك**

**كورسییەكی شلۆقیان**

**لە سووچێكی پەرلەماندا**

**بۆ داگیر دەكات[٦].**

لەم هۆنراوە درێژەدا (تەبایی و ململانێی نێوان هاووڵاتییە ئەلەكترۆنییەكانی كۆماری لەتیف هەڵمەت)، لەتیف پرسی بابەتە هەنووكەییەكانی یەك بەیەك بەسەر كردووەتەوە، وەكو (شەڕی ناوخۆیی، مافی ئافرەت، مافی منداڵان، ئەنفال، كەركووك و...)، بۆیە ئەم هۆنراوە درێژە (٧٨) لاپەڕەییە، بەقەد درێژیی خۆی و چەند قاتی دییش هەڵدەگرێ لەسەری بنووسرێ و شی بكرێتەوە و بابەت و گوتاری نوێی تێدا ببینرێتەوە.



**پەراوێزەكان:**

١- ئەحلام مستەغانمی، بیری لەش، و: ساڵح محەمەد ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣ ل٥٥ .

٢- گۆڤاری شیعرستان، ژ (٥)ی ساڵی ٢٠٠٠ ل٧١ .

٣- كتاب كردستان، مەریوان وریا قانع، مۆدیلەكانی رۆشنبیری، ژمارە دوو، تاران ٢٠٠٣ ل٢٠٤.

٤- دەستكاری وتەیەكی حەمە سەعید حەسەنە، بڕوانە: گۆرانییە باڵنەكراوەكان. ستۆكهۆڵم ١٩٩٤ ل٦٠ .

٥- مەریوان وریا قانیع، شوناس و ئاڵۆزی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٤ل١٧٤.

٦- شیعرەكان لە دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپخانەی راز، سلێمانی ٢٠٠٠ ل ١-٧٨، وەرگیراون.



PDF4Kurd

## سەباح ئیسماعیل محەمەد

- لەدایکبووی ١٩٦١ ی کەرکووکە .
- سالأنی ١٩٨٤- ١٩٨٥ کۆلێژی ئەندازەی لە بەغدا تەواو کردووە .
- لە هەشتاکانەوە دەنووسێت .
- ئێستاکێ بەرێوەبەری نووسینە لەرۆژنامەی باسەرە .
- ئەم کتێبانەی بە چاپ گەیاندوون :
- ئاوێزە/ ٢ (کۆبەرهەم ) بە هاوبەوشی لەگەڵ حەمە سەعید زەنگنە ٢٠٠٣.
- دیالۆگ ( چاوپێکەوتنی ئەدەبی ) ٢٠٠٥ .
- ناعەقلأنییەت لەگوتاری جەبهەی تورکمانیدا ، نووسینی : د . جەبار قادر ( وەرگێڕان) ٢٠٠٥ .
- هیزە وریابن ( کۆچیرۆك ) نووسینی : عەزیز نەسین ( وەرگێڕان ) ٢٠٠٥
- وێڕای چەند کتێبێکی دیی ئامادەن بۆ چاپ .



## پێڕست


* لەبری پێشەکی ........ ٥
* چەمکی شوێن و جوانکارییەکانی لای یاسین النصیر ........ ٧
* چەمك و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا ........ ١٥
* فانتازیای پێشبینی لە چیرۆکی "هاوار"ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا ........ ٧٣
* خەمی نەتەوەیەك بە کۆڵی چیرۆکێکەوە ........ ٨٩
* هەڵوەستەیەك لە بەردەرکەی "ژووری ناوەڕاست"دا ........ ٩٧
* پێشەکییەکی کورت بۆ پرۆژەیەکی گەورە ........ ١٠٣
* خوێندنەوەیەك بۆ چیرۆکی ترپەی پێی شەو ........ ١١٧
* قەیرەکچیی یا چاوەڕوانییەکی سیزیفییانە! ........ ١٢٣
* گەشتێك بەکۆمارە یۆتۆپییەکەی لەتیف هەڵمەتدا ........ ١٣٥




PDF4Kurd

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون، جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت.**

| | | |
|---|---|---|
| ١– چیرۆکستان | دەق و رەخنە | حەمە کەریم عارف |
| ٢– كركوك والتطهير العرقي | دیکۆمێنت | و: رەعد بابان |
| ٣– مانیفێستەکانی پووچی | هۆزان | مەهدی زریان |
| ٤– شیعری هەڵبژاردە بۆ منداڵ و گەورە | هۆزان | لەتیف هەڵمەت |
| ٥– بەرەو شێت بوون | هۆزان | عومەر سەیدە |
| ٦– دڵۆپە | هۆزان | یوسف لەتیف |
| ٧– ماچ | کۆمەڵە دەق | بەکر دەروێش |
| ٨– چاوبڕکێی سەر زورگەکان | چیرۆك | حەمە سەعید زەنگنە |
| ٩– داوەتی کۆچەریان | چیرۆك | حەمە کەریم عارف |
| ١٠– ناسنامەی دەق | رەخنە و لێکۆڵینەوە | د. فوئاد رەشید |
| ١١– شرۆڤەیەك لە بازنەدا | گوتارو رەخنە | سەردار جاف |
| ١٢– – تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا | لێکۆڵینەوە | د. شوکریە رەسوڵ |
| ١٣– گەڕانەوە بۆ حەیفا | چیرۆکی وەرگێڕراو | و: ئەحمەد عارف |
| ١٤– سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی | لێکۆڵینەوە | د. ئازاد عەبدولواحێد کەریم |
| ١٥– لە هەردەکانی کوردستانەوە بەرەو بیابانی عەرەب | رۆمان | جەلیل محەمەد شەریف |
| ١٦– بانیژەی خەمەکانی شارەکەم | هۆزان | بورهان بەرزنجی |
| ١٧– عەورەتی گەلا | هۆزان | سیروان ناشاد |
| ١٨– هونەری رۆژنامەنووسی لە گۆڤاری نزاردا | لێکۆڵینەوە | شوان خورشید |
| ١٩– ژوانی عەشقداری | شانۆگەری | وریا شەهاب |
| ٢٠– ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم | هۆزان | بورهان ئەحمەد |
| ٢١– ئێوارەیەك نایەمەوە | هۆزان | لەتیف فاتیح فەرەج |
| 2٢– سیفری ئاگر | هۆزان | کەریم دەشتی |
| 23– لە روانگەی زماننـاسییەوە | لێکۆڵینەوە | و: د. ئازاد ئەمین باخەوان |
| ٢٤– گورگ | چیرۆکی وەرگێڕراو | و: عەلی بەرزنجی<br>خالید مەجید فەتحوڵڵا |